تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5926) چوارشەممە 5ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاسای چاکسازی واژوو کرد

نێچیرڤان بارزانی: یاساکە هەنگاوێکی دیکەی چاکسازییە لە بواری کارگێڕی و داراییدا

لە هەنگاوەکانی دیکەی چاکسازی لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی گەلی کوردستان بەردەوام دەبین



دوێنێ سێشەممە 2020/2/4 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە "ئەمڕۆ یاسای چاکسازی لە مووچە، دەرمانّە، بەخشین، ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە 2ی ساڵی 2020م واژوو کرد کە ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەی کردووە و ناردوویەتییە پەرلەمانی کوردستان و ڕۆژی 2020/1/16 پەرلەمان پەسەندی کردبوو". لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە ئەم یاسایە مایەی سەرنج و تێڕوانینی چین و توێژە جیاکانی کۆمەڵگە بووە، بۆیە لەو ڕۆژەوە بە فەرمی گەیشتووەتە سەرۆکایەتیی هەرێم، شارەزایان و پسپۆڕان لە سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران، زۆر بەوردی تاوتوێیان کرد و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی یاساکە بە شێوەیەکی بابەتییانە بە وردی خرانەڕوو.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە لەلاپەرە سێ بخوێنەوە

فازڵ میرانی: لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی هاوپەیمان و دۆستی سیاسی ئەمڕۆ و دوێنێین



2

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەک لەسەر پرۆژەی شەقامی 100 مەتریی سلێمانی بڵاودەکاتەوە

لە ماوەیەکی نزیکدا دەست بە جێبەجێ کردنی پرۆژەی سەد مەتریی سلێمانی دەکرێت

حکوومەتی هەرێم خزمەتگوزارییەکانی بەبێ جیاوازی دەگەیەنێتە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان



4

دوێنێ سێشەممە 2020/2/4 نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لە بارەی پرۆژەی شەقامی 100مەتریی سلێمانی بڵاوکردەوە. لە بەشێکی ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە "لەم ماوەیەدا زۆر کەس و لایەن زۆر بە ناشارەزایی و بە بێ زانیاریی، لە چوارچێوەی موزایەدەکردن، بابەتی پرۆژەی شەقامی سەد مەتریی سلێمانییان خستووەتە بەر باس و گفتوگۆ و بەداخەوەش تا ڕادەیەکی زۆر ئامانجێکی چەواشەکارانە لە پشت ئەم هەوڵانە هەیە". نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەش داوە "داواکاریی سەرەکیی هاوواڵاتیانی کوردستان هەمیشە چاکسازی و شەفافیەت بووە، بۆیە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ هەموو گرێبەستەکان دەکرێت لە هەر شوێنێکی هەرێمی کوردستان بن تاکو سامانی نیشتیمان لە بەرژەوەندیی هیچ کەس و لایەنێک بە هەدەر نەدرێت. حکوومەتی هەرێم خزمەتگوزارییەکانی بەبێ جیاوازی دەگەیەنێتە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان".

دەقی ڕوونکردنەوەکە لەلاپەرە دوو بخوێنەوە



6

پەرلەمانی کوردستان کێشە و گرفتەکانی دابەشکردنی غاز تاوتوێ دەکات



بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو:

توانای گڵدانەوەی نزیکەی 10 ملیار مەتر سێجا ئاومان هەیە

7

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەک لەسەر پرۆژەی شەقامی 100 مەتریی سلێمانی بڵاودەکاتەوە

لە ماوەیەکی نزیکدا دەست بە جێبەجێ کردنی پرۆژەی سەد مەتریی سلێمانی دەکرێت

فازڵ میرانی: لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی هاوپەیمان و دۆستی سیاسی ئەمڕۆ و دوێنێین



بەمەبەستی پەیوەندیی و پەیوەندییەکان، سەردانی باسی لێوەکرا، پاشان فازل سیاسییەکانەوە بەدەستهاتوون.

هەماهەنگی زیاتری نێوان هەردوولا، شاندێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان، سەردانی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەولێر کرد. ئێوارەی دوێنێ سێ شەمە شاندێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان کەپێکهاتبوون لە فازل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی و زەعیم عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی دیسکی پارتە ئیسلامییەکان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و بەرپرسی پەیوەندییەکانەوە بەدەستهاتوون.

لەبەرامبەردا بزووتنەوەی ئیسلامی هەماهەنگی و پالپشتییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان پرپایەخ وەسف کردو تەئکیدیان کردەوە هەمیشە هەنگاوەکانمان هاوهەڵوێستن لەگەڵ پارتی بۆ سەرخستنی پرسە نەتەوەییەکان و پاراستنی ئەم ئەزموونە، هاوکات خزمەت کردنی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و پالپشتی کردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر خزمەت کردنی خەڵک، ئەرک و بەرپرسیارەتی هەموولایەکیش بۆ داکۆکی کردن و سەرکەوتن بەسەر ئەم قۆناغە هەستیارە کرایەوە.

باسی لێوەکرا، پاشان فازل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەپەیوەندییەکانی نێوان پارتی و بزووتنەوەی ئیسلامی کردو تەئکیدی کردەوە لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی هاوپەیمان و دۆستی سیاسی ئەمڕۆ و دوێنێین و هەنگاوەکان بۆ ئایندەی ئەم پەیوەندیانە فراوانتر دەکەین بەهەماهەنگی زیاتر لەپێناو کارکردنی هاوبەش و سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی و بەدیهێنانی هەموو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان و پاراستنی ئەو دەستکەوتانە کە لەئاکامی یەکریزی نێوانمان و هێزو لایەنە سیاسییەکانەوە بەدەستهاتووە.

پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ هەموو گرێبەستەکان دەکرێت لە هەر شوێنێکی هەرێمی کوردستان بن

دوێنێ سێشەممە 2020/2/4 نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لە بارەی پرۆژەی شەقامی 100مەتریی سلێمانی بڵاوکردەوە. لە بەشێکی ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە "لەم ماوەیەدا زۆر کەس و لایەن زۆر بە ناشارەزایی و بە بێ زانیاریی، لە چوارچێوەی موزایەدەکردن، بابەتی پرۆژەی شەقامی سەد مەتریی سلێمانییان خستووەتە بەر باس و گفتوگۆ و بەداخەوەش تا ڕادەیەکی زۆر ئامانجێکی چەواشەکارانە لە پشت ئەم هەوڵانە هەیە". نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەش داوە "داواکاریی سەرەکیی هاوڵاتیانی کوردستان هەمیشە چاکسازی و شەفافیەت بووە، بۆیە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ هەموو گرێبەستەکان دەکرێت لە هەر شوێنێکی هەرێمی کوردستان بن تاکو سامانی نیشتیمان لە بەرژەوەندیی هیچ کەس و لایەنێک بە هەدەر نەدرێت. حکوومەتی هەرێم خزمەتگوزارییەکانی بەبێ جیاوازی دەگەیەنێتە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان". ئەمەش دەڵێ ڕوونکردنەوەیەک لە نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

لە بارەی پرۆژەی شەقامی 100 مەتریی سلێمانی

لەم ماوەیەدا زۆر کەس و لایەن زۆر بە ناشارەزایی و بە بێ زانیاریی، لە چوارچێوەی موزایەدەکردن، بابەتی پرۆژەی شەقامی سەد مەتریی سلێمانییان خستووەتە بەر باس و گفتوگۆ و بەداخەوەش تا ڕادەیەکی زۆر ئامانجێکی چەواشەکارانە لە پشت ئەم هەوڵانە هەیە.

هاوڵاتیانی خۆشەویستی کوردستان و بە تایبەتی شاری هەڵەمەت و قوربانی ئاگادار دەکەینەوە، کە حکوومەتی هەرێم بە ڕەچاوکردنی دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان تا ئێستا تەنیا ڕەزامەندیی لەسەر جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە داوە کە بە ڕێژەی زیاتر لە 75%"بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان" جێبەجێ کراون. بۆیە تا ئێستا حکوومەت نەپڕژاوەتە سەر ئەو پرۆژانەی کە ڕێژەی جێبەجێکردنیان لە ژێر ڕێژەی ئاماژەپێکراو دایە، بەڵام لە هەمانکاتدا لێژنەیەکی باڵا و پسپۆڕی حکوومەت سەرقاڵی پێداچوونەوە و ئامادەکاری کردنە بۆ دەستپێکردنی هەندێک پرۆژەی ستراتیژی کە پرۆژەی شەقامی سەد مەتریی سلێمانیش لەناو ئەو پرۆژانەیە.

داواکاریی سەرەکیی هاوڵاتیانی کوردستان هەمیشە چاکسازی و شەفافیەت بووە، بۆیە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ هەموو گرێبەستەکان دەکرێت لە هەر شوێنێکی هەرێمی کوردستان بن تاکو سامانی نیشتیمان لە بەرژەوەندیی هیچ کەس و لایەنێک بە هەدەر نەدرێت. حکوومەتی هەرێم خزمەتگوزارییەکانی بەبێ جیاوازی دەگەیەنێتە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، هاوڵاتیانمان لە سلێمانی شایەنی باشترین و شایستەترین خزمەتگوزارین و لە چەند مانگی ڕابردووشدا بڕیارمان لە سەر جێبەجێکردنی چەندین پرۆژە لە سنووری سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجە و ئێدارەی ڕاپەڕین داوە و لە ماوەیەکی نزیکیشدا دەست بە جێبەجێ کردنی پرۆژەی سەد مەتریی سلێمانی دەکرێت بە جۆرێک کە سامانی هاوڵاتیانی سلێمانی بە شێوەیەکی کارا و بەجێ بۆ خزمەتی خۆیان بخرێتە کار، لە پرۆسەی پێداچوونەوەی پرۆژەکانی سلێمانیش هەر گۆڕمەیەک بێنێتەوە هەر لەو سنوورە بۆ پرۆژەی دیکە خەرج دەکرێت.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/2/4

ئەیاد عەللاوی هۆکاری بەردەوامیی کێشەکانی عێراق ئاشکرا دەکات

سەرۆکی هاوپەیمانیی نیشتمانیی عێراقی هۆکاری بەردەوامیی کێشەکانی وڵاتەکەی ، ئاشکرا دەکات. ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی هاوپەیمانیی نیشتمانیی عێراقی لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (تویتەر)، داوای لە هێزە سیاسییەکان و خۆپیشاندەران کردووە ئاگاداری پیلانگێڕییەکان بن و هەوڵی وەستاندنیان بدەن.

ئەیاد عەللاوی پێی وایە "لایەنی ناوخۆیی و دەرەکی "هەن نایانەوێ کێشەکانی عێراق چارەسەر بکرێن و هەوڵی بەردەوامیدان بەو کێشانە دەدەن.

داوایەکی سوپای عێراق لەلایەن پێشمەرگەوە ڕەتدەکرێتەوە



بگەڕێنەوە بۆ بڕیارەکانی دوای ساڵی 2014 و ئەو ناوچانەی سوپای عێراقی لێ بووە بگەڕێتەوە ژێر دەستیان، بە وتەی ناوبراویش، پێشمەرگە ئەمەی قبوڵنەکردووە و داوا دەکەن ڕێککەوتنی پێش 2014 جێبەجێ بکرێت و بە هاوبەشی ئەو ناوچانە بەڕێوەبچێت.

میران بەکر ئاماژە بەوە دەکات، کە پێشتر چەندین ڕێککەوتن لە ساڵەکانی 2007 و 2009 و 2014 و تاوەکو پێش 2014هەبووە، کە بە هاوبەشی ئەو ناوچانە بەڕێوەبردراون، ئێستاش بۆشایەکی ئەمنی هەیە، هاوکات جەخت دەکاتەوە، کە هێزی پێشمەرگە داوای کردووە بەهاوبەشی ئەو ناوچانە بەڕێوەببەن، بەڵام ئەوان بەتەنها دەیانەوێت بەڕێوەی ببەن، بۆیە پێشمەرگە ئەمەی ڕەتکردۆتەوە.

سکرتێری ڕۆژنامەوانی وەزیری پێشمەرگە، باس لەوەشدەکات، کە بە هۆی ئەوەی لە گفتوگۆکە نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن و هیچ ئەنجامێکی نەبووە و ئەو لێژنەی هاتبووش پەیامی پێشمەرگە بۆ بەغدا دەگەڕێنێتەوە.

میران بەکر، سکرتێری ڕۆژنامەوانی وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، کۆبوونەوەیەکی لیژنە لاوەکییەکانی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عێراق لە قەڕەتەپە بەڕێوەچووە، پێشتریش لیژنەی هاوبەش هەبووە و داوا دەکەن دەستیان، ئەو لیژنەی سکرتێری ڕۆژنامەوانی وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بەرگری عێراق داوای لە وەزارەتی پێشمەرگە کردووە ئەو ناوچانەی سوپای عێراقی لێ بووە بگەڕێتەوە ژێر

دانمارک... چوار هاوڵاتی بە ڕەگەز ئێرانی تۆمەتی سیخوڕیکردنیان ئاراستە کرا

بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەواڵگری دانمارک، فین بۆرچ ئەندەرسن لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا دەستبەسەرکردنی سێ هاوڵاتی ئێرانی ڕاگەیاند کە لە ساڵانی نێوان 2012-2018 کاری سیخوڕییان بۆ سعودیە کردووە. بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەواڵگری دانمارک ئەوەشی دووپاتکردەوە کە ئەنجامدانی چالاکی سیخوڕی و گواستنەوەی کێشەی نێوان وڵاتانی بیانی بۆ دانمارک مایەی قبوڵکردن نییە و وڵاتی هۆڵندا ش پەیوەست بەو بابەتە چەند کەسێکی دست بەسەر کردووە. وەزیری دەرەوەی دانمارک، پێفە کۆفۆد لەبارەی ئەم پرسەوە ڕوونکردنەوەیەکی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوکردووەتەوە و تیایدا ئەوەی خستوەتەڕوو کە بانگێشتی وەزارەتی سعوودیە بانگێشتی دەرەوە کراوە و پێی ڕاگەیەندراوە کە لە خاکی دانمارکدا ئەنجامدانی کاری سیخوڕییان لێ قبوڵ ناکرێت. کۆفۆد لە ڕوونکردنەوەکەیدا ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە لەبارەی ئەم پرسەوە پەیوەندییان بە بەرپرسانی یەکێتی ئەوروپاوە کردووە و گوتی: دانمارک و هۆڵندا دژ بەم بابەتە دەوەستنەوە.

بزووتنەوەی جەنگی عەرەب بۆ ڕزگارکردنی ئەهواز لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی ئێراندایە بە هەوڵدان بۆ کوشتنی ڕابەری دانمارک تۆمەتبار دەکرێت. پێشتریش لە 28ی ئەیلوولی 2018دا و بەتۆمەتی "هەوڵدان بۆ کوشتنی چەند کەسێک" لە ئۆپەراسیۆنێکی دانمارک-دا دەستگیرکردنی کارمەندێکی هەواڵگری ئێرانی ڕاگەیەندرابوو. ئەمەش دوای ئەوە هات کە گرووپی خۆڕاگری نیشتمانی ئەهوازی سەربە بزووتنەوەی جەنگی عەرەب بۆ ڕزگارکردنی ئەهواز، بەرپرسیاریەتی خۆی لەو هێرشە ڕاگەیاند کە ڕۆژی 22ی ئەیلوول کرایە سەر نمایشێکی سەربازی لە شاری ئەهواز باشووری ڕۆژئاوای ئێران و بوو بە هۆی کوژرانی 25 کەس.

نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری دەداتە دەسەڵاتدارانی عێراق



نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری دا لە بەردەوامی هەڕەشەکردن لە خۆپیشاندەرانی عێراق و ڕایگەیاند، ئەگەر کاربەدەستانی عێراق ڕێگری نەکەن لە هەڕەشەکان، ئەوا قەیرانی ئێستای ئەو وڵاتە دڕێژەی دەبێت و ناتواندرێت چارەسەر بکرێت.

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق لە تویتێکدا بڵاویکردەوە کە پێویستە پارێزگاری بکرێت لە ئازادی ڕا دەربڕینی عێراقییەکان و نابێت ڕێگە بدرێت هەڕەشە لە خۆپیشاندەران بکرێت. لە تویتەکەدا، هۆشداری دراوە لە بەردەوامی هەڕەشەکردن لە خۆپیشاندەرانی عێراق و ئەوە خراوەتەڕوو ئەگەر کاربەدەستانی عێراق ڕێگری نەکەن لە هەڕەشەکان، ئەوا داواکاریەکانی خۆپیشاندەران جێبەجێ ناکرێت و قەیرانی ئێستای ئەو وڵاتەش دڕێژەی دەبێت و ناتواندرێت چارەسەر بکرێت.

ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی دووشەمە لە ژمارەیەک شاری عێراق، لایەنگرانی ڕەوتی سەدر کە بە "کڵاو شینەکان"ناسراون، هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران و لەمیانیدا ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەنێوان هەردوولادا ڕوویدا کە بەهۆیەوە یەک خۆپیشاندەر کوژراو و 21ی دیکەش بریندارببوون.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/2/5 ژمارە (5926)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاسای چاکسازی واژوو کرد

نێچیرڤان بارزانی: یاساکە هەنگاوێکی دیکەی چاکسازییە لە بواری کارگێڕی و داراییدا



دوێنێ سێشەممە 2020/2/4 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان راگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە "ئەمڕۆ یاسای چاکسازی لە مووچە، دەرمانّە، بەخشین، ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە 2ی ساڵی 2020م واژوو کرد کە ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەی کردووە و ناردوویەتییە پەرلەمانی کوردستان و رۆژی 2020/1/16 پەرلەمان پەسەندی کردبوو". لە راگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە ئەم یاسایە مایەی سەرنج و تێڕوانینی چین و توێژە جیاکانی کۆمەڵگە بووە، بۆیە لەو رۆژەوە بە فەرمی گەیشتووەتە سەرۆکایەتیی هەرێم، شارەزایان و پسپۆڕان لە سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران، زۆر بەوردی تاوتوێیان کرد و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی یاساکە بە شێوەیەکی بابەتییانە بە وردی خرانەڕوو. ئەمەش دەقی راگەیەندراوەکەیە:

ڕاگەیەندراوێک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە

ئەمڕۆ یاسای چاکسازی لە مووچە، دەرمانّە، بەخشین، ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە 2ی ساڵی 2020م واژۆ کرد کە ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەی کردووە و ناردوویەتییە پەرلەمانی کوردستان و ڕۆژی 2020/1/16 پەرلەمان پەسەندی کرد.

ئەم یاسایە مایەی سەرنج و تێڕوانینی چین و توێژە جیاکانی کۆمەڵگە بووە، بۆیە لەو ڕۆژەوە بە فەرمی گەیشتووەتە سەرۆکایەتیی هەرێم، شارەزایان و پسپۆڕان لە سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران، زۆر بەوردی تاوتوێیان کرد و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی یاساکە بە شێوەیەکی بابەتییانە بە وردی خرانە ڕوو.

هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە تێگەیشتنی تەواومان بۆ ئەو سەرنج و تێبینییانە هەیە بەتایبەتی لە بواری خانەنشینیدا ?جەختیش لەوە دەکەینەوە کە یاساکە هەنگاوێکی دیکەی چاکسازییە لە بواری کارگێڕی و داراییدا.

بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم دامەزراوە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستانیش، بەردەوام دەبین لە هەنگاوەکانی دیکەی چاکسازی لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی گەلی کوردستاندا.

لەم ڕوانگەیەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕادەسپێرین تا لە ماوەیەکی گونجاودا پرۆژەیاسای خانەنشینیی یەکگرتوو بۆ هەرێمی کوردستان ئامادە بکات و پێشکەش بە پەرلەمانی بکات، بە شێوەیەک بنەما و پێوەری هێنانەدی دادپەروەری تێدا بێت و مووچەخۆران دڵنیا بکاتەوە کە ئێستا و داهاتووش ماف و شایستەکانیان مسۆگەر و پارێزراو دەبن، هەروەها لە پەیڕەوی جێبەجێکردندا ڕەچاوی ئەو تێبینی و پێشنیارانە بکرێت کە دەربارەی یاساکە خراونەتە ڕوو، ئەو کەموکوڕییانەش کە لە جێبەجێکردنیدا دەردەکەون، دەکرێت بە هەموارکردنەوەی یاساکە و پەیڕەوی جێبەجێکردنی، چارەسەر بکرێن.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/2/4

عێراق.. گرژیی و ئاڵۆزی لەنێوان خۆپیشاندەران و لایەنگرانی ڕەوتی سەدر ڕوویدا

کلاو شینەکان لە شەقامەکانی نەجەف کشانەوە



خۆپیشاندانی خەڵکی عێراق بەردەوامە و گرژیی و ئاڵۆزی لەنێوان خۆپیشاندەران و لایەنگرانی ڕەوتی سەدر ڕوویدا و خۆپیشاندەرێکیش لە بەغدا کوژرا. دوێنێ سێشەممە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان، دژی ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەللاوی بەردەوام بوو و لە چەند شارێکیش گرژیی و ئاڵۆزی لەنێوان خۆپیشاندەران و لایەنگرانی ڕەوتی سەدر ڕوویدا و لە بەغداش خۆپیشاندەرێک بە چەقۆ کوژرا.

هەر دوێنێ پارێزگاری نەجەف، لوئەی یاسری ڕایگەیاند کە بە ڕێککەوتن لەگەڵ سەرکردەکانی ڕەوتی سەدر، لایەنگرانی سەدر کە بە "کلاو شینەکان" ناسراون لە شەقامەکانی نەجەف کشاونەتەوە. لوئەی یاسری لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، لایەنگرانی سەدر کە بە "کلاو شینەکان" ناسراون لە شەقامەکانی نەجەف کشاونەتەوە، ئەویش بەپێی ڕێککەوتنێک کە لەگەڵ سەرکردەکانی ڕەوتی سەدر کراوە.

پارێزگاری نەجەف، لوئەی یاسری ڕاشیگەیاندووە کە لەمەودوا "کلاو شینەکان" ئەرکیان تەنها پاڵپشتیکردن دەبێت بۆ پاراستنی ئاسایش، سامانی گشتی و تایبەت ئەوەش بە سەرپەرشتی هێزە ئەمنییەکان دەبێت. ناوبراو باسی لەوەش کردووە کە فەرماندەیی پۆلیسی نەجەف فەرمانی کردووە کە ڕێگە بە هیچ کەسێک نەدرێت ڕێگە و شەقامە گشتییەکان لە شارەکەدا دابخات. دوو ڕۆژ لەمەوبەر خۆپیشاندەرانی عێراق ئاستی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانیان دژبە ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت فراوانتر کرد کە لەمیانیدا ڕێگا سەرەکییەکان، قوتابخانە، زانکۆ و فەرمانگە فەرمییەکانیان داخستبوو.

ڕۆژی دووشەممە لە ژمارەیەک شاری عێراق، لایەنگرانی ڕەوتی سەدر کە بە "کلاو شینەکان"ناسراون، هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران و لەمیانیدا ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەنێوان هەردوولادا ڕوویدا کە بەهۆیەوە یەک خۆپیشاندەر کوژراو و 21ی دیکەش بریندارببوون. ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو سەرکردەی ڕەوتی سەدر، مۆقتەدا سەدر فەرمانی بو لایەنگرانی "کلاو شینەکان" کردبوو کە بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان دەرگای قوتابخانە، زانکۆ و ڕێگاکان بکەنەوە کە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە داخراون.

کەرکووک... تەرمی دوو هاووڵاتی دۆزرایەوە جموجۆڵی داعش لە سنوورەکە زیادی کردوە



لە سنووری پارێزگای کەرکووک دوای ڕفاندنی دوو هاووڵاتی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، دوێنێ تەرمەکانیان دۆزرایەوە. تیرۆریستانی داعش لە گوندی (خاتونیە)ی سەر بە ناحیەی ریاز لە سنووری پارێزگای کەرکووک، دوو هاووڵاتییان بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ هێزە ئەمنییە عێراقییەکان ڕفاندووە.

دوێنێ سێشەممە 2020/2/4 هێزێکی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە نزیک گوندەکە تەرمی دوو هاووڵاتییە ڕفێندراوەکەیان دۆزیوەتەوە. شایانی باسە لەوەتای پێشمەرگە لەکەرکوک کشاوەتەوە ، هێزە عێراقییەکان ڕووبەڕووی داعش نابنەوە لە دەروبەری شارەکەو بوونی ئەو هێزە ئەمنیانەی عێراق کاریگەری نەکردووەتە سەر نەهێشتنی چالاکییە تیرۆریستییەکانی داعش.

ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیە جموجۆڵەکانی لە سنووری کەرکووک زیادی کردووەو بۆ ئەو بۆشاییە ئەمنیە دەگەڕێتەوە کە کشانەوەی پێشمەرگە لەدوای 16ئۆکتۆبەر دروستی کردوە . بەپێی زانیارییەکان جموجۆڵی داعش لە قەزاکانی دووبز و حەویجە و داقووقی سەر بە کەرکووک بەردەوامە و بەتایبەت لە شەواندا هێرش دەکەنە سەر هێزە ئەمنییە عێراقییەکان و گوندەکانی دەوروبەری کەرکووک.


لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 کەرکووک بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی خیانەتکاری ناو یەکێتیی ڕادەستی حەشدی شەعبی کرا و لەو کاتەوە جگە لە خراپی دۆخی ئەمنی، جموجۆڵی داعشیش لە سنووری پارێزگاکە زیاد کردووە.

داعش هێرشێکی گەورە دەکاتە سەر میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە ئەنبار

هەرچەندە عەبادی لە ساڵی 2017 کۆتاییهاتنی داعشی لە عێراق ڕاگەیاند ، بەڵام چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشەکانیان لە عێراق بەردەوامەو هێرشێکی چەکداریی فراوانیان کردووەتە سەر سوپاو میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە ئەنبار.

ئەحمەد نەسروڵڵا، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی حەشدی شەعبی لە ئەنبار لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، هێرشەکە لە شەودا کراوەتە سەر لیوای 18ی حەشدی شەعبی لە ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار. ئەحمەد نەسروڵڵا بە ئاماژەکردن بەوەی،ئەو هێرشە دووەم هێرشی گەورەی داعشە لە ماوەی یەک هەفتەدا ، ڕایگەیاندووە، چەکدارەکانی داعش هاوەن، چەکی سووک و مامناوەندیان لەو هێرشەدا بەکارهێناوە.

ڕۆژی 2017/12/10 حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق (2014-2018)ڕایگەیاند، عێراق بە تەواوی لە داعش پاککرایەوە. لە مانگی 6ی2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.



سلێمانی... بە نمایشکردنی درێژترین قردیلەی شێرپەنجە ناوی دەچێتە کتێبی گینسەوە

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەوە، ماراسۆنی پاڵپشتی تووشبوانی شێرپەنجە لە سلێمانی ئەنجام درا و درێژترین قردیلەی شێرپەنجە لە جیهاندا نمایش کرا. دوێنێ سێشەممەی شوباتی 2020 ڕێکخراوی ئاڤی لە ڕۆژی جیهانی شێرپەنجەدا لە شەقامی سەرەکی مەلیک مەحمود ماراسۆنێکی ڕێکخست کە لە بەرامبەر شاری گۆیژەوە دەستپێکرد تا گەڕاجی دووی چاڤی لانەد. لە لێدوانێکدا ئەندامی ڕێکخراوی ئاڤی کە ماراسیۆنەکەی ڕێکخستبوو، محەمەد ڕۆبیتان ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان وەک ڕێکخراوەکە لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەدا ئەو چالاکییەیان ڕێکخستووە کە خۆی دەبینێتەوە لە ماراسیۆنێکی سێ کیلۆمەتری و دواتر ڕاخستنی قردیلەی شێرپەنجە بەدرێژی حەوت هەزار و 288 مەتر ئەویش بۆ تۆمارکردنی ژمارەیەکی پێوانەیی لە کتێبی گینسدا.

بارزان و پێکەوەژیانی ئاشتییانە

لە شێخ عەبدولسەلامەوە تا سەرۆک بارزانی



سیامەند سێڵکی

دووركەوتنەوەی مرۆڤ و كۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە تونديوتيژی و شەڕ و خوێنڕشتن، بەندە بە چەسپاندن و جێگیركردنی گیانی لێبووردەیی و یەكترقبووڵكردن و پێكەوەژیانی ئاشتیانە، لەنێوان ئەو فرەڕەنگی و فرە چەشنییەی لەپێكهاتەی كۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەیە. بەم پێیە هەر كۆمەڵگایەك لەم جیهانە پان و بەرینەدا، لێبووردەیی و پێكەوەژیان بكاتە بنەما بۆ بنیاتنان و بەڕێوەبردنی ژیان، ئەوە دەتوانێت بەسەر هەموو سەختی و دژواری و نەهامەتییەكانی ژیاندا زاڵ بێت و ژیانێكی شایستە و ئارام و پڕ لە بەختەوەریش دەستەبەر بكات.

لەم سۆنگەوە لێبووردەیی و یەكترقبووڵكردن و پێكەوەژیانی ئاشتییانە، هەر لە سەرەتاوە وەكو بەشێكی گرنگ لە پەروەردە و فەلسەفەی فیكری و عەقائیدی بارزانییەكاندا جێگیر كراوە. ئەوەتا سەدساڵ بەر لە ئێستا شێخ عبدولسەلامی بارزانی لەپێناو بەدیهێنانی بەختەوەری بۆ مرۆڤ و ئاشاكردنی كۆمەڵگایەكی مرۆڤدۆست و پێشكەوتوو و سەردەمیانە، تێیدا بەها بەرزەكانی مرۆڤایەتی جێگیر و پارێزراو بن. گیانی لێبووردەیی و یەكترقبووڵكردن و پێكەوەژیانی ئاشتییانەی لەنێو خەڵكی دەڤەری بارزاندا جێگیر كرد. دوای ئەوەی كە ساڵی 1914 شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بە بیانووی پارچەكردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان لەسێدارەدرا. شێخ ئەحمەد (خودانی بارزان) ئەم بنەما فیكریەی بەڕادەیەك چەسپاند و جێگیر كرد كە بووە بەشێك لە فەرهەنگ و كولتووری خەڵكی دەڤەرەكە. لە ژێر كاریگەری ئەم پەروەردە فیكریەدا گیانی برایەتی و یەكترقبووڵكردن و پێكەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان پێكهاتە ئایینییەكانی دەڤەرەكەدا دروستبوو. بێ جیاوازی مافی بە جێگەیاندنی ئەركە ئایینییەكان بۆ موسڵمان و كریستیان و بڕوادارانی ئایینی جولەكە فەراهەم و دەستەبەركرا. بە هەمان شێوە هەر سێ پێكهاتە ئایینییەكە لە ئەرك و مافدا یەكسان كران و بوونە تەواوكەری یەكتر لە بنیاتنان و بەڕێوەبردنی ژیاندا. دوای دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستان و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان بەڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر ئەم بنەما فیكریە (لێبووردەیی و یەكتر قبووڵكردن و پێكەوەژیانی ئاشتیانە) بووە بنەمایەكی نەگۆڕ و چەسپاو لە ڕێبازی بارزانیی نەمردا. لە هەموو وێستگەكانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی كوردستاندا.

بارزانیی نەمر لە چوارچێوەی بەرنامە و پلانێكی تۆكمەدا هەوڵیدا فەرهەنگی لێبووردەیی و یەكترقبووڵكردن و پێكەوەژیانی ئاشتییانە لە هەموو ئەو ناوچانەی كوردستان جێگیر بكات كە لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و شۆڕشدا بوون. بە تایبەتیش لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا. بەم شێوەیە بارزانیی نەمر هەموو پێكهاتە جیاوازە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەكانی كوردستانی لەژێر چەتری شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا كۆكردەوە. دەیان و سەدان خەباتگێڕ و تێكۆشەر لە هەردوو پێكهاتەی ئایینی ئێزیدی و كریستیان، تەڤلی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان بوون و شانبەشانی كوردان خەباتیان كرد بۆ رزگاری و سەربەخۆیی كوردستان.

بێگومان هەردوو شەهیدی سەركردە هورمز مەلك چەكوو فەرهنسۆ هەریری و دكتۆر موشێ و دكتۆر حەنە ئەلقوشی و ئیشو ئەردنی و نیسان كانی بەلاڤی لە ئایینی كریستیان و شەهیدی فەرماندە مەحموود ئێزیدی و خوالێخۆشبێت ئیلیاس قاسم و دەیان خەباتگێڕی دیكە لە ئایینی ئێزیدی نمونەی فیداكاری و قوربانیدانی هەردوو پێكهاتە ئایینییەكەن. بێگومان سەرۆك مەسعود بارزانی چ وەكو سەرۆكی پارتی و چ ئەوكاتەی لە پێگەی سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستاندا بوو، وەكو درێژەدان بە ڕێبازی خودانی بارزان و بارزانیی نەمر بەشێوەیەك پەرەی بە فەرهەنگی لێبووردەیی و یەكتر قبووڵكردن دا، تا بووە فەرهەنگی هەموو خەڵكی كوردستان. دیسان لە كاتی نووسینەوەی دەستووری عێراقیش سەرۆك مەسعود بارزانی بووە بەرگریكارێكی سەرسەخت لە ماف و ئازادییەكانی هەموو پێكهاتە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەكان. بە هەول و ماندووبوونی سەرۆك ماف و ئازادییەكانی كریستیان، ئێزیدی، شەبەك، تورکمان..هتد. لە دەستووری عێراقدا جێگیركران.

دیارە ئەوەی سەد ساڵ بەر لە ئێستا شێخانی بارزان لە بواری لێبووردەیی و پێكەوەژیانی ئاشتییانەدا كاریان بۆ كردووە و بەكردەوەش جێبەجێیان كردووە تازە بە تازە خەڵكێك هەم لە كوردستان هەمیش لە جیهاندا باسی لێوە دەكات. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی ڕوئیا و دونیابینی شێخانی بارزان بۆ ئاڤاكردن و بەڕێوەبردنی ژیان، لە هەموو سەردەمێكدا بەپێوەری زانستی و لە ڕوانگەی لۆژیكی عەقڵەوە داڕێژراوە و كاری لەسەر كراوە. هەڵبەت ئەو ڕوئیاو دونیابینییەی لە بارزان بۆ چەمكی لێبووردەیی و پێكەوەژیان هەبووە و بەردەوامیشە. هاوڕا و تەبایە لەگەڵ جەوهەری دینی ئیسلام. واتە ئەو ڕوانینەی لە بارزان بۆ ئەو چەمكە هەبووە هەمان ئەو ڕوانینەیە لە دینی ئیسلامدا هاتووە و داكۆكی لەسەر كراوە. وەكو ئەوەی لە هەردوو ئایەتی پیرۆزی "لكم دینكم و لی دین" و "لا اكراه فی الدین" هاتووە.

بێگومان چەسپاندنی ئەم فەرهەنگە لە كوردستان و پابەندبوونی كوردستانیان پێیەوە. وێنەیەكی جوان و ناوازەی بە كورد و كوردستان بەخشیوە و بووەتە هۆی ئەوە لە هەموو جیهاندا بەڕێز و پێزانینەوە لێبڕوانن.

سوودان پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی دەكاتەوە



خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

لەهەنگاوێكی نوێدا سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نتانیاهو ئاشكرای كرد كە دیدارێكی گرنگی لەگەڵ عەبدولفەتاح بورهان سەرۆكی ئەنجوومەنی سیادەی سوودان هەبووە و بەم نزیكانە پەیوەندییەكانی نێوان خەرتووم و تەلئەڤیڤ ئاسایی دەبنەوە.

نووسینگەی بنیامین نەتانیاهو سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ڕۆژی دووشەمەی ئەم هەفتەیە بڵاوی كردەوە كە سەرۆك وەزیران نەتانیاهو لە شاری عنتێبی ڕاستییەی ڕوئیا و دونیابینی شێخانی بارزان بۆ ئاڤاكردن و بەڕێوەبردنی ژیان، لە هەموو سەردەمێكدا بەپێوەری زانستی و لە ڕوانگەی لۆژیكی عەقڵەوە داڕێژراوە و كاری لەسەر كراوە. هەڵبەت ئەو ڕوئیاو دونیابینییەی لە بارزان بۆ چەمكی لێبووردەیی و پێكەوەژیان هەبووە و بەردەوامیشە. هاوڕا و تەبایە لەگەڵ جەوهەری دینی ئیسلام. واتە ئەو ڕوانینەی لە بارزان بۆ ئەو چەمكە هەبووە هەمان ئەو ڕوانینەیە لە دینی ئیسلامدا هاتووە و داكۆكی لەسەر كراوە. وەكو ئەوەی لە هەردوو ئایەتی "لكم دینكم و لی دین" و "لا اكراه فی الدین" هاتووە.

بێگومان چەسپاندنی ئەم فەرهەنگە لە كوردستان و پابەندبوونی كوردستانیان پێیەوە. وێنەیەكی جوان و ناوازەی بە كورد و كوردستان بەخشیوە و بووەتە هۆی ئەوە لە هەموو جیهاندا بەڕێز و پێزانینەوە لێبڕوانن.

كۆتایی پێدێنێت و پەیوەندی لەگەڵ دروست دەكاتەوە.

لەلایەكی دیكەشەوە ڕۆژنامەیەكی ئیسرائیل بڵاویكردەوە، كۆبوونەوەكەی نێوان سەرۆكی ئەنجوومەنی ڕاگوزەری سوودان، عەبدولفەتاح بورهان و سەرۆكوەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهو كە لە ئۆگەندا سازكرا لە لایەن ئیماراتەوە ڕێكخرابوو.

لەوبارەو ڕۆژنامەیThe Times of Israel لە گەورە بەرپرسێكی سەربازی سوودان بڵاویكردووەتەوە، ئیمارات كۆبوونەوەكەی نێوان عەبدولفەتاح بورهان و بنیامین ناتانیاهو كە لە ئۆگەندا سازكرا، ڕێكخستووە. ئەو بەرپرسە سەربازییەی سوودان ئاشكراشیكردووە كە تەنها ژمارەیەكی كەم لە گەورە بەرپرسی سوودان، سعودیە و میسر لە كۆبوونەوەكەی نێوان عەبدولفەتاح بورهان و بنیامین ناتانیاهو ئاگادارن.

وڵاتی ئۆگەندە چاوی بە عەبدولفەتاح بورهان سەرۆكی ئەنجوومەنی سیادەی سوودان كەوتووە و دیدارێكی گرنگیان هەبووە و ڕێككەوتوون لەسەر ئاسایی كردنەوەی پەیوەندییەكانی هەردوو وڵات و لە ڕۆژانی داهاتووشدا هەواڵی خۆشتر لەسەر ئەم پەیوەندییانە بڵاو دەبێتەوە.

لەسەر ئەم هەواڵەی نووسینگەی بنیامین نەتانیاهو سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل فەیسەل محەمەد سالح وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی سوودان كە لە هەمان كاتیشدا گوتەبێژی حكوومەتی سوودانە بێ ئاگایی خۆی لەم دیدارەی هەردوو سەركردەی سوودان و ئیسرائیل دەربڕی و گوتی: هیچ زانیارییەكمان لەسەر ئەم دیدارە و ناوەڕۆكی ڕێككەوتنەكە نییە و چاوەڕێی سەرۆكی ئەنجوومەنی سیادە دەكەین بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وردەكاری دیدارەكەمان لەناو ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ڕوون بكاتەوە.

ئەگەر ئەم پەیوەندییانەی نێوان خەرتووم و تەلئەڤیڤ ئاسایی بنەوە ئەوە وڵاتی سوودان چواردەیەمین دەوڵەتی عەرەبی دەبێت كە حاڵەتی دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسرائیل

ڕوحانی: ئەگەر لایەنی بەرامبەر پابەندی بەڵێنەكانی بێت ئێرانیش دەگەڕێتەوە بۆسەر بەڵێنەكانی



سەركۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی ئاماژەی بەوە كرد، ئەگەر وڵاتانی لایەنی ڕێككەوتنی ئەتۆمی بەڵێنەكانیان بەجێبگەیەنن، ئێرانیش دەگەڕێتەوە بۆسەر بەڵێنەكانی. بەپێی ڕوونكردنەوەی سەرۆكایەتی كۆماری ئێران، لەمیانی كۆبوونەوەی لەگەڵ نوێنەری باڵای یەكێتیی ئەوروپا لە سیاسەتی دەرەكی و كاروباری ئاسایش، جۆسێپ بۆرێڵ لە تاران، ڕوحانی باسی لە ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە كردووە.

ڕوحانی ئاماژەی بەوەش كرد، ئەگەر وڵاتانی لایەنی ڕێككەوتنی ئەتۆمی بەڵێنەكانیان بەجێبگەیەنن، ئێرانیش دەگەڕێتەوە بۆسەر بەڵێنەكانی. بەپێی ڕوونكردنەوەی سەرۆكایەتی كۆماری ئێران، لەمیانی كۆبوونەوەی لەگەڵ نوێنەری باڵای یەكێتیی ئەوروپا لە سیاسەتی دەرەكی و كاروباری ئاسایش، جۆسێپ بۆرێڵ لە تاران، ڕوحانی باسی لە ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە كردووە.

ڕوحانی ئاماژەی بەوەش كرد، ئەگەر وڵاتانی لایەنی ڕێككەوتنی ئەتۆمی بەڵێنەكانیان بەجێبگەیەنن، ئێرانیش دەگەڕێتەوە بۆسەر بەڵێنەكانی.

ڕوحانی باسی لەوەش كرد كە تاك لایەنە كشانەوەی ئەمریكا لە ڕێككەوتنەكە بەربەستێكی گەورەی خستە بەردەم وڵاتانی دیكە بۆ جێبەجێكردنی تەواوی ڕێككەوتنەكە و ڕایگەیاند "هەڵپەساردنی ڕێككەوتنی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانەوە بۆ پاراستنی ئەو ڕێككەوتنە بوو.

هاوكات ڕوحانی ئیدانەی بەناو پلانی ئاشتیی خۆڕهەڵاتی ناوەڕاستی كرد كە لەلایەن سەرۆكی ئەمریكا، دۆناڵد ترەمپ-ەوە ڕاگەیەندراوە و گوتی: ئەمریكا تا ئێستا زۆر ستراتیجییەتی هەڵەی لەبارەی ئێران، عێراق، لوبنان، یەمەن، سووریا و ئەفغانستان ئەنجامداوە، ئەو هەنگاوەی لەگەڵ ڕژێمی زایۆنیست هەڵیناوە بەردەوامی ئەو هەڵەیەیە و شكست دەهێنێت. هەروەها دەڕژێدان بە ڕێبازی خودانی بارزان و بارزانیی نەمر بەشێوەیەك پەرەی بە فەرهەنگی لێبووردەیی و یەكتر قبووڵكردن دا، تا بووە فەرهەنگی هەموو خەڵكی كوردستان. دیسان لە كاتی نووسینەوەی دەستووری عێراقیش سەرۆك مەسعود بارزانی بووە بەرگریكارێكی سەرسەخت لە ماف و ئازادییەكانی هەموو پێكهاتە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەكان. بە هەول و ماندووبوونی سەرۆك ماف و ئازادییەكانی كریستیان، ئێزیدی، شەبەك، تورکمان..هتد. لە دەستووری عێراقدا جێگیركران.

دیارە ئەوەی سەد ساڵ بەر لە ئێستا شێخانی بارزان لە بواری لێبووردەیی و پێكەوەژیانی ئاشتییانەدا كاریان بۆ كردووە و بەكردەوەش جێبەجێیان كردووە تازە بە تازە خەڵكێك هەم لە كوردستان هەمیش لە جیهاندا باسی لێوە دەكات. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی ڕوئیا و دونیابینی شێخانی بارزان بۆ ئاڤاكردن و بەڕێوەبردنی ژیان، لە هەموو سەردەمێكدا بەپێوەری زانستی و لە ڕوانگەی لۆژیكی عەقڵەوە داڕێژراوە و كاری لەسەر كراوە. هەڵبەت ئەو ڕوئیاو دونیابینییەی لە بارزان بۆ چەمكی لێبووردەیی و پێكەوەژیان هەبووە و بەردەوامیشە. هاوڕا و تەبایە لەگەڵ جەوهەری دینی ئیسلام. واتە ئەو ڕوانینەی لە بارزان بۆ ئەو چەمكە هەبووە هەمان ئەو ڕوانینەیە لە دینی ئیسلامدا هاتووە و داكۆكی لەسەر كراوە. وەكو ئەوەی لە هەردوو ئایەتی "لكم دینكم و لی دین" و "لا اكراه فی الدین" هاتووە.

بێگومان چەسپاندنی ئەم فەرهەنگە لە كوردستان و پابەندبوونی كوردستانیان پێیەوە. وێنەیەكی جوان و ناوازەی بە كورد و كوردستان بەخشیوە و بووەتە هۆی ئەوە لە هەموو جیهاندا بەڕێز و پێزانینەوە لێبڕوانن.



باكووری كوردستان...

بەفر ڕێگای 657 ناوچەی نیشتەجێبوونی لە شەش پارێزگا داخستووە

بەهۆی بەفربارین، هەڵكردنی ڕەهێڵەوە ڕێگای 657 ناوچەی نیشتەجێبوونی لە باكووری كوردستان لە شارەكانی ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان، ئیدر، دێرسم، قەرس و ئاگری داخراون. بەهۆی ئەو شەپۆلی بەفربارین، هەڵكردنی ڕەهێڵەیەی باكووری كوردستانی گرتووەتەوە، ڕێگای 320 ناوچەی نیشتەجێبوون لە ئەرزەڕۆم، 208 گوند لە ئەرزنجان، 33 گوند لە ئیدر، 19 گوند لە دێرسم، یەك گوند لە قەرس و 76 گوند لە ئاگری داخراون. تیمە پەیوەندیدارەكان بە بەكارهێنانی چەندین ئامێری تایبەت بەردەوامن لە هەوڵەكانیان بۆ ڕامالینی بەفری سەر شەقامەكان و كردنەوەی ڕێگاكان بە ڕووی هاتوچۆدا.

ئێران: لە سێدارەدانی كەسێك بە تۆمەتی سیخوڕیكردن بۆ هەواڵگری ئەمەریكا

دەنگی ئەمەریكا: گوتەبێژی دەسەڵاتی دادوەری لە ئێران ڕایگەیاند دادگا فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ كەسێك دەركردووە كە سیخوڕی بۆ دەزگای هەواڵگری ئەمەریكا سی ئای ئەی كردووە و هەوڵیداوە زانیاری سەبارەت بە بەرنامە ناوەكییەكەی ئێران بگوازێتەوە. دەزگای هەواڵی فارس لە زاری وتەبێژی دەسەڵاتی دادوەری ئێران غولام حسێن ئیسماعیلەوە بڵاویكردەوە، ئەمیر ڕەحیم پور دادگاییكرا بە تۆمەتی سیخوڕیكردن بۆ سی ئای ئەی و بڕە پارەیەكی زۆری وەرگرتووە و هەوڵیداوە هەندێك لە زانیارییەكان سەبارەت بە بابەتی ناوەكیی ئێران بگوازێتەوە بۆ دەزگای هەواڵگری ئەمەریكا، فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەركراوە و بەمزووانەش جێبەجێكردنی لە سێدارەدانەكە دەبینن. ئیسماعیلی وتیشی سزای هاوشێوە دەركراوە بۆ دوو كارمەندی دامەزراوەیەكی خێرخوازی كە بە هەمان شێوە بە تۆمەتی سیخوڕیكردن تۆمەتبار كراون.

لە یەکەم سالّیادی کۆچی دوایی و ناشتنی تەرمی میر تەحسین بەگ دا





ساسان دەرویش-هۆڵەندا:

سالّێک لەمەوبەر، میر تەحسین بەگ میری ئێزیدیانی کوردستان و جیهان ڕۆژی دووشەممە 28ی کانوونی دووەمی 2019 لە نەخۆشخانەیەکی شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا لە تەمەنی 86سالّیدا کۆچی دوایی کرد، ژمارەی کوردانی ئێزیدی لە جیهاندا زیاتر لە یەک ملیۆن کەس دەبن و لەو ژمارەیەش نزیکەی 600 هەزاریان لە باشووری کوردستان نیشتەجێن.

لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک بارزانی تەرمەکەی لە ئەڵمانیاوە گەڕێندرایەوە کوردستان و سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە 2019/2/4 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ئەوکات سەرۆکوەزیرانی کوردستان بوو، هەروەها ژمارەیەکی دیکە لە بەرپرسانی هەرێم و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی و جگاتی ڕوحانی لە ڕێورەسمێکدا لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر پێشوازیی لە تەرمی خوالێخۆشبێت میری کوردانی ئێزیدی لە کوردستان و جیهان کرا و هەر هەمان ڕۆژ بەرەو قەزای شێخان بەڕێکرا، لە 2019/2/5 لە ڕێورەسمێکی تایبەتی جەماوەری بە ئامادەبوونی سیداد بارزانی نوێنەری سەرۆک بارزانی لەسەر وەسیەتی خۆی میر تەحسین تەرمەکەی لەنێو باخچەی مالّەکەی خۆیدا لە قەزای شێخان بەخاکسپێردرا و بۆ ماوەی حەوت ڕۆژیش پرسەی بۆ دانرا، وێڕای ئەوەی پێشتر لە ڕۆژانی 29-28-30ی2019 پرسەی بۆ دانرا لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا بە ئامادەبوونی بەڕێز دڵشاد بارزانی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

بۆ یەکەم سالّیادی کۆچی دوایی و ناشتنی تەرمی میر تەحسین، دەمەوێت تیشک بخەمە سەر دیمانەیەکی میر لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی سویدی تورداڤالستروّم کە لەپەرتووکی شاخەکان تاقە دۆستی ئێمەن کە لە سالّی 1974 لەگەڵی ئەنجامداوە، لەنێو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، ناوەڕۆکی پەرتووکەکە بریتییە لە 230 لاپەڕە و بەشێوەیەکی گێڕانەوە و چەندین دیمانەی کورت لەگەڵ کەسایەتییەکانی ناو شۆڕشی ئەنجامداوە و لە بەشێکی ئەم وتانەی میر تەحسین هەیە لە چەند لاپەڕەیەکیدا بۆ زیاتر ئاشنابوون بە دڵسۆزی و پشتگیری بۆ شۆڕش لەم یادکردنەوەیدا خستمەڕوو.

نووسەری سویدی تورداڤالسترۆم لە پەرتووکی شاخەکان تاقە دۆستی ئێمەن دەڵێت: لە چوارچێوەی دیدار و گفتوگۆکانم لەنێو شۆڕش و سەنگەری پێشمەرگە دژ بە ڕژێمی عێراق و بە ئامانجگرتنی کورد لە مافەکانیان، چوومە لای تەحسین بەگ میری ئێزیدیان، من پێشتر قەت ناوی ئێزیدیانم نەبیستووە، کاتێک لێرە خەریکی نووسینی ئەم کتێبە بووم، لە فەرهەنگێکدا بەدوای وشەی ئێزیدیدا دەگەڕام نووسرابوو: ئێزیدی کوردن لە عێراق لە سنووری مووسڵ، هێندێکیان لە کێوەکانی کوردستان، باکووری ڕۆژاوای مووسڵ و هێندێکیشیان لە شاخەکانی سنجاردا نیشتەجێن، ئایینەکەیان تێکەڵاوێکە لە مەسیحییەت، جولەکە و موسڵمان و هێندێک ئایینی کۆنی ناوچەکە.

ئەو ڕۆژنامەنووسە دەشڵێت: میر تەحسین دوای ئەوە پێوەندیی بە شۆڕشەوە کرد لە چۆمان ژیا و من لەو شوێنەی کە بەشێوەی کاتی بۆی سازکرا بوو بینیم، زۆر نەجیب بوو ئینگلیزیەکی جوان قسەی دەکرد.

میر لە دیمانەکەیدا بەو ڕۆژنامەنووسەی گوتووە کە میر کۆمەڵێک ئەرکی لەسەر شانە وەک ئەوەی چاودێریی جێبەجێکردنی یاسا ئایینییەکانی خۆیان دەکات، ئەگەر کەسێک سنووری یاساکانی بەزاند ئەرکی میرە حوکمی بەسەردا بدات، بۆ نموونە پێوەندیی زایەندی لە ژیاندا، یان کەسێک حاشا لە بوونی خوا بکات، شتی لەم چەشنە بەلادانی گەورە دێنە ژمارە.

ڕۆژنامەنووسە سویدییەکە دەشڵێ: ئێزیدی چەند هۆزی جیاوازن و ژیانێکی ساکار دەبەنە سەر، پێشتر بە زۆری کۆچەر بوون، بەڵام ئێستە نیشتەجێن و لە شار و گوندااندا دەژین، بە گوتەی ئەو ڕۆژنامەنووسە میری ئێزیدییەکان کاتی خۆی پێی گوتووە، ئەو بڕوای بە بناغەکانی ئەم شۆڕش هەیە، بەڵام ئەمە هیچ پێوەندیی بە ئایینەوە نییە و هەموو ئێزیدییەکانیش کوردن.

میرتەحسین پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ بارزانیی نەمر و خانەوادەکەی هەبوو، بە تایبەتی سەرۆک بارزانی و کاک ئیدریسی جوانمەمرگ، پاڵپشتی خۆی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەردەبڕی و بە بەشێکی گرنگی دەزانی.

میر تەحسین کوڕی سەعید بەگ کوڕی عەلی بەگ کوڕی حوسێن بەگ، لە ڕۆژی 15ی ئابی ساڵی 1933 لە ناوچەی باعەدرێی سەر بە قەزای شێخان لە سنووری پارێزگای دهۆک لە دایکبوو. لە ساڵی 1944 کاتێک میر تەحسین بەگ تەمەنی نزیکەی 11 ساڵان بوو، بەهۆی کۆچی دوایی باوکییەوە، لەسەر وەسیەتی مایان خاتوونی دایکی میر تەحسین بۆ پۆستی میری کوردانی ئێزیدی بەربژێرکرا لە هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان.

پشتیوانی لە شۆڕشی ئەیلوولی کردووە و لە 1959ش بە هۆی جوڵانەوەی عەبدولوەهاب شەواف لە مووسڵ دەستگیرکراوە و ڕەوانەی عەمارە و دیوانییە لە باشووری عێراق کراوە و دواتر خراوەتە ژێر ئیقامەی جەبرییەوە لە بەغدا، تا ئەو کاتەی مستەفا بارزانی، ڕابەری شۆڕشی ڕزگاریخوازیی ئەیلوول بڕیارەکەی بە حکوومەتی ئەوکاتی عێراق هەڵوەشاندووەتەوە. لە ساڵی 1970 پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە، لە ساڵی 1975 بەرەو بەریتانیا ڕۆیشتووە و بۆ 7 ساڵ لە لەندن ماوەتەوە.

دیموکراتەکانی ئەمەریکا:
ئەگەر ترەمپ لانەدرێت هەڵەکان دووبارە دەکاتەوە

دانیشتنی پێش کۆتایی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕێوشوێنەکانی دوورخستنەوەی ترەمپ، هاوشێوەی دادگای لێهات. دوای ئەوەی ئەوە یەکلایی بووەوە کە هیچ شایەتحاڵێکی نوێ بانگێشتی ئەنجوومەنەکە ناکرێت لە دانیشتنی دوێنێ سێشەمەدا، پات سیپلۆن کە یەکێکە لە داکۆکیکارانی ترەمپ باسی لەوە کرد ئەو تۆمەتانەی سیناتۆرەکانی پارتی دیموکرات ئاراستەی ترەمپی دەکەن، تۆمەتی بێ بنەمان جەختی لەوەش کردەوە کە ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان ئەستۆپاکی ترەمپ دەسەلمێنن.

سیپلۆن بانگەشەی ئەوەشی کرد کە ئامانجی دیموکراتەکان لەم تۆمەتبارکردنە شکست پێهێنانی ترەمپە بەر لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمساڵ. سەرۆکی لیژنەی هەواڵگری لە ئەنجوومەنی نوێنەران، ئادەم شیف کە یەکێکە لە سیناتۆرەکانی پارتی دیموکرات ئاماژەی بەوە کرد کە جەختی لەوە کردەوە کە ئەستۆپاکی ترەمپ نەسەلمێندراوە و گوتی: هەمووممان دەزانین کە میژوو هیچ میهرەبانییەک لەگەڵ ترەمپ نانوێنێت. ئەگەر دەستبەرداری بنەماکانمان بین ڕۆژێک دێت هەمووممان پەشیمان ببینەوە. شیف ئەوەشی دووپاتکردەوە کە بەپێی دوو مادەی ئەنجوومەنی نوێنەران تایبەت بە دوورخستنەوەی ترەمپ پێویستە ناوبراو لە پۆستەکەی لاببرێت .

هەروەها ئادەم شیف، نوێنەری دیموکراتەکان هۆشداری دەدات لەوەی میژوو بەزەیی بە ترەمپ نایەتەوە و دەڵێت: بە ئەنجوومەن دەڵێم، ئەگەر هیچ بەرامبەر بە ترەمپ نەکەن لەسەر ئەو تۆمەتانەی لەسەری دەسەپێن، ئەوا ترەمپ و ئەنجوومەن بە زنجیری میژوو بۆ هەمیشە بەیەک دەبەسترێنەوە. نوێنەرەکەی دیموکراتەکان ئاماژەی بەوە کردووە، ترەمپ وازناهێنێ و بەردەوام دەبێ لە فێڵکردن، گوتیشی: ئەگەر ئەمجارە ترەمپ فێڵبکاتەوە کێ لێی بەرپرس دەبێت. هەروەها بەرگریکار و پارێزەرەکانی ترەمپ تووڕەن و داوای داخستنی کەیسی لێپرسینەوە لە سەرۆکی ئەمەریکا دەکەن.



پەسەندکرنی دوورخستنەوەکەش پێویستی بە 67دەنگی بەڵێی سیناتۆرەکان هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆرینەی سیناتۆرەکانی ئەنجوومەنی پیران سەر بە پارتی کۆمارین ئەگەرێکی زۆر هەیە زۆرینەی دەنگەکان لە سوودی ترەمپ بن.

لە ئەیلوولی 2019دا ڕاپۆرتێک لە ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکادا بڵاو بووەوە کە تیایدا بانگەشەی ئەوە کراوە دۆنالّد ترەمپ لە مانگی تەموززدا پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ هاوتا ئۆکراینییەکەی ڤلۆدۆیمیر زێلێنسکی ئەنجامداوە و پێی ڕاگەیاندووە ئەگەر لێکۆڵینەوە لە جۆ بایدن-ی ڕکابەری و خێزانەکەی بکەن ئەوا ئەمەریکا هاوکاری وڵاتەکەی دەکات. ئەمەش کاردانەوەی توندی بەدوای خۆیدا هێنا و لە 24ی ئەیلوولدا سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا، نانسی پێلۆسی بە تۆمەتەکانی "زیان گەیاندن بە بڕیاریشە ئەمڕۆ چوارشەممە 2020/2/5 سیناتۆرەکان لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا دەنگ لەسەر کەیسی ترەمپ بدەن، ئەگەر دوو لەسەر سێی سیناتۆرەکان دەنگ لە دژی بدەن، 45ەمین سەرۆکی ئەمەریکا لە کۆشکی سپی دووردەخرێتەوە.

سیناتۆرێکی کۆمارییەکان:
میژوو هیچ میهرەبانییەک لەگەڵ ترەمپ نانوێنێت

ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا" و "شکاندنی سوێندی سەرۆکایەتی" دەستپێکردنی قۆناغی ڕێوشوێنەکانی دوورخستنەوەی ترەمپ-ی ڕاگەیاند.

لیژنەی هەواڵگری سەر بە ئەنجوومەنی نوێنەرانیش لە ڕۆژانی 13-21ی تشرینی دووەمدا چەندین دانیشتنی کراوەی لەسەر ئەو پرسە ئەنجامدابوو، دواتریش لیژنەکە ڕاپۆرتێکی 300 لاپەڕەیی ئامادەکردوو پێشکەشی لیژنەی دادوەری کرد. لیژنەی دادوەریش ماددەکانی "خراپ بەکارهێنانی پۆست" و "کۆسپ دروستکردن لە بەردەم کارەکانی گۆنگرێس" تایبەت بە ڕێوشوێنەکانی دوورخستنەوەی ترەمپ پەسەند کردبوو. دواتر ئەنجوومەنی نوێنەران خوێندنەوەی بۆ پرۆژەیاسای دوورخستنەوەکە کرد و لە 18ی کانوونی یەکەمدا پەسەندی کرد.

بە ماوەی 9 ڕۆژ دروستکرابوو

نەخۆشخانەکەی ووهان دەستی بە وەرگرتنی تووشبووانی کۆرۆنا کرد



نەخۆشخانەی هوشینشان کە لە شاری ووهانی پایتەختی هەرێمی هوبەی چین لە 9 ڕۆژدا دروستکرا، دوێنێ لە 10ەمین ڕۆژدا دەستی بە وەرگرتنی تووشبووانی نەخۆشی کۆرۆنا کرد. نەخۆشخانەکە تایبەتە بە چارەسەرکردنی تووشبووانی نەخۆشی کۆرۆنای نوێ، کە لە سەرەتای ئەمسالّەوە لە شاری ووهانی چین بلاّوبۆوە. هەر دوێنێش ئەنجوومەنی تەندروستی نیشتمانی چین ڕایگەیاند کە بەهۆی ئەم پەتایەوە کە سەرتاسەری ئەو وڵاتەی گرتووەتەوە، 425 کەس گیانیان لەدەستداوە. ژمارەی ئەوانەیش کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری پەتاکە گەیشتۆتە 20 هەزار و 438 کەس کە ڕەوشی تەندروستی دوو هەزار و 788یان سەختە. 23 هەزار و 214 کەسیش گومانیان لێ دەکرێت تووشی ئەو پەتایە بووبن و 171هەزار و 329 کەسیش بەهۆی کاریگەری بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەوانەی تووشی ئەو ڤایرۆسە بوون خراونەتە ژێر چاودێری پزیشکی. هەروەها تاکو ئێستا 632 کەسیش دوای وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی مالّەوە کراونەتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە گوتەبێژی کۆشکی سپی جود دییەر ڕایگەیاند: چین بە پێشنیارەکەی ئەمەریکا ڕازیبووە بۆ ڕەوانەکردنی کۆمەڵێک شارەزای تەندروستی بۆ چین بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەرکێکی ڕێککخراوی تەندروستی جیهانیدا، ئەمەش بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسەکە.

عومەر عوسمان مێرگەسۆری: ئیدریس بارزانی شۆڕشگێڕێکی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانە



خەبات: سەفەر ژاژۆکی: لە بارەگای لقی24ی سەفین لە شەقلاوە بەئامادەبوونی پێشمەرگە و فەرماندەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان لە سنوری هێزی خەباتی شەقلاوە و کادیرانی حزب لە یادی 33 ساڵەی کۆچی دوایی سەرکردە و ئەندازیاری ئاشتەوایی ئیدریس بارزانی بەڕێوەچوو ،کەلەلایەن مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لق24ی سەفین بۆ هێزی خەباتی شەقلاوە کۆڕێک بۆ عومەر عوسمان مێرگەسۆری ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرماندەی فەماندەیی هێزەکانی خەبات ڕێک خرا، مێرگەسۆری تیشکی خستە سەر ڕۆڵی شەهید ئیدریس بارزانی لە رووی کۆمەڵایەتی و دیبلۆماسیەت و ئێداری و پێشمەرگایەتی لە شۆڕشەکانی بزاڤی رزگاری خوازی گەلەکەمان و ڕێبازی بارزانی نەمردا و هەروەها گوتی کاک ئیدریس خۆشەویستی پێشمەرگە و جەماوەر بووە چونکە لەگەڵ سەرۆک مسعود بارزانی لە قوتابخانەی بارزانیی نەمر فێرە خۆشەویستی کوردستان بوون و خۆیان بە پێشمەرگە دەزانن. پاشان باسی سەرکەوتنەکانی کاک ئیدریس بارزانی کە لەرێکەوتنامەی 11ی ئادار 1979 رۆڵی هەبووە و دوای نسکۆی شۆڕشی پاڵپشتی ئاوارەکان و لەگەڵ سەرۆک مسعود بارزانی شۆڕشی گوڵانیان بەرپا کرد، عومەر عوسمان مێرگەسۆری چەندین یاد و بیرەوەیەکانی خۆی لەگەڵ سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی باس کرد کە ئەو سەرکردەیە ئومیدێکی گەش بە کوردستانێکی ئازاد وەک ئەمڕۆ هەبوو ،بۆیە دەبێ هەموو دەسکەوتنەکان بپارێزین کە بەخەبات و قارەمانیەتی و خوێن بەدەست هاتووە.

ئاکرێ... دابەشکرنا عەردی سەر خێزانێن شەهیدێن شەرێ داعشێ



دوهی ئەندازیار دیار بحری ڕێڤەبەرێ گشتی یێ باژێرڤانیێن پارێزگەها دهوکێ ب یاوەریا سەروکێ باژێرڤانیا ئاکرێ و شاندەکێ پێرا سەرا لقا 9 یا دا و ل باڵ سەباح بەیتولا بەرپرسێ لقا 9یا پارتی دیموکراتی کوردستان خێرهاتنا وان هاتە کرن و دروینشتنەکێ دا دانوستاندن هاتنەکرن تێزانین ب مەرەما سەرەدانا وان کو ژ باڵ سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ قوناغا چارێ یا دابەشکرنا پارچە زەڤیان ب سەر ماڵباتێن شەهیدێن شەرێ تیرورستێن داعشێ دا هاتنە پارڤەکرن وەکو کێمترین وەفاداری ژبوی رحا شەهیدێن شەرێ تیرورستێن داعشێ و ئەف گاف ل باڵ لقا 9ب بلندی هاتە هەلسەنگاندن و رولێ باژێرڤانیێ بلند هاتە نرخاندن ل باڵ خوڤە سەباح بەیتولا خویاکر کو پێشمەرگێن قەهرەمان یێن رحا خۆ کریە گوری قەرەبویا وان ب چ ئاوایەکی ناهێتە کرن ل هەمبەر رحا پیروزا وان و پێتڤیە ژی رێز ل ماڵباتێن وان بهێتەگرتن و بهەر ئاوایەکی بیت خزمەتا وان بهێتەکرن.

پەرلەمانی کوردستان کێشە و گرفتەکانی دابەشکردنی غاز تاوتوێ دەکات



دوێنێ سێشەممە، بۆ تاوتوێکردن و گفتوگۆ لەسەر کێشە و گرفتەکانی بەردەم دابەشکردنی غاز و پرۆژەیاسای هاوردەکردنی بەروبوومە نەوتییەکان، لیژنەی وزە و سامانە سرووشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوە. ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان بڵاویکردەوە لە کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ لەسەر برگە و ماددەکانی پرۆژە یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەروبوومە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان کراوە کە لە 10 ماددەی یاسایی پێکدێت و تایبەتن بە بەنزینی ئۆتۆمبێل و زەیتی گاز و زەیتەکانی بزوێنەر و گریز و غازی شل و نەوتی سپی و قیر. لە بەشێکی هەواڵەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە تەوەرێکی کۆبوونەوەکە تایبەت بووە بە کێشە و گرفتەکانی بەردەم دابەشکردنی غاز و نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتییاندا و تیشکخراوەتە سەر ئەو بابەتە و لەگەڵ ڕاوێژکارەکان گفتوگۆی پێویست لەمبارەیەوە کراوە. لە کۆبوونەوەکەدا لیژنەکە بڕیاریداوە لەسەر پرۆژەیاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەروبوومە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەنجوومەنی نەوت و گاز کۆببێتەوە بۆ پرسی بەرهەمی نەوت و داهاتەکەی و دروستکردنی سندوقی داهاتەکانی نەوت، لیژنەکە بڕیاری ئەوەیشیداوە کە بەدواداچوون بۆ دۆسیەی غاز و کێشەو گرفتەکانی بەردەمی بکات.

هژمارەکا شوفێرێن تەکسیا گازندا خوە گەهاندە بەرپرسێ لقا ئێک



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ ب ئامادەبوونا بەرپرسێ نڤێسینگەها دیڤچوون و هەماهەنگیا لقێ و بەرپرسێ سەندیکا کرێکارێن کوردستانێ-دهوک دگەل هژمارەکا خودانێن ترومبێلن تەکسی ئەوێن کو فەرمانبەر و پێشمەرگە کو داخوازیێن خوە گەهاندینە لقا ئێک کومبوو، دڤێ کومبوونێ دا بەرپرسێ لقێ گوهداریا داخوازی و پێشنیارێن وان کر و گوت: دڤێت ئەم هەمی مللکەچێن یاسا و بریارێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ بن د وی چارچوڤەیی دا دێ هاریکار و پشتەڤانێن هەوە بن، ئامادەبوویا سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بۆ ڤێ هاریکاری و پشتەڤانیێ بۆ وان کری.

پارێزگاری هەولێر: پارێزگاری سلێمانی ئاگاداری وردەکاریەکانە

ڕاگەیاندنی پارێزگای هەولێر ڕاگەیەنراوێک بڵاودەکاتەوە، وەک ڕوونکردنەوەیەک بۆ بەرچاوڕوونی هاووڵاتیان و تێیداهاتووە: "بە مەبەستی داپۆشینی ئەو کردەوە نا یاساییەی هێزێکی ناسراو لە ڕێگری کردن لە هاتنی غازی هاووڵاتیان کردی، هەندێ هەواڵی ناڕاستیان بڵاوکردۆتەوە گوایە پارێزگاری هەولێر فەرمانی کردووە بە نەناردنی هێلکە لە هەولێر بۆ سلێمانی، ئەم هەواڵە نەک هەر درۆ و هەڵبەستراوە، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە و هەردوو پارێزگاری هەولێر و سلێمانی ڕێکاری پێویستیان گرتە بەر بۆ چوونی هێلکە لە هەولێر بۆ سلێمانی و پارێزگاری هەولێر چوونی هێلکەی بۆ بەغدا ڕاگرت و داوای لە هەموو کارگەکان کرد هێلکە بنێرنە سلێمانی، بۆ ئەم مەبەستەش قایمقامی ناوەند و بازگەکانی ڕاسپارد کە ئەو پەڕی ئاسانکاری بکەن، پارێزگاری سلێمانیش خۆی ئاگاداری ووردەکاری هەنگاوەکانە."

لەگەرمیان... تاپۆکردنی خانووە بێ تاپۆکان دەستی پێکرد

خەبات/سەبریە یوسف: شارەوانیەکانی گەرمیان لە ئاگانامەیەکدا ماوەی 120 رۆژ دیاری دەکات بۆ تەرخانکردنی ئەو خانووانەی لەسەر زەوی زیادەرۆ دروستکراون. بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان لەئاگاداری نامەیەکدا کەوێنەیەکی دەست خەبات کەوتووە "ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە بە شێوەی زیادەڕۆیی خانووی نیشتەجێ بوونیان دروست کردووە لەسەر موڵکی شارەوانی پێویستە داواکاری ئاراستەی یەکەی کارگێڕی بکەن بە مەبەستی ئەنجامدانی مامەڵەی تۆمار واتە تاپۆ کردن. وەک لەنوسراوەکەی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیدا هاتووە ماوەی 120رۆژ دانراوە بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ تاپۆکردنی خانووی هاولاتیان. نوسراوەکە کە بەرواری 4ی شوباتی 2020ی لەسەرە گشتاندنی بۆ کراوە بۆ شارەوانیەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی گەرمیان. شارەوانی وەک لەنوسراوەکەیدا ئاماژەی بۆ کردوە، پاش ئەو ماوەیە کە 120 رۆژە هەرکەس مامەڵە نەکات مافی دەفەوتێت.

کونفرانسەک ل دور ئامار و خزمەتێن ل چار ساڵێن بۆریدا ل نەخوشخانا هیڤی یا زاروکان هاتینە پێشکێشکرن



خەبات/دهوک: فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ سەرا نەخوشخانا هیڤی یا زاروکان دا و گەریانەک لناڤ ژور و پشکێن وێ کر و ژنێزیک سەحکرە رەوشا نەخوش و نەخوشخانێ و ئەو خزمەتا بو زاروکان پێشکێشدکەت .

پاش پارێزگەرێ دهوکێ بەرهەڤی وی کونفرانسی بو ئەوێ ژلایێ کارگێریا نەخوشخانا هیڤی ب هەڤکاریا ڕێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیا دهوکێ هاتیە ئەنجامدان ژبو دیارکرنا ئامار و ئەو خزمەتێن ل سالێن بوری نەخوشخانێ پێشکێشی زاروکان کرین. پارێزگەرێ دهوکێ دپەیڤەکێدا دیارکرکو ب پشتەڤانیا وەلاتێ ئیتالیا و ڕێکخراوێن سەر ب حکومەتێ و ستافێ وان یێ کارکرنێ ئەو بوینە هاریکار بو پێشڤەبرنا کەرتێ ساخلەمیێ تایبەت خزمەتکرنا زارۆیان و کێمکرنا مرنا وان و ب ناڤێ پارێزگەها دهۆکێ و حکومەتا هەرێمێ سوپاسیا وەلاتێ ئیتالیا کر بۆ وێ پشتەڤانیی و هەماهەنگیا دگەل ساخلەمیێ دکەن ژپێخەمەت خزمەتکرنا خەلکێ دهۆکێ. هەروەسا گوت: مە وەکو پارێزگەها دهۆکێ پلان هەبوینە کو ئەم پەیوەندیێن خوە دگەل ڕێکخراوێن جیهانی و دەولەتێن دی خوشبکەین و بشێین مفایی ژ سەربور و شیانێن وان وەرگرین د وارێ ساخلەمیێ ئابۆری ژی دا ..

د. نزار عسمەت، ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ دیارکرکو: وەلاتێ ئیتالیا و ساخلەمیا جیهانی و ئێکەتیا ئورووپی پشتەڤانیی ل پرۆژێن مە کریە و ڕێکخراوا gizیا ئەلمانیی دێ پشتەڤانیێ لێکەن و ڕێکخراوا ساخلەمیا جیهانی ب کوژمێ 400 هزار دولاران دێ پشتەڤانیا نەخۆشخانا هیڤی کەن.

هەولێر... لە کوردستان ساڵڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجە کرایەوە

خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی: لەسەرتاسەری جیهان هەموو ساڵێک لە ڕۆژی 4ی مانگی شوبات ساڵڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجە دەکرێتەوەو لەکوردستانیش بەم بۆنەیەوە چەندین چالاکی بەڕێوەدەچێت و دوێنی بەبۆنەی ساڵڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجە لەهۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵا وەزارەتی تەندروستی لەژێر دروشمی هەمووان بەیەکەوە شەڕی شێرپەنجە دەکەین بە ئامادەبوونی دکتۆر دلۆڤان محەمەد جەلال بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێرو دکتۆر خاڵس قادر بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و نوێنەری وەزیری تەندروستی و ژمارەیەک لەڕاوێژکارانی وەزارەت وژمارەیەک لە بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکان و پزیشکان سازکراو تیایدا باس لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی نەخۆشان کرا دواتر لە ووتەیەکدا بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بەشێوەیەکی فراوان باسی لەنەخۆشی شێرپەنجە کردو ڕوونیکردەوە: لەم ڕۆژەدا پێویستە زیاتر گرنگی بدرێت بە نەخۆشانی شێرپەنجەو لەدوولاوە باس لەو نەخۆشیەوە دەکەین یەکەمیان خۆپاراستن لەنەخۆشیەکانی شێرپەنجەو دیارە لەکوردستان هەردوو نەخۆشخانەی نانەکەلی و نەخۆشخانەی هیوا لەخزمەتی نەخۆشاندابوونە جگە لەوەش لەسەنتەری شێرپەنجەی ڕزگاری هەولێرو سەنتەری دەست نیشانکردنی مەمک و ئەو شوێنانە خزمەتگوزاریەکی زۆر شایستە پێشکەش بەنەخۆشان دەکەن.

پۆلیسی هەولێر بکوژی منداڵە 11 ساڵانەکەی دەستگیر کرد

لەسەر فەرمانی وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان د. ڕێبەر ئەحمەد و بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر عەمید دلێر نەجات یاسین نەجارِ لە دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و چڕ و نهێنی لەسەر دۆسیەی منداڵێکی تاوانلێکراو بە ناوی سایە یونس تەمەن 11 ساڵ، توانرا تۆمەتباری ڕاستەقینەی ئەم ڕووداوە قێزەونە ئاشکرا بکرێت. بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، عەمید دلێر نەجات یاسین نەجارِ ، لەو بارەیەوە رایگەیاند، ڕێکەوتی 2020/1/6 دوای ئاگادارکردنەوەمان بە بوونی تەرمی منداڵێکی 11 ساڵان لە گوندی حەویچکە ی سنووری ناحیەی گوێڕ، کە لەناو لە دۆڵێکدا فڕێ درابوو، لەسەر فەرمانی وەزیری ناوخۆی ڕاستەوخۆ تیمەکانمان دەستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد کرد، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیش دەرکەوت کە ئەم منداڵە 11 ساڵانە بە ناوی سایە یونس لەلایەن دایکییەوە بە ناوی ب.پ.ع ، کە دانیشتووی شارۆچکەی گوێڕ گوندی گامێشتەپەیە، ئەشکەنجە دراوە و بەو هۆیەوە گیانی لە دەست داوە. عەمید دلێر نەجارِ هەروەها ڕوونیشی کردەوە، پاش بەدواداچوونی ورد و لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی تاوانەکە لە شوێنی ڕووداوەکە، تەرمی منداڵەکە دۆزرایەوە، کە لە دۆڵێک لە نزیک گوندی حەویچکە فڕێ درابوو. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و چڕ و نهێنی لەگەڵ سەرجەم خانەوادەی منداڵە تاوانلێکراوەکە، لە ماوەی نزیکەی دوو ڕۆژ و شەودا لێکۆڵینەوە بەردەوام بوو، دواتر دایکی منداڵە تاوانلێکراوەکە کە تۆمەتباری سەرەکیی تاوانەکەیە، دانی نا بە تاوانەکەیدا کە لە ژێر ئەشکەنجەدا منداڵەکەی خۆی کوشتووە. بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، ئەوەشی خستە ڕوو، بەپێی بڕیاری دادوەر، تۆمەتبارەکە بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادان بەند کراوە و لێکۆڵینەوەکانیش لەسەر ئەم دۆسیەیە بەردەوامن.

چوار بەنداوی گەورە و 13 بەنداوی بچووک لەژێر جێبەجێکردندان

بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو: توانای گلێدانەوەی نزیکەی 10 ملیار مەتر سێجا ئاومان هەیە

پێشبینی دەکەین ئەمساڵ بەنداوە بچووکەکان هەمووی پڕ بن، بەڵام چاوەڕوانی توانەوەی بەفریش دەکەین



خەبات: هەولێر

بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو سەربە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەکرەم ئەحمەد دەڵێت: بۆ 12 بەندەاوی بچووک و مامناوەند و یەک بیر، 33 ملیار دینار تەرخانکراوە، بۆ بەندەاوە گەورەکانیش بوودجەی پێویست تەرخانکراوە.



بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو سەربە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەکرەم ئەحمەد رایگەیاند کە لەهەرێمی کوردستان، 17 بەندەاو و 100 حەوزی بچووک هەیە، کە سەرجەمیان توانای گلێدانەوەی 10 ملیار مەتر سێجا ئاویان هەیە، ئاشکرایشی دەکات وەک ماستەرپلان، 249 بەندەاو دیاریکراوە لەو ژمارەیەش چوار بەندەاوی گەورە هەیە کە ئێستا لەژێر جێبەجێکردندان.

ئەکرەم ئەحمەد گوتی: لە هەرێمی کوردستان 17 بەندەاومان هەیە لەو ژمارەیەش سێ-یان بەندەاوی گەورە و 14یان بەندەاوی بچووک و مامناوەندن، نزیکەی 100 پۆند (حەوز)یشمان هەیە، سەرجەمیان توانای گلێدانەوەی نزیکەی 10 ملیار مەتر سێجا ئاویان هەیە.

بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو سەربە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی دروستکردنی پۆند و بەندەاو لە پلانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو گوتی: "وەک ماستەر پلان، شوێنی 249 بەندەاومان دیاریکردووە کە لەو ژمارەیە 18یان بەندەاوی گەورەن، ئەوانی دیکە بەندەاوی بچووک و مامناوەندن، چوار بەندەاوی گەورە و 13 بەندەاوی بچووک و مامناوەند لەژێر جێبەجێکردندایە.

ئەکرەم ئەحمەد گوتیشی: بەندەاوە گەورەکان، هەریەک لە بەندەاوی باسەرە و زەلان لە سنووری سلێمانی، باوەنوور لە گەرمیان و گۆمەسپان لە هەولێر کە ئێستا لەژێر جێبەجێکردندان.

بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو سەربە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی گۆڕەمەی پێویست بۆ تەواوکردنی بەندەاوەکان رایگەیاند "بۆ 12 بەندەاوی بچووک و مامناوەند و یەک بیر، 33 ملیار دینار تەرخانکراوە، بۆ بەندەاوە گەورەکانیش بوودجەی پێویست تەرخانکراوە".

لەبارەی وادەی گلێدانەوەی ئاو لە بەندەاوەکانیش، ئەکرەم ئەحمەد گوتی: "سالانە لە مانگی 11 دەست بە گلێدانەوەی ئاو دەکرێت بەپێی وەرزی بارانبارین تا کۆتایی مانگی پێنج و پاشان بەردانەوەی ئاو دەستپێدەکات، سالێ پار ئاوێکی زۆرهات و بەندەاوەکان پڕ بوون".

بەندەاوی دوکان بەگەورەترین بەندەاو هەژمار دەکرێت لە هەرێمی کوردستان کە توانای گلێدانەوەی شەش ملیار و 800 ملیۆن مەتر سێجا ئاو هەیە و لەگەڵ بەندەاوی دەربەندیخان تاکە سەرچاوی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبان، ئەمسالێش ئاو لە بەندەاوی دوکان کەمییکردووە و سەبارەت بە هۆکاری کەمکردنی ئاو لە بەندەاوی دوکان، ئەکرەم ئەحمەد گوتی: "ئەمسال وەزارەتی کارەبا داواکاریی زۆرە بۆ ناوچەکانی ڕاپەڕین و سلێمانی و بەردانەوەی ئاومان زیاتر بووە و بارانیش کەمتر بووە".

یەکێک لەو بەندەاوانەی کە بەهۆی بوومەلەرزەوە زیانی بەرکەوتبوو، بەندەاوی دەربەندیخان بوو، سەبارەت بە نۆژەنکردنەوەی ئەو بەندەاوەش بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو سەربە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەکرەم ئەحمەد گوتی: "زۆربەی کێشەکانی بەندەاوی دەربەندیخان چارەسەرکراون، حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بڕە پارەیەکیان تەرخانکرد و کێشەکان چارەسەری کرا، بەڵام بە گشتی نۆژەنکردنەوەی بەنداو سالانە ئەگەر کێشەیەکی گەورە نەبێت دیاریی ناکرێت، مەگەر کێشەیەک ڕووبدات ئەوکات دەست بە نۆژەنکردنەوە دەکرێت.

ئەکرەم ئەحمەد گوتی: پێشبینی دەکەین بەندەاوە بچووکەکان هەمووی پڕ بن، بەڵام چاوەڕوانی توانەوەی بەفریش دەکەین.

فۆتۆستۆری..

مەشقی هێزەکانی پێشمەرگە

هێزی تایبەتی فەرماندەیی هێزەکانی 80 لە بنکەی مەشقی پیادەی هەولێر، کچ و کوڕە پێشمەرگەکان قورسترین مەشق و ڕاهێنان ئەنجام دەدەن بۆ ماوەی چوار مانگ.

فۆتۆ: ڕاگەیاندنی فەرماندەیی هێزەکانی 80




















www.xebat.net
چوار شەممە 2020/2/5 ژمارە (5926)
خەبات

ئافرەتانی کورد لە جیهانی مۆدێلینگدا لە نێوان پیشە و لاساییکردنەوەدا

ئامادەکاری ڕاپۆرت/ پەریهان عومەر

ڕەنگە تا سالانێک لەمەوبەر پیشەی مۆدێلینگ تەنیا لە کەنالە بیانییەکان دەکەوتە بەرچاومان، بەڵام ئێستاکە زۆر لە کچان و کۆڕانمان وەک حەز و پیشە ڕوویان تێکردووە و لە شاشە و پۆستەر و بیلبۆردەکان دەبینرێن. بێشک هەر کارێکی نوێ کە بەو زووییەی پەرەدەسێنێت خاڵی پۆزتیڤ و نیگەتیڤ لەخۆدەگرێت. ڕای هاووڵاتیان لەوبارەوە دەبیستین.


محمود ئەحمەد


نیگا عوسمان



یوسف مجید

محمود ئەحمەد، لە کۆڵێژی ئاداب بەشی دەروونزانی دەخوێنێ و لەو بارەوە دەڵێت: بە شتێکی زۆر ناپێویست و سەرمایەداری و ساغ کردنەوەی بازاڕی دەبینم کە سیستەمی کاپیتالیزم دەستی خستووەتە هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤ و باشترین نامرازەکانی سەردەم بە کار دەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەیەوێت و ئامانجیەتی، باشترین نامرازیش بەداخەوە (ئافرەتە)، پرسیارێک لێرەدا دێتە پێش ئەوەیە بۆچی لە ڕۆژئاوا پیاو و ئافرەت لەم کارەدا بەشدارن، بەڵام لای خۆمان زیاتر گرنگی بە ئافرەت دەدەن؟ وەکو پیاو دەبێت بگەڕێینەوە ڕیشەی کۆمەڵگای کوردی لە ڕووە سایکۆلۆجیەکەی بە پێی قوتابخانەی دەروونشیکاری و دامەزرێنەرەکەی (سیگمۆیند فرۆید) کە کۆمەڵگاکەمان لە ڕووی سێکسیەوە کپکراوە، ناتوانێت بە ئاسانی بگات بەو حەزە کپکراوانەی کە هەیەتی بە ڕای فرۆید ئەو حەز و ویستانەی کپ دەکرێن دەچێتە لاشعور، بەڵام هەرگیز نافەوتێن و بونیان دەبێت چاوەڕێی هەڵێک دەکەن تاکو بگەڕێنەوە یاخود لەڕێگای پاڵنەرە لاشعوریەکانەوە دێنەوە. بەداخەوە ئەو کلتورە چڵێسەی ئێمە بەرامبەر ئافرەت وایکردووە بۆ ڕاکێشانی سەرنجەکان زیاتر پەنجە بخرێتە سەر خاڵی نمایش بە جەستە، واتا ئافرەتێک کە لە چنگی کوشتن و شەرەف ڕزگارکرا بوو بە فرۆشیاری جەستە. ئەم بەکاڵاکردنەی مرۆڤ بۆ ساغکردنەوەی کاڵا لە کۆمەڵگەیەک بێ ڕۆشنبیری و لاساییکەرەوە بووەتە هۆی شکانی پێگەی ئافرەت. بەداخەوە کۆمەڵگەکەمان ئەوەی تێنەپەڕاندووە ئافرەت وەکو مرۆڤێک ببینێت و هێشتا وەکو ئامرازێک بۆ سێکس دەبینێت، بەڵام ئێستا شتەکەیان قوڵکردۆتەوە و دەیانهێننە سەر TVو سۆشیال میدیا کە وەکو ئامرازێ بۆ پارە پەیداکردن و سێکس پیشان دەدرێت، بێگومان ڕوونە کارێکی تەقلیدی بێ مەعریفەیە و بازرگانەکان ئیستغلالی ئەم کارە دەکەن و بەتایبەت ئیستغلالی چاوی بینەری ڕەگەزی نێر و نمایش بە جەستەی ئافرەت لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی ئایینی لە ویستێکی سەرمایەداری زیاتر نەبێ هیچی تری لە پشت نییە، ئلشکراشە لە کۆمەڵگەیەک بە باگراوەندی هاوشێوەی ئێمە پێش لە کاڵاکە سەرنجی لەسەر ئافرەت و ئاستی ڕووتبوون و جەستەیەتی. کارەساتەکە ئەوەیە دووبارە ئافرەت بۆیەوە بە قوربانی، لە ڕزگار بوون لە شەرەف بوو بە کاڵەیەک کە بەکاردێت بۆ ساغکردنەوەی بەرهەم کەواتە هەردوو ئەنجام، ئافرەتیان لە مرۆڤ بوون خست.

نیگا عوسمان، دەرچووی زانکۆ لەسەرئەم بابەتە ڕای خۆی بەمشێوەیە دەخاتەڕوو: بەڕادەیەکی ئەم جۆرەی لە ئێستادا بڵاوبۆتەوە بە شێوەیەکی ستاندارد و تەندروست نییە، چونکە پسپۆڕی و شارەزایی نییە لەسەری ئەگەر بەشێوەیەکی تەندروست کاری پێبکرێت وەک هەرکارێکی تر کۆمەڵگا بەرەو پێش دەبات کەچی لێرە ڕاستەوخۆ تەقلیدی بیانییە. دەکرێت بۆ هەر کۆمەڵگایەک کە دابونەریتی تایبەت بەخۆی هەیە بە ڕەچاوکردنی ئەو دابونەریتە کارەکە لاساییەکی دروستی لێبکرێتەوە تاکو پشێوی ڕوونەدات. کاری مۆدێل بۆ زۆربەی وڵاتان بووەتە بزنسێک و داهاتێکی باش دابین دەکات، وەک کارێک سەیر دەکرێت، بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردەواری و لە ناو کوردا بە ڕای من جگە لە لاساییکردنەوە و کێبرکێ کردنی نێوان مۆدێلەکان و چەند وێنەیەکی دوبارە شتێکیتر نییە بەناو مۆدێل و بزنس. گەرچی ئێمەش وەک نەتەوەکانیتر حەزمان لە فرە کاریە و بونی کارێکی وەک مۆدێل بۆ ئێمە گرینگە، بەڵام هەموو کارێکیش دەبێ بە ڕێسا و یاسا بکرێ. ئێمە وەک کورد خاوەن کلتور و ئادابی جیاوازین هەر ئەم کلتور و ئادابەش وایکردوە جیاواز بین. کاری مۆدێل گەرچی بۆ ئێمە شتێکی نوێیە ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێمە بڵاوەدەبێتەوە لێرە وەک پیشە سەیر ناکرێت و هەر کەسێک هەلسێ بڵێ من مۆدێلم ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی گۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیکتر لابدات ببینە لاسییکەرەوەی وڵاتە بیانییەکان.

یوسف مجید ئەحمەد، قوتابی لە پەیمانگای تەکنیکی پزشکی هەولێر گوتی: کاری مۆدێل لە کوردستان تەنیا جوڵاندی ئارەزووی سێکسی گەنجانە بۆیە پێموایە گەر کۆنترۆڵی لەسەر نەبێت کاری مۆدێل کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێرەدەبات، ڕێگایەکی ئاسانە بۆ بەناوبانگ بوون، بەڵام لە سنووری مۆدێلی نا. بەڵێ بێگومان کارێکی تەقلیدیە، بەڵام لەسەر ڕێچکەی وان ناڕۆن، چونکە کاری مۆدێل لە وڵاتان نمایشکردنی جل و بەرگ و کاڵایە، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمە بە دووڕە لە لایەنی نمایشکردنی جل و بەرگ و ئەوشتانەی کە پێویستە مۆدێل بکات و زیاتر سەرنجەکە لەسەر ئافرەت و لەش و لاریەتی. ئەگەر هاتوو لەسەر هەمان ڕێچکەی بیانی بڕوات کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگا دەبێت لە ڕووی باشییەوە و ئەوەیکە گەنجەکانمان بە هەر دوو ڕەگەزەوە دەتوانن وەک پیشە سوودی لێببینن.

هۆکارەکانی نارێکی سوڕی مانگانە



ئا/ وریشە عومەر

بەشێوەیەکی گشتی ماوەی نێوان هەر سوڕێکی مانگانە 28ڕۆژە، بەڵام ئەگەر ئەم ماوەیە زیاتر بوو واتە لەنێوان 21 - 35 ڕۆژدا بو، ئەوا هەر بە سروشتی دانراوە و هیچ گرفتێکی لە ڕووی تەندروستییەوە نییە. دواکەوتنی سوڕی مانگانە سەرەکیترین سەرچاوەی دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیریە لەخانماندا، جگە لەو حاڵەتانەی کە بەهۆی سکپڕییەوە ڕوودەدەن، بەڵام سکپڕی فاکتەری سەرەکی نییە بۆ دواخستنی سوڕی مانگانە، هەروەها سوڕی مانگانە دەستنیشانکەرێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی بارودۆخی گشتیی تەندروستیت.

لێرەدا چەند هۆکارێک هەن کە کاریگەرییان هەیە دەبنە هۆی تێکچوونی سوڕی مانگانە. بۆ مەبەستی زانینی هۆکارەکان دواکەوتنی سوڕی مانگانە دکتۆرە (قەمەر خۆشناو) پسپۆڕی نەخۆشی ئافرەتان و منداڵبوون، لەلایەڕەی تەندروستی تایبەت بە نەخۆشی ئافرەتان بەمشێوەیە دەدەوێت.

ناهاوسەنگی هۆرمۆن: سەرەتا دکتۆرە قەمەر بەم جۆرە باس لەو دیاردەیە دەکات: خانمان بە شێوەیەکی ئاسایی 21-35 ڕۆژ جارێک دەکەونە سوڕی مانگانەوە، ئەگەر زووتر یا خود درەنگتر لە وادەی خۆی بێت، دەکرێت نیشانەی تێکچوونی هاوسەنگی هۆرمۆنەکان بێت کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی قەلەقی، سەرئێشە، بێهێزی، تورەیی، ئارەقکردنەوە لە شەواندا و زیادبوونی کێشی لەش. لە درێژەدا خاڵەکان بەمشێوەیە باسدەکات:

پەیدا بوونی کێشە لە ئێسکدا: هاوسەنگی سروشتی لە نێوان هۆرمۆنی ئیسترۆجین، پرۆجیسترۆن و تێستێستیرۆن، تەندروستی ئێسکەکان دەردەخەن، ئەگەر سوڕی مانگانە بشێوێت، دەکرێت نیشانەی ناتەواوی ئێسکەکان بن.

کێشە لە غودەی دەرەقیدا: نارێکی سوڕی مانگانە بۆی هەیە لە ئەنجامی کێشەیەک بێت لە کارکردنی غودەی دەرەقیدا، دەبێتە هۆی هەستکردن بە ماندویەتی، زیادبوونی کێشی لەش، خەمۆکی، بەرزبوونەوەی کۆلسترۆڵ.

نارێکیی کێشی لەش: سوڕی مانگانە نیشاندەرێکی باشە کە ئایا کێشی لەش تەندروستە یاخود نا، جگە لە زیادبوونی کێش، بە هەمان شێوە دابەزینی کێشیش دەبێتە هۆی تێکچوونی سوڕی مانگانە، بە تایبەتی لە ڕێجیمی قورس و ڕاهێنانی لە ڕادەبەدەر، کە لە هەندێک حاڵەتدا سوڕی مانگانە بە تەواوی دەوەستێنێت.

گوشاری دەرونی زیاد لە سنور: هۆرمۆنی (ئەدرینالێن) ناسراو بە هۆرمۆنی ترس و دڵەڕاوکێ، لە بارودۆخی قەلەقی و گوشاری دەرونی دەردەدرێت و کاریگەری نەرێنی لەسەر هاوسەنگی هۆرمۆنەکانی دیکە بەجێدەهێڵێت تا ڕادەیەک بێتە هۆی ڕێگری لە دووگیان بوون. ئەگەر سوڕی مانگانەت وەستا، پێویستە کەمێک کات بۆ خۆت تەرخان بکەیت و خۆت لە قەلەقی و خەمخواردن بپارێزیت.

کێشە لە کۆئەندامی زاوزێ: ئەگەر سوڕی مانگانەی قورس بەڕێدەکەیت، خوێنێکی لە ڕادەبەدەر دەبینیت "نزیف" و هەست بە ئازارێک زۆر دەکەیت، دەکرێت ئەمانە نیشانەی ناتەواویەک بن لە کۆئەندامی زاوزێ، دەکرێت ئەمانە نیشانەی بە ڕیشاڵبونی منداڵدان، (ئیندۆمەتریۆسیس) دروستبوونی شانەی منداڵدان لە دەرەوەی منداڵدان، یاخود کیسی سەر هێلکەدان بن. ئەگەر خوێن بە شێوەی کلۆخوێن ببینیت و لە بڕی ئاسایی زیاتر بوو، دەبێتە هۆی کەمخوێنی، هەستکردنی بە ماندووبوونی تا ڕادەی لەهۆش چون، پێویستە بە زوویی سەردانی پزیشکی ئافرەتان بکەیت.



ئایا نەخۆشی دەرونی لەڕێگەی دایک و باوک بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە؟



ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لە زانکۆی "ناتینگهام" بە دانانی بەرنامەی خواردنێکی دیاریکراو لە پرۆتین لەسەر مشکی تاقیگە ئەنجامدرا پیشانیدا کە بەچکە مشکەکانیان تووشی قەڵەوی و هەروەها شەکرەی جۆری دووهەم و هەروەها خستنەڕووی کەمی جێنی بالانسی میتابولیسمی چەوریەکان بوون. بەر لەوەش دڵنیابوونەوە کە تووی پیاوانی قەڵەو، جگەرەکێش، تووشبووی شەکرەی جۆری دووهەم و ئەوانەی کحول دەخۆنەوە لە ڕووی چۆنیەتییەوە لاوازە. سەرەڕای ئەمانەش کاریگەری ڕوونی ئەم هۆکارانە لەسەر نەوەی داهاتوو سەتاسەد نەسەلێنراوە. بەردەوام زانیاری جۆراوجۆر لەسەر کاریگەری شێوازی ژیانێکی تەندروست و هەڵبژاردنی خواردن بۆ ئەو خانمان دەستەبەر دەکرێت کە پلانی دووگیانبوونیان هەیە، بەڵام لە بابەتی باوکەوە ئەم بابەتە پشتگوێ خراوە. لێکۆڵینەوە نوێیەکان دەریانخستووە کە ڕجیمێکی تەندروستی خوردن بۆ باوکان لە کاتی دروستبوونی کۆرپەلە کاریگەری لەسەر میتابولیک و گەشەی منداڵ لە دریژخایەندا هەیە و گەر ڕوونتر بوترێت، ڕجیمێکی دیاریکراوە بە پرۆتین هۆکارە بۆ گۆڕانکاری لەسەر DNAو سپێرماتۆزۆئیدەکان دادەنێت. زۆر گرنگە گەر بزانن کە سپێرماتۆزۆئیدەکان بەرپرسن لەسەر نیوەی ئەو جینانەی کۆرپەلە دروست دەکەن و هەر لەسەر بنەمای هەمان لێکۆڵینەوە پێکهاتەی پلاسمای ناوەکی دەتوانێت لە ڕێگەی جۆری خواردنی باوکە بگۆڕدرێت. ماسی، هێلکە، شیرەمەنییەکان، دانەوێلەکان، بەرهەمە گەنمییەکان و میوە وشککراوەکانی وەک هەنجیر و قەیسی و چەرەزەکان کە سەرچاوەی دەوڵەمەندی پرۆتینن و لە هەندێ لێکۆڵینەوەی دیکەدا خواردنی گوێز، باوی و بوندق بەتایبەت لەسەر چۆنیەتی سپێرم و تووی پیاوان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە.

یەکێکیتر لەو خواردنانەی بۆ تەندروستی کۆرپەلە پێویستە ئەسید فولیکە کە بەر لە دووگیانی پێویستە بە ڕادەیەکی زۆر لە خواردنی دایکدا بگونجێرێت. تەنانەت پێویستە باوکیش ڕەچاوی ئەو بابەتە بکات. ئەمە بە واتایەکیتر دەڵێت کە جۆری خواردن و ئۆلگوی ژیانێکی تەندروست لە باوکاندا کاریگەری لەسەر تەندروستی منداڵان هەبێت.

حاڵەتە ڕۆحییەکانی باوک کاریگەری لەسەر تەندروستی ڕۆحی منداڵ هەیە: پاش جۆرەها لێکۆڵینەوە سەلێنرا کە زۆر هۆکار وەک تەمەنی زۆری باوک، خواردنی ناتەندروست، کار، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی و نەخشییەکان دەتوانن کاریگەری مەودا کورت یان درێژخایەنی لەسەر کۆرپەلە هەبێت بە شێوەیەک کە هەندێ لە کاریگەرییەکان تا کۆتا تەمەن لەگەڵ منداڵ دەمێنێەوە. حاڵاتی ڕۆحی دایک و باوک و تەمەنی سەرووی دایک و باوک دەتوانێت کاریگەری لەسەر شێواندنی کرۆمۆزۆمی هەبێت، بەڵام ئەوەیکە ئایا ئەم هۆکارانە لەسەر پێکهاتەی جێنتیکی هێلکە و تووی کاریگەرییان هەیە یان نا وەڵامێکی دڵنیایی کەرەوە بەردەست نییە. بە پێی هەندێ لێکۆڵینەوە، خەمۆکی قوڵی باوک کاریگەری لەسەر چالاکی سپێرم هەیە. هەندێ نەخۆشی دەروونی کە تایبەت بە ڕەگەزن، دەتوانێت لە ڕێگەی دایک یان باوکە بۆ منداڵ بگوازرێتەوە. گرنگییپێدانی یەکجار زۆر بە ڕۆڵی دایک لە کاتی دووگیانی بووەتە هۆکار بۆ پشتگوێ خستنی ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی باوک لەو پرۆسەیەدا.



ئایا سەرۆک وەزیرانی راسپێردراو دەتوانێ قەیرانی چارە بکات؟!

خەبات :تریفە ئازاد

1ی شوبات 2020بەفەرمی محەمەد توفیق عەلاوی وەکو سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق ناوزەدکرا، ئەمەش لەکاتێکدابوو کە عادل عەبدولمەهدی لەژێر فشار و هەڕەشە دەستی لە پۆستی سەرۆکایتی حکومەتی عێرق هەڵگرت و بووە قوربانی فشاری شەقام کە داوای چاکسازی و گۆرینی حکوومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی عێراقیان دەکرد، هەروەها لایەنە سیاسییەکانی عێراقیش کەهەموویان بە تەوافق عادل عەبدولمەهدیان کاندید کردبوو بۆ ئەو پۆستە، ئەوانیش سواری مەوجەی خۆپێشاندەران بوون دژی مەهدی راوەستان و ئێستاکە بەشێوەیەک لە شێوەکان هەندێکیان لەبەرژەوەندی خۆیان جێبەجێکردنی ئەجندایەکی دیاریکراو پشتیوانی لە سەرۆک وەزیرانی راسپێردراو نوێی عێراق دەکەن. ئایا سەرۆک وەزیرانی راسپێردراو دەتوانی قەیرانی چارە بکات؟! و لایەنە ناکۆکەکان لەهەف بهێنێ و هەژموونە ناکۆکەکانی سەر عێراق لابەرێت و ولات بەرەو کەنارێکی ئارام و حکوومەت رووەو دەوڵەتێکی مەدەنی ئاراستە بکات؟!. لێرەدا راوبۆچوونی شارەزاو چاودێران دەربارەی ئەم مژارە دەخەینەروو.

نەبووونی ئەجێندایەکی روونی عێراقیانە

د.نەدا مێرگەسۆری، پەرلەمانتاری پێشووی عێراق لە بارەی دیاری کردنی محەمەد تۆفیق علاوی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی:

سەرەڕای ئەوەی کە ڕاسپاردنی کاندیدی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق (محمد توفیق عەلاوی) لە کاتە دەستوری و یاساییەکانی خۆی زۆر تێپەڕیوەو دەبوایە بە پێی دەستور لە مێژبوایە ئەم بابەتە یەکلاکرابوایەوە، بەڵام هەر خۆی دەست نیشان کردنی کەسێک لەو گێژاو ئاڵۆزییەی عێراقی پێ تێپەڕدەبێت پێنگاوێکی باشە. بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەو هەموو کێشەیەی بەرۆکی عێراق گرتۆتەوە، بە دانانی سەرۆک وەزیرانێکی نوێ چارەسەر دەبێت بێگومان نەخێر، بەڵام یارمەتیدەر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکان، ئەویش ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی عێراق، بە تایبەت لایەنی شیعی بیانەوێت و ئیرادەی چارەسەرکردنی گرفتەکانیان هەبێت ,هەر کەسێک لە پۆستی سەرۆک وەزیران بێت، جگە لەوەی کە پاڵپشتی بکرێت لە لایەن لایەنە سیاسییە ناوخۆییەکان بە تایبەت شیعییەکان، دەبێت لە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتە سەرەکییەکانی ئەو خەڵکە ڕەشوروتەش بێت کە لە سەر شەقامەکانن و بە دوای خزمەتگوزرایی سەرەتایی و خۆشگەزرانییان دەگەڕێن. ڕاستە هەندێکیان لە لایەن ئەم و ئەو لایەنە سیاسیە دەجولێنرێن، بەڵام هەموو خەڵکی عێراق بەدەستی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنێت. مافی خۆیانە داوای خۆشگوزەرانی بکەن. ئەمە جگە لەوەی کە پێویستە عێراق بە ئەجێنداو بەرنامەی عێراقیانە بەڕێوەبچێت و خۆی دووربخاتەوە لە دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەیی لە وڵاتەکەی و سەرکردەکان، خەمیان خەمی بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق بێت، نەک خەمی بەرژوەندییەکانی ئەو وڵاتانەی کە هەژموونی خۆیان باش لە عێراق داکووتاوە، ئەمە جگە لەوەی کە دەبێت خۆیان لە چوارچێوەی مەزهەبگەری بێنەدەر و بۆ تەواوی گەلی عێراق و بێ جیاوازی دەوڵەتداری بکەن. ئەوەشی کە تایبەتە بە هەرێمی کوردستان. هەر سەرۆک وەزیرانێک لە عێراق گەر هەوڵی دژایەتی کردنی هەرێمی کوردستان ومامەڵەکردنێکی نادەستوریانە بکات لەگەڵ ئەو کیانە دەستورییە، کارێکی باش ناکات و کێشەو گرفتەکانی نێوان هەر دوو حکومەت زیاتر دەکات. بۆیە سەرۆک وەزیرانی راسپێراو دەبێت زۆر بە وریاییەوە سەرەدەری لەگەل شەقام و لایەنە سیاسییەکان و هەرێمی کوردستان بکات، بۆئەوەی بتوانێت لەم پۆستەی دا سەرکەوتوو بێت. هەچەند دووبارەی دەکەمەوە کە کێشە لە دانانی کەسەکان نییە، کێشە لە عەقڵیەتی بەڕێوەبردنی ئەو عێراقەو نەبووونی ئەجێندایەکی ڕوونی عێراقیانەیە.

محەمەد تۆفیق عەللاوی ناتوانێت نارەزایەتیەکانی شەقامی عێراقی دامرکێنێتەوە

سەلاح بەیتولا ئاکرەیی نوسەرو چاودێری سیاسی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: ڕاسپاردنی بەڕێز موحەمەد تەوفیق عەلاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی ئەنجومەنی وەزیرانی وەک جێگرەوەی حکومەتی کاربەڕێکەری عادل عبدالمهدی لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە بە شێوەیێکی فەرمی بە بوچوونی من ناتوانێت نارەزایەتیەکانی شەقامی عێراقی دامرکێنێتەوە چونکە عێراق هەم لە سەر ئاستی نێوەخو و هەم لە سەر ئاستی هەرێمی ڕوبەڕوی کومەڵێک کێشەی سیاسی ،ئابووری و دارایی،کومەڵایەتی،ئەمنی، هتد زۆر گەورە بۆتەوە هۆکاری سەرەکی هەموو ئەم کێشانەی ئێستای ئەم وڵاتە کە لە ئارادان کەڵەکەبوی ئەو حوکمڕانیە فاشیلەی ڕابردووە هەتاکو ئەمرۆ نوخبەی سیاسی دەستەڵاتدارانی عێراق لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسی فاشیەوە نەیانتوانیوە شتێکی وا پێشکەش بە گەلانی عێراق بکەن کە شایانی باسکردن بێت لە هیچ ڕوییێکەوە بۆیە کێشەی هاوڵاتیان گۆڕینی کەسەکان نیە بەڵکو کێشەکان زور لەوە ئاڵوزترو گەورەترن و گۆڕینی دەوڵەت بە شێوەیێکی گشتی داواکاری خەڵکە لێرەوەیە کە دۆخەکە لە ئایندەدا وای دەبینم بەرەو ئاڵوزتر بوون پەل بهاوێژێت ئەگەر لە لێدوانە سیاسیەکانی ئەم دوایەش ورد ببینەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کاتێک کە داوا ی هەڵبژارنی پێشوەختە دەکرێت مەبەست لێی گۆڕینی سیستەمی دەوڵەتی عێراقە بە گشتی بە چەشنێک کە دوور لە کاریگەری ئەجندای سیاسی دەرەکی بێت شەقامی عێراقی زۆر باش لەمە گەیشتووە کە دەسەڵات دارانی ئێستای عێراق ئیرادەی سیاسی خۆیان لە دەست خۆیاندا نەماوە و لە دەرەوە فەرمانیان پێدەکرێت هەر ئەمەشە وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکان کە گەلی عێراقی ڕووبەڕوی قەیران گەلێک بۆتەوە دەرباز بوون لە دوخێکی وەها ئاڵوز کە بەرۆکی عێراقی گرتوتەوە کارێکی ئاسان نیە چارەسەری ڕەوشی سیاسی عێراق لەوەدا دەبینم کە ئەم وڵاتە هەتاوەکو بەشێوەیێکی سیستماتیک بەڕیوە نەچێت واتە بەرەو دامەزراوەیی بوون وەعەقڵی دیموکراسی زاڵ نەبێت بەسەر نوخبە سیاسی دەستەڵادار و یاسا نەبێتە سەروەر هەرگیز بارودوخی ئاڵوزی ئەم وڵاتە نەک هەر کوتایی نایەت بەڵکو زیاتر بەرەو ناهەمواری و ماڵوێرانی دەبات لە کوتایی دا دەڵێم ڕاسپاردنی بەڕێز عەلاویش ناتوانێت وەڵامدەرەوەی داخوازیە رەواکانی هاوڵاتیانی عێراق بێت و ئەمە چارەسەرێکی ریشەیی نیە ونابێت بو کۆتایی هێنان بە دوخێکی قەیراناوی لەم چەشنە.

پشتگیرییە نێودوەڵەتییەکان دەکەوێتە سەر هەنگاو و پلانەکانی سەرۆک وەزیران بۆ داهاتوو

هەرێم جەعفەر شارەزا لە کارو باری نێو دەوڵەتی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی:محەمەد تۆفیق عەللاوی یەکێک بووە لە سیاسەتمەدارە میانڕەوەکان و تا ڕادەیەک دوورە لە فیکری مەزهەبی توند، چاوەڕوانیش دەکرێت، هەوڵ بۆ دروستکردنی حکوومەتێک بدات کە کەمتر دەستێوردانی تێدا بکرێت. وڵاتانی باڵادەست لە ناوچەکە، بۆ پشتگیرکردنی هەر کەسێک، مەرجی خۆیان هەیە و بیر لە پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە. پشتگیریی کردنیان بۆ عەللاوی لەسەر هەمان بنەما دەبێت. وڵاتانی ناوچەکە، عێراقیەکان چاویان لەوەیە، حکوومەتێک دروست ببێت کە سەقامگیریی بۆ عێراق بگەڕێنێتەوە. بۆ ئەمەش دوو جۆر فشار دەخرێتە سەر سەرۆک وەزیران. ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی داوا دەکەن هەژموونی ئێران لە عێراق و کاریگەری میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ئێران کەم بکرێتەوە. تاران و هاوپەیمانەکانیشی، سوور دەبن لەسەر ئەوەی عێراق بۆ ئێران ناوچەیەکی سەلامەت بێت و سوپای ئەمەریکاش لە ناوچەکە بکرێتەوە دەرەوە یاخود لانی کەم چالاکییەکانی سنووردار بکرێت. لە ئێستادا کە ناکۆکییەکانی واشنتن و تاران زۆرە، ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوانیان، کارێکی سەخت دەبێت، هەر حکوومەتێکیش پشتگیریی هەردوولا بەدەست نەهێنێت، زوو دووچاری شکست دەبێت. بەمجۆرە پشتگیرییە نێودوەڵەتییەکان دەکەوێتە سەر هەنگاو و پلانەکانی عەللاوی بۆ داهاتوو، ئەگەرچی ئەگەر هەیە پێش ڕاسپاردنی، هەندێک گەرەنتی دابێتە وڵاتانی باڵادەست.



د.نەدا مێرگەسۆری: پێویستە عێراق بە ئەجێنداو بەرنامەی عێراقیانە بەڕێوەبچێت و خۆی دووربخاتەوە لە دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەیی



سەلاح بەیتولا ئاکرەیی: دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق ئیرادەی سیاسی خۆیان لە دەست خۆیان نەماوە و لە دەرەوە فەرمانیان پێدەکرێت



هەرێم جەعفەر: عێراقییەکان چاویان لەوەیە، حکوومەتێک دروست ببێت کە سەقامگیریی بۆ عێراق بگەڕێنێتەوە



سوورە مەرگەیی

عێراق بەرمیلێک بارووتە و لە لێواری تەقینەوە دایە

لە درووست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە ئەو وڵاتە هیچ کاتێک وەک ئێستا پەرپووت و لاواز و لەرزۆک نەبووە، بە درێژایی مێژووش بارودۆخی عێراق دژبەری چارەنووسی کورد بووە و هەر کاتێک بەغدا بەهێز بووبێ کورد قڕان و کاول کردنی کوردستان لە پێشینەی کارەکانی بووە، دەبێ کورد کەڵک لەو پەرپووتی و لەرزۆکی و لاوازیەی حکومەتی عێراق وەربگرێ، کاتێکیش کورد دەتوانێ ئەو هەنگاوە بنێ و کەڵک لە پەرپووتی و لاوازی عێراق وەربگرێ ، کە کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی و تەبایی ناو حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بکاتە ئەو چەکەی کە وەڵامی ئەو پەرپووتی و لاوازیەی بەغدا و ئەو قۆناغە هەستیارەی پێ بداتەوە.

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ هەندێ کەس و دەستە و گرووپ پەند لە مێژوو وەرناگرن و نایانەوێ کەڵک لەو پەرپووتی حکومەتی بەغدا و پەرتەوازەیی ناوماڵی شیعە و سوننە لە لایەک و ناوماڵی شیعە لە لایەکی تر وەربگرن، وەک ئەوەی رێکخستنەوەی ناوماڵی کورد و تەبایی و کۆدەنگی ناو حزب و لایەنەکانی کوردستان تاوان بێ، هەر کەسێک باسی گرنگی تەبایی و کۆدەنگی بکات ئەو کەس و دەستە و گرووپانە پێی دەڵێن: تۆ پارتی، وەک ئەوەی کوردبوون و کوردایەتی کردن خەتا و خیانەت بێ، هەر کەسێک باسی کوردبوون و کوردایەتی بکات، دەڵێن: تۆش بوویتە پارتی، هەر کەسێک لە بۆنەیەکیشدا ئاڵای کوردستان بەرز بکاتەوە، دەڵێن: فڵانە کەسیش بۆتە پارتی، واتا ئەو کەس و دەستە و گرووپانە بەها و رەمزە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان بە مڵکی پارتی دەزانن، ئەوەش جیا لەوەی پارتی پێ دەکەنە خاوەنی پرسی کورد کە بەڕاستیش خاوەنیەتی، خۆیانی پێ لە هەموو پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان بە دوور دەگرن، بۆیە ئەو کەس و دەستە و گرووپانە تا بەرژەوەندی گشتی و بەها و رەمزە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان نەخەنە پێش بەرژەوەندی کەسی و سەرووی بەها و رەمزە حزبییەکان، نابینە خاوەنی ئەو دەنگ و رەنگە کوردایەتییەی بتوانن وەڵامی ئەو قۆناغە هەستیارەی پێ بدەنەوە و ناشبینە خاوەنی ئەو هێزەی لە رووی حکومەتە پەرپووت و لەرزۆکەکەی بەغدا بەهێز دەربکەوین.



سەرۆکاتیا دادگەها تێهەلچوونا ناوچا دهوك
دادگەها کەتن سێمێل
ژمارە/ ١١٠/کەتن/٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/١/٢٨
ئاگەهداری
بۆ تومەتبارێ رەڤی
تومەتبارێن رەڤی (ارام سعید حمه جان و كرمیان سعید حمه جان و شاخوان حسین فرحان)
دەمێ هوین تومەتبار دکێشا ژمارە ١٧/ اساس/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن سێمێل ل دیڤ بەندێ ٤٥٣ دگەل بەندێن هەڤپشك ٤٧و ٤٨ و ٤٩ ژ یاسا سزا ژ بەرکو جهێ ئاکنجی بونا هەوە نەدیارە بریار هاتەدان هوین بهێنە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو روژنامێن نافخویی دا ئامادەبن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەهیا روژا ٢٠٢٠/٤/٨ بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا وە هێتە کرن ب پاشملە غیابی لدیڤ یاسایی.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/٢٩٧/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عبدالالە صالح مصطفی
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٢٩٧/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٩ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بە شێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاری دا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێنرێت. بەپێی ماددەی حەوتەم لە یاسای بەرەنگاربوونی توندوتیژی خێزانی مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/٢٣٤/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ مازن انور صافی
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٢٣٤/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٧ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ بە شێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاری دا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێنرێت. بەپێی ماددەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/٤١/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ تونی علی ئەتو
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٤١/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٩ لەسەرت بە پێ بژاردن (غرامە) بەبری (١٥٠،٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار ئەگەر نەیدا بە بەندکردن بۆماوەی ٢ دوو مانگ بە شێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاری دا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێنرێت. بەپێی مادده ٢٤٠ لە یاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/٧٩/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سوجان علی سمین
ئاگادارکردنەوە (سزا)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە پشت بەستن بە ماددەی ١٤٣/ج لە یاسای دادگای سزای دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کەتۆمەتباری بەپێی مادە ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر ٩ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٧ بۆ دادگایی کردنت بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبیت بەرامبەر دادگا
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/٣٥٧/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٣٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سوجان سمین علی اکبر
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٣٥٧/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/٢٩ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بە شێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاری دا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێنرێت. بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/٢٤٠/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عبدالالە صالح طە مصطفی
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٢٤٠/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٦ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بە شێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاری دا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێنرێت. بەپێی ماددەی حەوتەم لە یاسای بەرەنگاربوونی توندوتیژی خێزانی مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە/ ٢٠/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ یونس حبیب باوە
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٢٠/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگایی کردنت بە پاشملە غیابی لە ڕۆژی ٢٠١٩/١١/١٦ دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنت بۆ ماوەی ١٥ پانزە ساڵ بەپێی ماددەی ٤٢٢ لە یاسای سزادان بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیێنین کە لە ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی مادەی ٢٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانەلێدانت (اعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە. بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە/ ١٦٢/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هاوری مؤید محمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ١٦٢/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگایی کردنت بە پاشملە غیابی لە ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٥ دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنت بۆ ماوەی ٧ حەفت ساڵ بەپێی ماددەی ٤٤٣ لە یاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیێنین کە لە ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی مادەی ٢٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانەلێدانت (اعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە. بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
ناوچەی هەولێر
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە/ ١٩١/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عبدالکریم دوبان سلمان
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ١٩١/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگایی کردنت بە پاشملە غیابی لە ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٨ دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنت بۆ ماوەی ٦ شەش ساڵ بەپێی ماددەی ٣١٠ لە یاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیێنین کە لە ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی مادەی ٢٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانەلێدانت (اعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە. بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە/ ٣٣٣/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هاوری مؤید محمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٣٣٣/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگایی کردنت بە پاشملە غیابی لە ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٣ دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنت بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی ماددەی ٣١/٤٤٣ لە یاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیێنین کە لە ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی مادەی ٢٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانەلێدانت (اعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە. بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە/ ٢٣٢/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ دلخواز سلیمان صادق
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٢٨٩-٢٩٨ لە یاسای سزادان و سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جێگاکەت لەکاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا پالپشت بە ماددەی ١٤٣ لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٢١ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی / ٣
ژمارە : ١٢٩٩ / ب / ٢٠١٩
بەروار : ٤ / ٢ / ٢٠٢٠
ئاگاداری
داواکار : سمر أحمد جمیل
داوالەسەرکراوان : گۆران عزیز أحمد و دیار عزیز أحمد – سەرەرای میراتی میراتگرەکان(عزیز أحمد أمین)
ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٢ بڕیارێکی دەرکرد بە:-
١ – قررت المحكمە إلزام المدعی علیهما إضافە لتركە مورثهما بدفع مبلغ قدرە (١٤٨،٥٠٠،٠٠٠) مائە وثمانیە و أربعون ملیون و خمسمائە ألف دینارا الی الدعیە مناصفە.
٢ – رد دعوی المدعیە بمبلغ قدرە (٣١،٥٠٠،٠٠٠) أحدی وثلاثون ملیون و خمسمائە دینارا.
علیهما المصاریف والأتعاب لوكیل المدعیە بمبلغ قدرە (٢٠٠٠٠٠٠) ملیونان دینارا .
وە لەبەر ئەوەی ئێستا ڕێ و شوێنی نیشتەجێی داوالەسەرکراوان نادیارە، ئاگادارتان دەکەینەوە کە بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ ئاگاداری ناوبراوان بکەنەوە بۆ ئەوەی لەماوەی یاساییدا ڕەخنە و پێداچونەوە لە بڕیارەکەدا بکەن، بە پێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ سۆران عمر محوی
* * *
رێڤەبەرییا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوكێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٢/٣٠٠/١/١
رێکەفت: ٢٠٢٠/١/٢٨
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (گورەپانا راوەستاندنا ترومبێلێن تریلە و تانکر) لسەر پارچە زەڤی یا ژمارە (٢) کەرتێ ٦٤ کەلەکچی بو ماوێ (٢) سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا کەلەکچی بکەت د ماوێ ٣٠ روژا دا ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا کەلەکچی دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
رێڤەبەرێ گشتی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
ژمارە/ ٥٨٦
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٣٠
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیة) هەڵدەستێ بە فرۆشتنی موڵکی ژمارە (٢٢١ کەرتی ٤٥ وارش) کە تۆمارە بە ناوی قەرزار (محمد وهاب نصرالدین) و بارمتەی خراوەتە سەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف العراقی للتجارة) لە جیاتی قەرز بڕی پارە (١٢٦٩٩٨٣٣٧٠٩) دوانزە ملیار و شەش سەد و نەوەدو نۆ ملیۆن و هەشت سەد و سی و سێ هەزارو حەفت سەد و نەوەد دینار و تەواوی زانیاری لەسەر موڵکەکە لە خوارەوەی ئەم جاردانە نووسراوە هەرکەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە باسەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی ١٥ پازدە ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنەکە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر ١٢ی دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بروانامەی عێراقی هەبێت و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی موڵکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت و ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.
زانیاری لەسەر موڵکەکە:
- خاوەن قەرز (مصرف العراقی للتجارة)
- خاوەن موڵك (محمد وهاب نصرالدین)
- جۆری موڵك (ملك صرف)
- ڕووبەر (١١٢٩،٧٥م٢)
- ژمارە موڵك ٢٢١ کەرتی ٤٥ وارش
- شوێنی موڵك (هەولێر خانقاە / بازار/لە شاری هەولێر بەرامبەر هوتێل شیراتۆن/ شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی ٢٠م سەرەکی بازرگانی یە\
- پێکهاتەکەی/ بالەخانە پێکهاتووە لەژێر زەمین و چوار نهۆم و کە دوکان و شوقەی لەسەر دروست کراوە کۆی دوکانەکان ٩٥ نەوەد و پێنج دوکانە و ٢٤ بیست و چوار شوقە هەر شوقەیەك پێکهاتووە لە دوو ژوور و مطبخ وحمام و مرافق لە بلۆك و کۆنکریت دروستکراوە و پارچە زەویەکی سیاجکراوی لەگەڵە بە ڕووبەری ٤٠٠م٢.
بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید أدم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ٢٠١٩/٨٨
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٤
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە (٢٩٠/٤) کە کەوتۆتە ٤٦ وارش دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار برهان گول احمد کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لە جیاتی قەرزی سهام باقی کریم بەبری ٢٤٨،٠٠٠،٠٠٠ دووسەدو چل و هەشت ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزومەندە لەماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.
ئاکارەکان:
١- شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٢٩٠/٤ ك ٤٦ وارش
- ڕەگەزو جۆری / مولکی تەواو
و- سنوور و ئاگاداری / وەك لە خشتەدا هاتووە.
ی- پێکهاتەکەی / لە دوو خانووی کۆن بەتال وەك یەك
٥- ڕووبەرەکەی / ١٨٣م٢ لە دوو نهۆم ، یەکەم ٢ ژوور حمام و مطبخ و نهۆمی دووەم لە یەك ژوور
٦- نیشتەجێکەی/ لە پێشەوەی دوکانی گص کوێستان
٧- نرخی قرساو/ ٣٠٦،٢٥٠،٠٠٠ ملیۆن دینار بەشی میرات گران مردوو برهان گول احمد
٨- جگە لە پشکی سهام باقی کریم.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزە
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/١
ژمارە/ ٥١٥٨/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٤
ئاگانامە
داواکار/ علی اسعد خورشید ناونیشان/ سلێمانی
داوالەسەرکراو/ اسعد خورشید
محمد ناونیشان/ نادیارە
داواکار علی اسعد خورشید داوایەکی بە ژمارە ٥١٥٨/ش/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایەدا هاتووە بە (چەسپاندنی ڕەچەڵەك) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەرواری ٢٠٢٠/٣/٣ کاتژمێر ١٠:٢٥ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکارتان ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادوەر/ د. سردار علی عزیز
* * *
مدیریة الجنسیة و الاحوال المدنیة لمحافظة اربیل الواقعات
رقم: ١٧٩٥٠
تاریخ: ٢٠١٩/١١/٢١
اعلان
قدم المواطن (فؤاد عمر میرخان) دعوی فی هذه مدیریه لتبدیل الاسم ابنة من (عائشه) الی (فیردوس) فمن لدیه اعراض مراجعه هذه مدیریه خلال ١٥ ایام من تاریخ نشره فی الجریده و بعكسه فسوف تنظر هذه المدیریه فی الدعوی وفق احكام الماده ٢٢ من قانون البطاقه الوطنیه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.
اللواء الحقوقی/ نشات ابراهیم شلال
مدیر الاحوال المدنیة و الجوازات و الاقامة/ وكالة
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی/ میلاکات
ژمارە: ١٢٤٨/١٠٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٣٠
بۆ/ بەرێز (نصار یوسف حمید) (ڕووپیو)
لە (بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دیبەگە)
ئاگادارکردنەوە
لەرێکەوتی (٢٠١٩/١/٦) داوای مۆڵەتی بێ مووچەت کردووە بەبێ دەرچوونی فەرمانی مۆڵەت لەدەوام دابڕاوی تاکو ئێستا دەستت بەکار نەکردۆتەوە ئاگادارت دەکەینەوە لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناو هەرێمی لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەی خەبات دەست بەکار بکەیتەوە بەپێچەوانەوە کۆتایی بەراژەت دینین.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
* * *
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
هۆبەی سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە: ٨٧٩/٢/٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٣
بۆ/ بەرێز (بروا یاسین عزیز) فەرمانبەر
بەناونیشانی (ی. تویژەر/ معید)
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
لەبەر دەستبەکارنەبوونەوەت دوای تەواوبوونی مۆڵەتی بێ مووچە لە ٢٠٢٠/١/١٩ داوات لێ دەکەین بگەڕێیەوە سەرکار لەماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێمی ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئاگادارییمان لەیەکێك لە ڕۆژنامە فەرمییەکان بەپێچەوانەوە دەستبەردار دەبیت لەکارەکەت بەپێی برگەی ٤ مادەی ٣٧ لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو.
پ.ی.د.سیروان عارب صادق
ڕاگری کۆلێژ
* * *
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەڕێگای لیژنەی زیادکردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیة) هەڵدەستێ بە بەکرێدانی کۆشکی ژمارە ١ یەك لە پارکی (گڵکند) لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ٣٠ یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٤ لەناو دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیمان بکات بۆ دانانی بارمتە (تأمینات)ی یاسایی، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی.
ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی
ئەندازەی پارکەکانی هەولێر
* * *
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەڕێگای لیژنەی زیادکردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیة) هەڵدەستێ بە بەکرێدانی کۆشکی ژمارە ٢ دوو لە پارکی (منارە) لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ٣٠ یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٤ لەناو دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیمان بکات بۆ دانانی بارمتە (تأمینات)ی یاسایی، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی.
ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی
ئەندازەی پارکەکانی هەولێر
* * *
دادگەها بەرایی / زاخۆ
ژمارە /٣٥٩/ ب/٢٠١٩
التاریخ/ ٢٠٢٠/٢/٢
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو /(زاهدە نعمت شاهین) جهێ ئاکنجیبینا تە یا بەرێ زاخو – عەباسیك - جارجرا , جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە .
ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠١٩/١١/٢٠) ل داوا ژمارا (٣٥٩/ب/٢٠١٩) بریار دا ب مولك کرنا خانووبەرێ ژمارە (٢٧٢/٤ کەرتێ ١١ شکفت مارا) (عەرد وئاڤاهی) بناڤێ (سالم خلف سیسو) و دگەل خەرجی خستنە ئەستوو ماندیبوونی پارێزەر بو بریکارا داواکاری پارێزەر (خدیجة علی مصطفی) ب کوژمێ (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوملیون دینار , و ژبەر دیار نەبینا جهێ ئاکنجیبینا تە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسێت (دەلال) ژمارە (٦٣٣٧) ل رێکەفتی (٢٠١٩/١٢/١٩) وهەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ گەرەکا جارجرا کو تێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ وی د توماریت مەدا یا هەی بەلی نوکە نە ئاکنجی یی تاخی مەیە و سەفەرکریە بو دەرڤەی وەلاتی)) , دادگەهێ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاکەهداریێ د دوو رۆژنامە ییێن نافخویی و رۆژانە دا ، دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب بریارێ ، وئەڤ بریارە هەلاویستیە لسەر سەرنەهێنانەبەر ژ سیندخارنێ لدەمێ نکولێ و نەرازیبوونێ و تە مافێ نەرازیبین و پێداچوونێ هەیە دماوێ یاساییدا و بەروڤاژی بریار دێ پلا بنبرێ وەرگرت.
دادوەر/ یوسف الیاس سدن
* * *
دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە:٢٨٠/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (خالد عولا احمد)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/١٧ بەمەبەستی دادگایی کردنت لەسەر سکالای دادخواز (هیمن خالد احمد) بەپێی ماددەی (٤٥٧) لەیاسای سزا بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ ناطق شمس الدین کوخا حسین
* * *
دادگای باری کەسی عەنکاوە
ژمارە: ١ / ش / ٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٣
جاردان
بۆ داوالێکراو/ لطیف عزیز حسین
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (اڤان خالد اسماعیل) داوایەکی لەسەرت تۆمارکردبوو بە ژمارە (١/ ش / ٢٠٢٠) تێدا داوای جیابوونەوە دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی بەهار بۆیە دادگا بڕیاریدا پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٦ کاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ظاهر محمد مصطفی
* * *
کۆمپانیای اراس علی عباس
بۆ بازرگانی گشتی/ پرۆژەی تاکەکەس
سەرمایەی کۆمپانیا (١،٠٠٠،٠٠٠)
یەك ملیۆن دینار
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان..
من پارێزەر (باخان سۆران عبدالله) کە بەپێی کۆنووسی بڕیاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای اراس علی عباس بۆ بازرگانی گشتی/ پرۆژەی تاکەکەس) کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١/٨دا بڕیاردراوە بەدانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لەماوەی ١٠ دە ڕۆژ پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە.
پاکتاوکاری کۆمپانیا
پارێزەر/ باخان سۆران عبدالله
٠٧٧٠٠٤٤٦٥٦٠
* * *
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٣
ژمارە: ٥٠١٧/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/١/٢٢
ئاگانامە
داواکار/ هاوژین عبدالله قادر
داوالەسەرکراو/ شهرام محمود ساعد پناە
داواکار (هاوژین عبدالله قادر) داوایەکی بە ژمارە (٥٠١٧/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایە داوای (جیابوونەوەی دادوەری بە هۆکاری جێهێشتنی بێ پاساوی مێرد) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەگوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە وە ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لەرۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٠/٢/٢٥) سەعات (٩:٠٥)ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادە نەبن یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادوەر/ قادر بارام فتاح
* * *
دادگای باری کەسێتی/٤
ژمارە: ١٣١٨/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٢/٢
ئاگانامە
داواکار (عادل علی حمە عزیز)
داوالەسەرکراو/ نۆژەن عادل علی
بۆ داوالەسەرکراو/ نۆژەن عادل علی
ئاگادارت ئەکەینەوە داواکار (عادل علی حمە عزیز) داوایەکی بە ژمارە ١٣١٨/ش/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە ئەم دادگایە بڕیاری لای خۆی دەرکردووە بەژمارە (١٣١٨/ش/٢٠١٩) لەبەرواری (٢٠١٩/١٢/١٥) بە (بڕینی بژێوی) بە (تێپەڕبوونی تەمەنی یاسایی) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارت بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە وە ئەگەر لەماوەی یاساییدا هەڵنەسیت بەتانە لێدان ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ صالح احمد عبدالله
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
ژمارە/ ٢٠١٩/١٥٠٦
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢٩
ئاگاداری
بۆ داوالێکراوی جێبەجێکردن (بەختیار مجید صفر) کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبوونی نادیارە لەکاتی ئێستادا ئاگادارت دەکەینەوە کە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لەسەر داوای خاوەن قەرز (فاطمة علی صالح) هەستاوە بەجێبەجێکردنی بڕیاری دادگای بەرایی سلێمانی/٦ بەژمارە ٢٤٥١/ب/٢٠١٨ لە (٢٠١٩/٦/٢٢) کەتایبەتە بەکرێی (پارێزەرایەتی) کە بڕەکەی (٢،٠٤٠،٠٠٠) دوو ملیۆن و چل هەزار دینارە بەرەسمی جێبەجێکردنەوە وە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ڕوون بۆتەوە بەپێ شەرحی پێراگەیەنەری بنکەی پۆلیسی بەختیاری موختاری گەرەکی (بەختیاری) کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا بۆیە بڕیارماندا بەئاگادارکردنەوەت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ لەماوەی (١٥) ڕۆژدا لە ڕۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەدا بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆت بەپێچەوانەوە بەپێی ماددەی ٢٧ لەیاسای جێبەجێکردنی کارپێکراو ڕێکاری یاسایی لەبەرامبەر دەکرێت.
جێبەجێکاری داد/ گوڵە فریق حمە فرج
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە/ ٣٤٠/ك/٢٠١٨
بەروار/ ٢٠١٩/١٢/٩
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو مامە ابوبکر کاکەمەند لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢٢ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە ٣٤٠/ك/٢٠١٨ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددە ٢٣ لە یاسای هاتوچۆ و حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ و فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر/ جمال صدرالدین علی
* * *
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە/ ٦٣/ك/٢٠١٧
بەروار/ ٢٠١٩/١٢/٩
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو خرمان حویز رحمان لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٧ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە ٦٣/ك/٢٠١٧ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددە ٢ دوو لە یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی و حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ و فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر/ جمال صدرالدین علی
* * *

دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە/ ١٣٤/ك/٢٠١٨
بەروار/ ٢٠٢٠/١/٦
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی بریاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو نبیل ألتفات کریم لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢٩ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کرایت بەشێوەی پاشملە و ناشکرا لە داوای سزایی ژمارە ٤٥٣/ك/٢٠١٨ و بریاردرا تاوانبار بکرێت بەپێی ماددە ٢٦ لە یاسای هاتوچۆ و حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سووک بۆ ماوەی شەش مانگ و فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بریارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر/ جمال صدرالدین علی
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە/ ٤٥٣/ك/٢٠١٨
بەروار/ ٢٠٢٠/١/٥
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی بریاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو نبیل ألتفات کریم لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٢٣ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کرایت بەشێوەی پاشملە و ناشکرا لە داوای سزایی ژمارە ٤٥٣/ك/٢٠١٨ و بریاردرا تاوانبار بکرێت بەپێی ماددە ٢٦ لە یاسای هاتوچۆ و حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سووک بۆ ماوەی شەش مانگ و فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بریارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر/ جمال صدرالدین علی
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە/ ١٧٤/ك/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/١٢/٩
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
ناوچەی سلێمانی
بڵاوکردنەوەی بریاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو قدیر فلاح بکر لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/١ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کرایت بەشێوەی پاشملە و ناشکرا لە داوای سزایی ژمارە ١٧٤/ك/٢٠١٩ و بریاردرا تاوانبار بکرێت بەپێی ماددە ٤٠٠ لە یاسای سزادان و حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سووک بۆ ماوەی ٢ دوو مانگ و فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بریارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر/ جمال صدرالدین علی
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە/ ٤٧٤/ت/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٣
بۆ تاوانبار/ اوات جعفر اغا حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێککەوتی ٢٠١٩/١٢/٩ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ناشکرا لە داوای تاوانی ژمارە ٤٧٤/ت/٢٠١٨ وە بریار درا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ١/٤٠٨ لە یاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە ٦ شەش سال وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ احمد حجی داهر
***
دادگای بەرایی سلێمانی / ٢
ژمارە : ٣٠٦٨/ ب / ٢٠١٩
رێکەوت : ٢ / ٢ / ٢٠٢٠
ئاگادارى
داواکار : حکیم محمد امین
داوالەسەرکراو : صابر عثمان احمد
بۆ داوالەسەرکراو لە ئێستادا شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە داواکار لەم دادگایە داوایەکی لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (٣٠٦٨/ ب / ٢٠١٩) تایبەت بە (تملیک) کردنی نەو زەوی و خانووە بە زەوی و دامەزراوەکانی سەریەوە بە ژمارەی مولکی (٢/٢٧٤٤) کەرتی ٣١ گوپەلە)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆ یە ئەم دادگایە بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە دوو رۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبونت لە ماوەی سێ رۆژدا لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم بڵاوکراوەیە لە رۆژنامەکە دا بەسەرتا بە بەندکردنی سووک بۆ ماوەی شەش مانگ و فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بریارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر/ جمال صدرالدین علی
***
دادگای بەرایی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٩١٤/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٣
ئاگاداری
داواکار /حسین حمە علی بریکارەکەی
پارێزەر بەهێز بکر عمر
بۆ داوالەسەر کراو/ عمر حمە علی تۆفیق
داواکار ئەم داوایەی لەسەر تۆ تۆمارکردووە داوای پوچەڵکردنەوەی ئەو گرێبەستە دەکات کە لە نێوانتانا کراوە بەمەبەستی کرینی هەردوو پارچە زەوی ژمارە ٤/٥٢ و ٤/٥٥ قولەرەیسی بەبری (٤٨٠٠٠٠٠٠) چل و هەشت ملیۆن دینار ، لەبەر ئەوەی زەوییەکانت نەکردووە بەناوی داواکار.
وە لەبەر ئەوەی ئێستا تۆ شوێنی دانیشتنت نادیارە ئاگادارت ئەکەینەوە لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆ کەلە رۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٢/٢٦ لەم دادگایە ئامادەبیت سەعات (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادگاکەمان بەنادیاری (غیابی) دادبینی دەکات بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم
اسماعیل عمر أحمد

(١٥٥٧٣٢) جۆری (کیا) بارهەلگر مۆدێل (٢٠١٤) کە بەبڕی (١٧,٠٠٠,٠٠٠)ملیۆن دینار قرساوە بەلێک زیادکردنی ئاشکرا لە جیاتی خاوەن قەرز (باخەوان عمر کریم) کە بڕەکەی (١٠,٠٠٠) دەهەزار دۆلارە، جا هەرکەسێک ئارەووی کڕینی هەیە لەماوەی (٧) رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادە بێت لەم بەڕێوەبەرایەتییە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ خۆی بهێنێ کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری دادەمەردی حمدامین همزە
***
دادگای بەرایی سلێمانی/١
ژمارە:٤/ت/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٤
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٨١٦٩٦/هەولێر - بارهەلگر) جۆری (تویوتا پیکەب دەبل قارە) مۆدیل (٢٠١٠) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (محمود محمد عبدالله) لە رۆژی (٢٠٢٠/٢/١٩) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێک دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (١٨,٠٠٠,٠٠٠ هەژدە ملیۆن دینار).
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە: ٤٤٠٤/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٣
بۆ / جاردانی کەل و پەلی گلدراوە
ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٤٤٠٤/٢٠١٩) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کە کۆمپانیای (اجنحة الجباری) بۆ گەشت و گوزار/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (اجنحة الجباری) بۆ کۆمپانیای (CAPITAL ROAD)، بۆیە هەر کەسێک نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (زانست) بۆ (چاپکردن وبازرگانی قرطاسیە وکومپیوتر / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەک وکەسەکی مافەک ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / هڤال احمد علی
ناڤ ونیشان / دهوک - محله شیلی
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٧١٤٠٩

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
فەرمانگەی پارکی سامی عبدالرحمن
کۆد: ١٨
ژمارە: ١٤٦
رێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٧
ئاگاداری
ئاگاداری هاوواڵتیان دەکەینەوە کەوا فەرمانگەکەمان هەڵدەستێت بە بەکرێدانی (١٢ کۆشک و ٢ دەریاچە) کە لەناو پارکن بەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسایی ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێک ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانمان بکات لە (فەرمانگەی پارکی سامی عبدالرحمن/ بەشی ژمێریاری) بۆ وەرگرتنی زانیاری و دانانی بارمتە یاسایی بەرێژەی لە ٢٠٪ کەمتر نەبێت لەنرخی خەملێندراوی زیادکردنەکە کە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ کە رۆژی (٣٠)مین دەست پێ دەکات کرێی گرتە پارەی هەردوو بانگکردنی و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
یعقوب رحیان محمد
بەڕێوەبەری پارکی سامی عبدالرحمن
٢٠٢٠/١/٢٧

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ١٤٧٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (زولا تایا پاڤلین) بۆ (گواستنەوەی کەل و پەل / سنووردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (زولا تایا پاڤلین) بۆ (گواستنەوەی کەل و پەل / سنووردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/١/٢٠) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەرێز (دیار سعاد محمد) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١/٢٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کۆمپانیا (زولا تایا پاڤلین) بۆ (گواستنەوەی کەل و پەل / سنووردار) بریاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێک یان لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).
پاکتاوکار/ دیار سعاد محمد
نانیشان/ سەربەستی
ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٨٩٨٤٨٤
ئیمێل/ diyar-shixani@yahoo.com

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ١٣٧٤
رێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٨
بڕیار
ئاماژە بەناوەڕۆکی بریکارنامەی لقی کۆمپانیاکان (سیروان ترابر ماد/ ذات مسؤولیة محدودة)ی ئیرانی (للنقل الدولی للبضائع و الخدمات ذات الصلة) راستێندراوە لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٢٨٩) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/١/١٦) و بریاری بریکاری لقی کۆمپانیای لەرێکەوتی (٢٠٢٠/١/٢٧) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، وە دانانی بەرێز (پریشان احمد ابراهیم) بەپاکتاوکاری لقی کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسندکرد پاڵپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٩.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/١/٢٨
د. پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کۆمپانیای (سیروان ترابر ماد) بۆ گواستنەوە نیودەولەتی کەل و پەل و خزمەتگوزاری/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ پریشان احمد ابراهیم
ناونیشان/ هەولێر- ژووری پارێزەران
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٣١٢٨٣١١

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٩١
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٤
بریاری نی لقی کۆمپانیای (بیانی)
دوای تەواوکردنی رێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (Talisman B.V (Block K9 (هۆلندا) وە پاڵپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٩.
من وەک تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە: داخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی لە تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1777:
وەک هەنگاوێک بۆ نەهێشتنی کۆیلایەتی، ویلایەتی جۆرجیای ئەمەریکی بڕیاری نەهێشتنی میراتگریی کۆیلەکانی دا.



سالی 1917:
شێخ سالم موبارەک ئەلسوباح دەسەلاتی کوێتی گرتە دەست.



سالی 1962:
شارل دیگۆڵی سەرۆکی پێشووتری فەرەنسا داوای سەربەخۆبوونی جەزائیری کرد.



سالی 1983:
بەرپرسێکی سەردەمی نازیەکان بەناوی کلاوس باربی بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دادگایی کرا.



سالی 2003:
لە وتارێکدا کۆلن پاولی وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمەریکا ئاماژەی بە بوونی پەیوەندی لەنێوان رژێمی سەدام و ڕێکخراوی قاعیدەکرد.



سالی 2015:
ئەنجوومەنی نوێنەرانی تونس متمانەی بە حکوومەتی نوێی وڵات بەخشی بە سەرۆکایەتی حەبیب ئەلسەید.

ئەرجەنتین و بەرازیل و نیگەرانییەکانی ئەمەریکای باشوور


مارینا لۆپێز

لە سەرەتای ساڵی تازەدا، چەندین مێوانی گەورە لە زۆربەی وڵاتانی ئەمەریکای باشوور، لە بۆینس ئایرسی پایتەختی ئەرجەنتین، بەبۆنەی دانانی سەرۆکی تازەی ئەرجەنتین، ئەلبێرتۆ فێرناندێز، بەیەک گەیشتن. بەڵام سەرۆکی گەورەترین و گرنگترین دراوسێی ئەرجەنتین، بڕیاریدا ئامادەنەبێت و دیارترین پێوارەکان(غائب) بوو.

"ناچم، بڕیارێکە و داومە" سەرۆکی بەرازیل وای گوت، دوای ئەوەی فێرناندێز، پشتی هاوپەیمانەکەی سەرۆک، ماوریسیۆ ماکری، لەهەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی رابردوو لە زەوی دا. پۆلسۆنارۆ وتی، ئەرجەنتین "کەسێکی خراپی هەڵبژاردووە" وتیشی:"من هانی ئەوی دیکەم دەدا". لەو دەمەی ئەمەریکای باشوور، بە چەند کاتێکی ئەستەم ڕەت دەبێت، کۆڵۆمبیا، تازەترین وڵاتە کە خۆپیشاندانی بەخۆوە دیووە، بۆلیڤیا، بەدوای سەرکردەیەکی سازێندراو دەگەڕێت، ڤەنزوێلا، ساڵ بە ساڵ، لە قەیرانەکانی ئابووری، سیاسیی و مرۆییەوە دێت و دەچێت، دوو گەورەترین ئابووریشی، بە دوو میرگی دەگمەنی ئارامی دەچوون، دوو سەرۆکیان هەبوو، کە خاوەن دوو میشکی لە یەکچوو بوون، لە رووی دارایی، بازرگانیی و ئاساییشەوە هاوکاری یەکدییان دەکرد. بەڵام دوژمنایەتی کەسیی زیادی نێوان، پۆلسۆنارۆ و فێرناندێز، خەریکە ئەمڕۆکە هەڕەشە لەو سەقامگیرییە دەکات. پۆلسۆنارۆ، کە کەسێکی گەلەوتی (شعبوی) ڕاستڕەوە، فێرناندێز و جێگرەکەی، خاتوو کریستینا فێرناندێز دی کرشنەری، بە (دوو ئەندامی چەتەکانی چەپڕەو) وەسفکردبوو، وتبووشی، هەڵبژاردنیان هەڕەشە لە دەستەی (میرکوسۆر)ی ئابووری هەرێمایەتیی دەکات. لەلایەن خۆیشییەوە، فێرناندێز، کە شوێنکەوتووەکی (بیرۆنی)یە،(کە بزوتنەوەیەکی سیاسییە، لە بابەتە، بنیامین جیدان، جێگری بەڕێوەبەری بەرنامەی ئەمەریکای باشوور، لە (ناوەندی ویلسۆن) لە واشنتۆن دەڵێت:"ئەمڕۆکە دووبەرەکییەکی ڕاستەقینە لە ناوچەکەدا هەیە، کە دووبەرەکیی بەرازیلی-ئەرجەنتینی هێمایەتی و دیجووڵێنێت" دەشڵێت:"مرۆڤ دەتوانێت وای دابنێت، ئەوەی ئەمڕۆکە لە بەرازیل و ئەرجەنتین ڕوو دەدات، پەیوەندی بە ڕکابەریی هەرێمایەتییەوە هەیە، بەڵام لەو گۆڕەدا، پۆلسۆنارۆ، تاکە تونددڕۆی ناوچەکەیە، ئەوەش تەنیا لە هێزی نەرم کەم ناکاتەوە، بەڵکو دەتوانێت هەندێ مللمانێش دروست بکات". ئەگەر ئەرجەنتین و بەرازیل، ڕکابەرییەکی توند لە تۆپی پێ لە نێوانیان دایە، زۆرجار ئامانجی جیاوازیش لە ڕووی سیاسییەوە دادەڕێژن، هەردوو وڵات، لە دەیەکانی دواییدا، تا ڕادەیەکی زۆر، لە ئاوی ئایدۆلۆجی هاوشێوە پەڕیوونەتەوە، چونکە هەردووکیان، لە دوو سیستەمی دیکتاتۆری هەزر و میراتی سەرۆکی کۆچکردووی ئەرجەنتین، خوان بیرۆن سەرچاوەی گرتووە، پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ چەپڕەوەکانی ناوچەکەدا هەیە، پۆلسۆنارۆ، بەوە ناسراوە ڕقی لە ئافرەتان دەبێتەوە، لەکاتی پێشکەشکردنی وتارەکەی، بە بۆنەی بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا، داوای ئازادکردنی سەرۆکی پێشوو، لوبس ئیناسیۆ دا سیلڤای کرد، کە بە نەیاری پۆلسۆنارۆ دادەنرێت. شیاوی باسکردنە، لۆلا، کە ساڵی 2017بە گەندەڵی تۆمەتبار کراوە، مانگی پێشوو لە بەندیخانە ئازادکرا، دوای ئەوەی دادگای باڵای بەرازیل ڕایگەیاند، هەندێ سکاڵا لەسەر تۆمارکراو، دەتوانن بە ئازادی بمێننەوە، تاکو هیچ ڕێگەیەکی تێهەڵچوونەوەیان نامێنێت. وەکو توانجێک لەسەر ئەو سەربازیی دەرچوونە، دوو دیموکراتیەتی سەرکەوتوویان دروست کردووە و دوو سەرکردەی چەپڕەویان، لە سەردەمی شەپۆلی پەمەیی لە ئەمەریکای باشوور، لە سەرەتاکانی دەیەی یەکەم لەو سەدەیە هەڵبژاردووە، هەروەها پشتیوانیان لە سیاسەتمەداری پارێزگار کردووە، ئەوانەی بەم دواییە، بەدوای بازاڕی ئازاد و ڕێکەوتنی بازرگانیی ئازاددا دەگەڕێن. کەچی سەرۆک پۆلسۆنارۆ، ئەو پارێزگارەی کە هەوڵ بۆ بەهێزکردنی بازرگانی، ئابووری دەدات و بە سەرۆک، دۆنالد ترەمپ سەرسامە، زۆر لە ئایدۆلۆجیای فێرناندێز دوورە، کە بەرپرسی دوو کارگێڕی چەپڕەوی کرشنەر و هاوسەرەکەی نیستۆر کرشنەر بوو. لەلایەن خۆیشییەوە، فێرناندێز وتی، هەرچەندە وا سەیری دەکات، زۆر لە کرستیان کرشنەر، میانڕەوتر بێت، کەچی چاو بە ڕێکەوتنی بازرگانی ئازاد لەگەڵ ئەوروپا دەخشێنێتەوە. هەروەها ڕەخنەشی لە ئەمەریکا گرت، چونکە پێشوازی لە لادانی سەرۆکی بۆلیڤیا، ئیڤۆ مۆرالیس کردووە و بەڵێنیشی داوە، بە دوای جێگرەوە، بۆ تەگبیرە دەست قووچاندنەکانی (تقشف) ماکریدا بگەڕێت. هەردوو وڵات، ڕووبەڕووی گژنێی (تحدی) ئابووری جیاواز دەبنەوە، ئەرجەنتین، کە ئێستا بە دەست زیادبوونی هەڵایسان دەنالێنێت، هەوڵ دەدات خۆی لە نۆیەم دواکەوتن، لە دانەوەی قەرزەکانی بەدوور بگرێت. بەرازیلیش، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی لادانی بەربەستەکانی بازرگانییەوە، ئابوورییەکەی ببووژێنێتەوە. فیدریکۆ سێر فیدێز، سەرۆکی ژووری بازرگانی بەرازیلی-ئەرجەنتینی دەڵێت:"ئێمە دوو سیناریۆی فێڵاوی و دوو ئابووری جیاواز دەبینین، کە دەخرێنە سەر دوو ئایدۆلۆجیای جیاوازیش"، دەشڵێت:"لە بەرازیل، حکەمەتێک هەیە، کە پشتیوانی لە بازاڕی ئازاد دەکات، لە ئەرجەنتینیش، ئابوورییەکی داخراوتر، بەهۆی سنووری دارایی و ئایدۆلۆجیاییەوە هەیە، کەچی دەبێت دەمەقاڵییەکە بوەستێت". هەروەها دەڵێت:"دەبێت بیر لە ئایندە بکەینەوە و ناشبێت وتاری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، بۆ هێرشکردنە سەر بازاڕی دەرەکیی گرنگ بەکار بهێنین". نزیکەی 25 ملیار دۆلار، لە تای تەرازووی بازرگانی، هەڵقوواڵنی ئازادی کەس و کاڵاکان و زنجیرەی هێنانی تێکەڵاو لە میانی ناوچەکەوە، لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەیە. بەرازیل، بازاڕی یەکەمی هەناردەکانە بۆ ئەرجەنتین، ئەرجەنتینیش، بەکاربەری سەرەکیی پیشەسازی بەرازیلە. بێجگە لەوانەش، خەریکە دووبەرەکی سالەکانی هاریکاری سەبارەت بە بابەتەکانی هەرێمایەتی دەخاتە مەترسییەوە. فێرناندێز دەڵێت، بەنیازە ئەرجەنتین لە (کۆمەڵەی لیما) دەربێنێت، کە بریتییە لەو وڵاتانەی ئەمەریکای باشوور، ئەوانەی ڕەخنە لە سەرۆکی سۆشیالیستی ڤەنزوێلا، نیکۆلاس مادۆرۆ دەگرن. لەلایەن خۆیشییەوە، پۆلسۆنارۆ، هەڕەشەی سڕکردنی ئەندامیەتی ئەرجەنتین لە دەستەی (میرکوسۆر) دەکات، ئەگەر فێرناندێز بەدووی سیاسەتەکانی ماکری نەکەوێت، یان بەرازیل لە دەستەی ئابووری دەکێشێتەوە، ئەگەر ئەرجەنتین ڕازی نەبێت، باجی گومرگانەی سەر هێنراوەکان کەم نەکاتەوە.

و: ڕەمزی میرەکانی

کاریکاتێر



www.xebat.net
چوارشەممە 2020/2/5 ژمارە (5926)

نەتەوە یەکگرتووەکان 2020:

75 ساڵی پڕ لە ناکۆکی و ململانێ



ڕەمزی میرەکانی

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2020دا، لەگەڵ ئاهەنگگێڕانی بە تێپەڕبوونی 75 ساڵ بەسەر دروستبوونیدا، ڕووبەڕووی چەندین هەڤرکی دەبێتەوە، کە لە شەکەتییەکانی سەرکەوتنی چیا دەچێت. ساڵی 2019، چەند ئاماژەیەکی پێشکەش کرد، کە ئاگاداریی ئەستەمی هەمەڕووی پێبوو: لە تەنگژەی دارایی توند، کە بووە مایەی دەست قووچاندن، هەتا لە بەکارهێنانی قادرمەی کارەبایی و کاغەزی چاپکردن، لە بارەگای سەرەکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکە لە نیویۆرک، تاکو دەگاتە هەوڵی بێ وچان لە پێناوی (خنجکردنی)پرۆسەکانی پاراستنی ئاشتیی و کەمکردنەوەی گوژمە زۆرەکەی، زێدەباری شکستەکان لە پاراستنی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی، لە چەندین ناوچە لە جیهاندا، لەوانە سووریا، کە هێشتا بە هەڤرکییەکی زەق بۆ ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش، بۆ بەهێزترین کۆڕبەندی جیهانیی، بۆ بڕیاردان و ڕاگرتنی ململانێیەکان دادەندرێت. بەڵام لیستی هۆکارەکان درێژە و پێمان دەڵێت، نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتاکە کۆڕبەندی جیهانیی دەمێنێتەوە، کە ناکرێت لە ئایندەیەکی بینراودا دەستبەرداری بین. هێشتا ڕەنگدانەوەی وێنەی نەتەوەکانە، کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی دووەم جەنگی جیهان دروستیان کرد، لەسەر پاشماوەی کۆمەڵەی گەلان، کە لە پێش ئەودا هەبوو.

تەمپ: ئەمەریکا لە پێشەوەیە.. بەیەکەوەش کار بکەن

لەو فرافینەی بەم دواییە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالدتڕەمپ، لە کۆشکی سپیی بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش ئامادەی کردبوو، هێڵە گشتییەکانی خۆی لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بۆ کێشان، نەخاسمە لەوکاتەی ئەمەریکا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەکەی وەرگرت، لە مانگی کانونی یەکەمی 2019دا. کارەکە پێویستی بە کاتێکی زۆر نەبوو، تاکو بۆ بانگکراوەکان دەرکەوێت ((تەرمپ لەبەردەم کامێراکان، وەکو سەرۆکی ئەمەریکا لەو گۆڕەدا نییە)) ، بە گوێرەی بۆچوونی دووان لە نێردە هەمیشەییەکان، ئەوانەی لە دیدارەکەدا بەشداربوون، کە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند. سەرۆکی ئەمەریکا داوای لە نوێنەری ولاتان کرد (بەیەکەوە کار بکەن) لە پێناوی بەدیهێنانی (بیرۆکەی مەزن)، کە ڕێگە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات، مامەڵە لەگەڵ ((هەڕەشە هاوبەشەکانی تەناهیی، بە تیرۆر، ئاودیوکردنی مادە هۆشبەرەکان، کۆچکردنی نایاسایی، هێرشی ئەلیکترۆنی، بلاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، کیمیاوی و بایۆلۆجیشەوە)). چاویشی خستە سەر ڕووبەڕبوونەوەی هەڕەشە زۆرەکان، لەسەرووی هەموشیانەوە ((ڕەفتارەکانی ڕژێمی ئێران، کە لە ماوەیەکی کورتدا سەدەها و سەدەها کەسی کوشت))، داواشی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کرد، ڕووماڵی ڕەوشە نالەبارەکەی ئەوێ بکەن. داواشی کرد ولاتانی جیهان بێنە ریزی هەوڵەکانی ئەمەریکا لە ((هاندانی نازادی ئایینی لە سەرتاسەری جیهاندا)). پێشنۆرەی ئەوانەی بانگەشە بۆ دروشمی (ئەمەریکا لە پێشەوەیە) لەگەڵ ئەوە یەک ناگرێتەوە، کە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنتۆنیۆ گۆتێریس، لە هەڤرکییەکان وای دەبینێت. ئەندێشەکانی سەرۆکی ڕووسیا، ڤیلادیمێر پۆتین و سەرۆکی چین، شی جین بینگ، لە بۆچوونەکانی سەرۆکی فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، بۆریس جۆنسۆن و ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئەنجێلا میرکل دوور دەکەوێتەوە. چیتر سەرۆکی ئەمەریکا و هاوتاکانی لە ئەورووپا، هەمان کتێب ناخوێنەوە. هەرچەندە تێگەشتنێکی قوڵ بۆ ڕاستییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە، بە پێکهاتەی سەرەکییەکانی لە ئەنجوومەنی ئاسایش، بەڕەو کۆمەڵەی گشتیی، لە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیشەوە، تاکو ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانی دیکەوە، هێشتا هەر فراوانترین کۆڕبەندی جیهانییە، بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتی و دیپلۆماسییە فرە لایەنەکاندا، لەگەڵ ئەوشدا، هێشتا بەڕێسان لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیپلۆماتکاران لە هەر 193ولاتی ئەندام لە کۆمەڵە گشتییەکەی، لەوە دەترسن، هەڤرکی و ئەستەمییەکانی ئێستا ئالۆزتر بێت و بگاتە سنووری قەیران، لە نیوەی دووەمی ئەم ساڵدا، نەخاسمە ئەگەر پرۆسەکانی پرکێشکردن و جەمسەرگەریی نێوان ولاتانی ئەندامی هەمیشەیی لە ئەنجوومەنی ئاسایش (ئەمەریکا، بەریتانیا، ڕووسیا، چین و فەرەنسا)، هەروەها لە نێوان ولاتە گەورەکانیش بەردەوام بێت، ئەوانەی کاریگەرییان بەسەر بودجەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە، زێدەباری بودجەی بەجیای فەرمانگەکانیان، کە دیارترینیان، بازنەی پرۆسەکانی پاراستنی ئاشتی و ئاژانسە جۆراوجۆرەکانیەتی. ڕەنگە تەنگژەی دارایی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێگەی پێنەدات، بە شێوەیەکی شیاو یادی یۆبیلی ماسی خۆی بکاتەوە.

پێشنۆرەی دژ بەیەک

ناکۆکیی لەسەر پێشنۆرەکان، تەنیا لە نێوان ئەو ولاتانە نەوەستاوە، کە زۆرترین کاریگەرییان بەسەر ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەدا هەیە، بەڵکو بۆ چۆنیەتی تێڕوانین لە مەسەلەی گۆڕانی کەشوهەواش درێژ دەبێتەوە، کە ئەنتۆنیۆ گۆتێریس، کردوویەتییە پێشنۆرەی بایەخەکانی، لەوکاتەی کارگێڕییەکەی ئێستای ئەمەریکا، هیچ بایەخێکی ئەوتۆی پێنادات. چەندین بۆچوونی جیاوازی ڕووسی، چینی، هیندی و بەرازیلی لەو کێشەیەدا هەیە. چەندین ساڵە ئەو هەڤرکییە جیۆسیاسیانە، بوونەتە شتێکی ئاشکرا، لەوکاتەی هەندێک پێیان وایە، ئەمەریکا لە قۆناغی بەسبوون لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا دەژیێت، ئەوەش ڕێگەی بۆ ڕووسیا خۆش کردووە، نەوەکو تەنیا لەبەکارهێنانی مافی ڤیتۆ، زیاتر لە 12جار لەوەتەی ساڵی 2011ـــەوە، بۆ پەکخستنی پڕۆژەی بڕیارەکان، ئەوانەی ولاتانی ڕۆژئاوای هاوسۆز لەگەڵ کاروباری جەنگ لە سووریا پێشکەشیان کردووە، بەڵکو لە پێشکەوتنی سەربازیی لە سووریا و هەروەها ئۆکراینا. لەوکاتەی چین، جیگرەوەی بۆ ئەو بڕیارانەی خستەڕوو، کە ئەمەریکا دابوونی، بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئەمەریکا لە باربووکردنی بودجەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کەم بکاتەوە، زێدەباری ڕۆڵی زیاتر لە پرۆسەکانی پاراستنی ئاشتیی و باربووکردنداد. بۆچوونی جیاواز لە نێوان ئەمەریکا لەلایەک و فەرەنسا و بەریتانیا لەلایەکەی دیکە، لە هەمبەر ئەو هەڵوێستانە دەرکەوت، کە دەبوو بۆ سنووردانان بۆ هەژموونی زیادبووی چین لە ئەفریقیا، هەڵنەستانی پەکین بە هەنگاوی گوشارکەر، بۆ لغاوکردنی هیوا ئەتۆمییەکانی کۆریا باکوور و دانانی سنووردێک بۆ چەوساندنەوەی موسڵمانانی ڕۆهینگا لە میانمار وەربگیرێت، زێدەباری ناجۆری لەو مەسەلانەی پەیوەستن بە بەرنامەی ئەتۆمی لەلای ئێرانداد. ئێران، ناکۆکییەکی قوڵی لە نێوان کارگێڕییەکەی سەرۆک، دۆنالد ترەمپ، لەلایەک و هاوپەیمانە میژوویییەکانی ئەمەریکا، لە پایتەختەکانی ئەورووپا دەروونژێنێت، کە هێشتا دەستیان بە پلانی کاری هاوبەشی گشتگیر گرتووە، یان ئەوەی بە ڕێکەوتنی ئەتۆمی واژووکراو لە ساڵی 2015، لە نێوان ئێران و کۆمەڵەی (1+5) ولاتانی ئەندامی هەمیشەیی لە ئەنجوومەنی ئاسایش لەگەڵ ئەڵمانیا ناسراوە، هەرچەندە ساڵ و نیوێک زیاترە، ئەمەریکا لێی کشاوەتەوە. بەم دواییە چەند ئاماژەیەک بەدیار کەوتوون، لەسەر ئەگەری ڕازیبوونی ولاتانی ئەورووپا، لەبارەی پێشنیارێکی ئەمەریکا، بۆ کاراکردنەوەی میکانیزمی دووبارە سەپاندنەوەی سزاکانی نێودەوڵەتی بەسەر ئێران (سناپ باک) ، بەمەش بڕیاری ژمارە 2231 تایبەت بە ڕێکەوتنی ئەتۆمی هەڵدەوەشێتەوە.

لەنێوان ڤیتۆی ڕووسیا و باربووی ئەمەریکادا

ڤیتۆیەکانی ڕووسیا، ڕێگەی لە ئەنجوومەنی ئاسایش گرت، بڕیاری گردەبڕ لەبارەی جەنگی سووریا بدات، ناکۆکییەکانیش لە نێوان هیزە نێودەوڵەتییە سەرەکییەکان، پاڵی بە ئیفلیجبوونی تواناکانی ئەنجوومەنی ئاسایش وەنا، ڕۆڵی بەرچاوی لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبێت، بەتایبەتی لەلایەنی پاراستنی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتیدا. ئەو هەموو ئالۆزییە، زێدەباری هەڵکشانی ئاراستەی نەتەوەیی و پرەنسیپەکانی بڕیارە تاک لایەنەکان، پاڵیان بە ئەمەریکا وەنا، کەمتر پشت بەو کۆڕبەندە فرە لایەنە لە نیویۆرک ببەستێت، بەڵکو هەوڵی بۆ کەمکردنەوەی بەشداریی داراییەکانیشی دا. ئەوەش بووە هۆی (کەمی پارە بە شێوەیەکی ڕوو نەداو) لە سەرچاوە داراییەکانی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەدا، هێشتا هەندێ قادرمەی کارەبایی لە بارەگاکەی نیویۆرک، بۆ گێڕانەوەی هەندێ هەزار دۆلار، لە کارکردن وەستاون. ئەمیندارییەتی گشتیی لە ساڵی 2019دا، پەنای بۆ یەدەگی دارایی برد، بۆ ئەوەی کورتهێنانەکەی پڕ بکاتەوە، کە بڕەکەی زیاتر لە نیو ملیار دۆلارە. گۆتێریس وتی، کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە مانگی کانونی یەکەمی ڕابردوودا، لەسەر بودجەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکە بۆ ماوەی دوو ساڵ ڕازی بوو، کە بڕەکەی 5.4 ملیار دۆلارە. ئەوەش بودجەیەکی جیایە لە بودجەی پاراستنی ئاشتیی. ئەمەریکا، تاکە ولات نییە، کە شایستە دارایییەکانی ساڵی 2019 نەداوەتە ڕێکخراوەکە، بەڵام لە نێوان 55ولاتدا، گەورەترین قەرزارە، کە تاکو مانگی تشرینی دووەمی ڕابردووداد، ئەو بڕە پارەیەی نەداوە، کە دەبوو بیدات. نزیکەی 97% لە کۆی قەرزە شایستەکانی نەتەوە یەکگرتووەگان، بۆ ساڵی 2019، دەکەوێتە ئەستۆی ئەرجەنتین، بەرازیل، ئیسرائیل، کۆریای باشوور و فەنزوێلا. تەنیا بەرازیل 143 ملیۆن دۆلاری لەسەرە. ئابوونە نەدراوەکانی سەر ولاتانی ئەندام دەگاتە 1.4 ملیار دۆلار. لەتەک قەرزەکانی سەر ئەمەریکا و بەرازیل، ئەرجەنتینیش بڕی 47 ملیۆن دۆلاری لەسەرە. ئێران و فەنزوێلاش، کە بڕی 27و 17ملیۆن دۆلاریان لەسەرە، لەبەر سزا ئابووریەکانی ئەمەریکا، ناتوانن پارەکانی سەریان بدەن. ئیسرائیل (11 ملیۆن دۆلار) و کۆریای باشوور (10ملیۆد دۆلار)، لەو پارەدەرە گەورانەی دیکەن، کە هێشتا شایستەکانی دارایی ساڵی 2019یان نەداوە.

گۆڕانی کەش وهەوا

بە گوێرەی بۆچوونەکانی گۆتێریس بێت، جیهان لەچەندین بەردەدا، ڕووبەڕووی ساتی ئەستەم دەبێتەوە، ڕەوشی نالەباری کەشوهەوا، نەمانی یەکسانیی، زیادبوونی قینە و لێنەبوردن، لەسەرووی لیستی بایەخەکانی دین، زێدەباری چەند هەڤرکییەکی تایبەت بە ئاسایش و ئاشتییە.لەو کاتەی لە هەڵکشانی نیگەرانییەکان لە کەندداو دەترسێت، داوای گفتوگۆ بۆ دۆزینەوەی چارەی سیاسیی لە لیبیا وە بۆ یەمەن، لە سووریاوە بۆ ئیسرائیل–فەلەستین و لە ئەفغانستانیشەوە بۆ باشووری سوودان دەکات. هیواخوازە سەرکردەکانی جیهان، لەسەر پابەندبوون بە جێبەجێکردنی ڕۆژەڤەکانی 2030 بۆ گەشەپێدانی هەمیشەیی بەردەوام بن، زێدەباری دیاریکردنی ساڵی 2050، بۆ گەیشتن بە ڕاگرتنی بڵاوبوونەوەی کاربۆن، بە مەرامی دیاریکردنی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی زەوی بە ڕێژەی 1.5پلەی سەدی، لە جیاتی 3.4یان 3.9پلە، لە کاتی گەیشتن بە کۆتایی سەدەدا.

سەرچاوە: HYPER-LINK "http://www.aawsat.com" www.aawsat.com



مانشێت



سکای نیوز:
بە مەبەستی دەستنیشانکردنی پالێوراوێکی سەر بە پارتی دیموکرات بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا، هەڵبژاردن لە ویلایەتی ئەیوای ئەمەریکا دەستی پێکرد.



ئەی ئێف پی:
ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسی کورۆنا لە چین گەیشتە 425 کەس .



ئیلاف:
دوای هێرشەکەی چەند ڕۆژی ڕابردووی لەندەن ،وەزیری دادی بەریتانیا ڕایگەیاند کە حکوومەتی ولاتەکەی بەنیاز ڕێوشوێنی توندتر بەرامبەر بەوانە بگرێتەبەر کە بە تیرۆر تۆمەتبار کراون.



ڕۆیتەرز:
لە تەمەنی 96 ساڵیدا، دانییێل ئاراب موی سەرۆکی پێشووتری کینیا کۆچی دوایی کرد.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
حکومەتی فەرەنسا بڕیاری دا 600 سەربازی دیکە ڕەوانەی ناوچەی کەناراوی ئەفریقیا بکات.



کەنالی ئار تی:
لە ڕاپرسیەکدا 77%ی خەڵکی کەنەدا ناخوازن ولاتەکەیان ئەرکی پاراستنی میر هاری و هاوسەرەکەی بخاتە ئەستۆی خۆی.


بەندەاوی جەڕوانە




شوێنەوارەکانی خنس

لەلایەن تیمێکی ئیتالّی ناوچەیەکی فراوانی شوێنەواری کوردستان بە گەشتیاری دەکرێ

ل: گەشتوگوزار

شوێنەوارەکانی سەردەمی پاشا سەنحاریب (681-705پ ز) لە زۆر شوێنی سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆک و موسڵ بەدی دەکرێن، شوێنەواری نەخش و نووسین و ئەشکەوتی دەستکرد و ڕێرەوی ئاو و هەڵکۆڵدراوەکانی خنس و بەنداوە گەورە و بەناوبانگەکەی جەڕوانە لە سنووری قەزای شێخان دیارترین شارستانیەتی جێماوی دەسەڵاتی پاشایەتی و جۆری حکومرانی سەنحاریب بووە، بە هۆی گرنگی شوێنەوارەکان تیمێکی زانکۆی ئۆدینی ئیتالّی چەند ساڵێکە لە سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و دواتریش دیزاینکردنی پڕۆژەیەکی زۆر گرنگن بۆ بەگەشتیاری کردنی ناوچەیەکی فراوان کە زیاتر لە 130کم لە خۆدەگرێ.

بە مەبەستی گفتوگۆکردن و ڕاوبۆچوون گۆڕینەوە و ئامادەکاری بۆ بەگەشتیاری کردنی پڕۆژەی تۆڕی ئاودێری سەنحاریب لە قەزای شێخان لە سنووری پارێزگای دهۆک، شاندێکی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە سەرپەرشتی بەڕێز ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و ئەندامیەتی مەولەوی جەبار سەرۆکی دەستەی گشتی گەشتوگوزار و کەیفی عەلی بەڕێوەبەری گشتی شوێنەوار و دکتۆر حەسەن ئەحمەد بەڕێوەبەری شوێنەواری دهۆک لەسەر بانگێشتی زانکۆی ئودینی ئیتالی سەردانی ولاّتی ئیتالّیایان کرد و بۆ ماوەی یەک ڕۆژ لە کۆنفڕانسی تایبەت بە دروستکردنی پارکی شوێنەواری و ژینگەی بۆ پڕۆژەی تۆڕی ئاودێری سەنحاریب کە لە شوێنەواری خنس بۆ شوێنەواری جەڕوانە درێژ دەبێتەوە، بەشداربوون، پڕۆژەکە کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆری شوێنەواری و گەشتیاری و ژینگەی و وەرزشی و کاتبەسەربردن و خۆشی لەخۆ دەگرێ.

کۆنفڕانسەکە لە ریگای وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا ڕێکخراوە و بە فەرمی لە لایەن حکومەتی ئیتالّیا پشگیری بۆ کراوە، لە کۆنفەڕانسەکە کەژمارەیەک بەرپرسی حکومی و ژمارەیەک کەسانی ئەکادیمی ئیتالّی بەشداربوون، چەند بابەت لە لایەن چەند زانکۆیەکی ئیتالّی کە لە شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان کار دەکەن پیشکەش کرا، کە سەرجەمیان گرنگی پیگەی شوێنەواری هەرێمی کوردستان وەک ناوچەیەکی خاوەن شارستانیەت پیشان دەدەن.

بەڕێوەبەری گشتی شوێنەوار کەفی عەلی لە بارەی کارەکان بە خەباتی ڕاگەیاند: لە قۆناغی یەکەم ناوچەکە خراوەتە ژیر لێکۆڵینەوە و لەسالّی 2012 تاکو 2019 لە لایەن چەند تیمێکی ئیتالی کە شارەزا و پسپۆڕی شوێنەواری لەخۆگرتبوو کاری ڕووپیوی وردی بۆ کراوە، ناوچەی لێکۆڵینەوەکە زۆر فراوانترە لە ناوچەی پڕۆژەکە کە 130کم، ناوچە فراوانەکە لە فایدەوە تاکو بەردەڕەش دەگرێتەوە و زیاتر لە 1000 شوێنەواری لێ دەستنیشان کراوە و دۆزراوەتەوە، یەکێک لە شوێنەوارە گرنگەکانیش کە ماوەیەک بەر لە ئیستا ڕاگەیەندرا لە فایدەبوو کە ژمارەیەکی زۆر دیواربەند و هەڵکۆڵدراوی لەخۆ گرتبوو. لە قۆناغی دووەم دیزاینێکی زۆر وردوو زانستی بۆ ناوچەی پڕۆژەکە کراوە و چەندان چالاکی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە. لە قۆناغی سێیەم نەخشە ڕێگای شێوازی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێم و ئیتالیا دەخرێتە گفتووگۆ، دوای دروستکردنی دەبیت بە پڕۆژەیەکی گرنگی گەشتیاری و شوێنەواری و ژینگەی.

ئامانجی سەرەکیش پاراستن و ناساندنی ئەو ناوچە شوێنەوارییانە کە دەکەونە سنووری پڕۆژەکە، هەروەها ناساندنی شوێنەکەیە لە لایەن ڕێکخراوی یونسکۆ بۆ تۆمارکردنی وەک شوێنەوارێکی مێژووی لە لیستی کەلەپووری جیهانی

ژمارەی گەشتیارانی زستان زیادی کردووە پێویستە خزمەتگوزاری و وەبەرهێنانی گەشتوگوزاری زستانەش زیاد بکات

نادر روستی

دوای کۆمەلێک هەولی بەردەوام لە لایەن دەستەی گشتی گەشتوگوزار لەگەڵ کۆمپانیاکانی گەشتیاری بۆ هێنانی گەشتیار لە وەرزی زستان بۆ هەرێمی کوردستان و سازدانی ژمارەیەک چالاکی و فیستیڤالّی زستانە لە چەند ساڵی ڕابردوو دەستکەوتی باشی هەبووە، ئیستا ژمارەی گەشتیاران لە وەرزی زستان لە هەرێمی کوردستان زۆر بەرز بۆتەوە و بە تێکرای ڕۆژانە 10 بۆ 14 هەزار گەشتیار دێتە هەرێمی کوردستان و ساڵ دوای ساڵ ژمارەکەش لە بەرزبوونەوە دایە.

زیادبوونی ژمارەی گەشتیارانی زستان پێویستیان بە خزمەتگوزاری زیاتر و چالاکی زیاتر بە بازاڕکردنی زیاترهەیە. هاتنی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان بە تێکرای زیادی کردووە و ساڵ دوای ساڵ زیاتر دەبێت، لە ساڵی 2017 زیاتر لە 2ملیۆن و 100هەزار گەشتیار بوو، لە ساڵی 2018 زیاتر لە 3 ملیۆن و 57هەزار گەشتیار بوو، لەساڵی 2019بە پێی پلانی دەستەی گەشتوگوزار پێویست بوو بگاتە 3ملیۆن و 500هەزار گەشتیار، بەڵام ژمارەکە زۆر لەم ژمارەیە زیاتری کردووە و گەیشتۆتە 3 ملیۆن و 700هەزار گەشتیار ئەمەش ژمارەیەکی دڵخۆشکەرە. ئەگەر بە تێکرای کۆی ساڵ بۆ هەر ڕۆژێک وەربگرین، ئەوە ڕۆژانە زیاتر لە 10هەزار گەشتیار هاتۆتە هەرێمی کوردستان. بە پێی پلانی دەستەی گەشتوگوزار بۆ ساڵی 2020 پێویستە ژمارەی گەشتیاران بگاتە 4ملیۆن گەشتیار، بەڵام چاوەڕوان دەکرێ ژمارەکە لە 4ملیۆن زیاتر بێت. زانیاریەکانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار دەڵێن: ژمارەی گەشتیاران لە وەرزی زستان بەجۆرێک زیادی کردووە کە جیاوازی زۆری نییە لەگەڵ وەرزی بەهار و هاوین، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ساڵانی پێش 2010 لە وەرزی زستان بە هۆی کەمی و نەهاتنی گشتیار جۆڵەی گەشتیاری زۆر لاواز و بێهێز دەبوو تا ئەو ئەندازەی کە لە هەندێک مانگ پەکی دەکەوت.

وەبەرهێنانی گەشتیاری زۆر زیادی کردووە بەڵام کێشەمان لەوەبەرهێنانی وەرزی زستانە


زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران بە گشتی پێویستی بە دابینکردنی خزمەتگوزاری زیاتر و باشتر هەیە، بۆیە ساڵانە لە لایەن حکومەت خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان ڕوو لەباشتربوون دەکەن و ژمارەی وەبەرهێنانی گەشتیاریش لە بەرزبوونەوە دایە، لە چەند ساڵی ڕابردوو بە تێکرای وەبەرهێنانی گەشتیاری پلەی سێیەم بووە و بە ڕێژەی لە 14% بەشداری وەبەرهێنانی هەرێمی کردووە، بەڵام لە ساڵی 2019 وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان بەپێی زانیاریەکانی دەستەی گشتی وەبەرهێنان یەکەم بووە و بە ڕێژەی 36%بەشداری کردووە. واتە زیادبوونی وەبەرهێنان بەم ژمارە بەرزە، پێمان دەڵێ: کێشەمان لە وەبەرهێنان و زیادبوونی پڕۆژەی گەشتوگوزار نییە، بەڵکو کێشەمان لە وەبەرهێنانی گەشتیاری لە پڕۆژە و لە خزمەتگوزاری زستاندا هەیە.

لە هەرێمی کوردستان زۆرترین بەفر لە لوتکە چیا بەرزەکان دەبارێت و لە هاویندا فێنکترین شوێنی کوردستانن، بە هۆی فێنکی و لەبەاری کەشوهەوای چیاو شوێنە بەرزەکان بەردەوام مەڕدار و ڕەوەندەکان لە هاوین بۆ کوێستانەکان و ئەو شوێنە بەرزانە هەڵدەکشێن و هەواڕەکانیان لەوێ دەخەن و بە درێژای گەرما لەو فێنکایە دەمێنەوە، بەڵام کەمترین وەبەرهێنان لەو جۆرە شوێنانە کراوە، کە دەکرێ لە هەموو وەرزەکان سوودی بۆ گەشتیار هەبێت و گەشتیار ڕووی تێبکات، وەک لوتکە چیای هەڵگۆرد و زنجیرە چیای سەکران لە چۆمان، چیای حەسەن بەگ و هەندرێن لە سۆران، زنجیرە چیای سەفین لە شەقلاوە، لوتکە و زنجیرە چیای گارە و مەتین لە ئامێدی، چیای پێرس و سەری ساوە لە ئاکرێ، پیرەمەگرون و چیاکانی هەورامان لە سلێمانی و چیاکانی پێنجوێن. لە لایەکی ترەوە ڕێگاوبان و هاتووچۆ بۆ ئەو شوێنانە لە کاتی بەفربارین و زستان کێشەی تێدەکەوێت یان نامێنیت و هاتووچۆ دەبڕیت، هەروەها لە لایەن کەرتی گشتی هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەک بۆ ئەم شوێنانە دابین نەکراوە بە تایبەت بۆ ئەو شوێن و لوتکە چیانەی کە هەندێک کات و ڕۆژانی پشوو لە زستان دەبنە سەیرانگای زستانە بۆ هاوولاتیان و گەشتیاران. ئەزموونی هەندێک لەو شوێنانە سەلماندویەتی کە وەبەرهێنان لەو لوتکە بەرزانە زۆر سەرکەوتو بووە، بە تایبەتی لە چیای کۆڕەک و لە چیای ئەزمەر.


سەیرانگەکانی زستان بێ خزمەتگوزارین

بەشێک لەو چیاو شوێنانەی لە کاتی بەفربارین هاوولاتیان ڕووی تێدەکەن، وەک لە ڕاپۆرتێکی پێشووتر ئاماژەم پێدا هاوولاتیان پێیان باشە وەک خۆیان بە سروشت بمینەوە و لە لایەن کۆمپانییەکان و سەرمایەداران نەکرێن بە پڕۆژە و دەستیان بەسەردانەگیرێت، بەڵکو پێیان باشە ڕێگا بۆ شوێنەکان خۆش بکرێت و حکومەت هەندێک خزمەتگوزاری بۆ شوێنەکان دابین بکات بۆ ئەوەی هاوولاتییان بتوانن بە ئازادی سەردانی شوێنەکان بکەن و لەبەاری کەشوهەوای چیاو شوێنە بەرزەکان بەردەوام مەڕدار و ڕەوەندەکان لە هاوین بۆ کوێستانەکان و ئەو شوێنانە بەرزانە هەڵدەکشێن و ڕێگای شێوازی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە، هەروەها ناساندنی شوێنەکەیە لە لایەن ڕێکخراوی یونسکۆ بۆ تۆمارکردنی وەک شوێنەوارێکی مێژووی لە لیستی کەلەپووری جیهانی

لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان فیستیڤالّی خلیسکانێی سەربەفر لەمانگی شوبات سازدەکرێ







دوای یەکەم فیستیڤالّی بەفر لە ساڵی 1957 لە بالّەکایەتی لەساڵی 2014 فیستیڤالّی خلیسکانێی سەربەفر بەشداری چەند تیمێکی نێودەوڵەتی لە چیای کۆڕەکی گەشتیاری لە لایەن دەستەی گەشتوگوزار سازکرا. تاکو ئێستاش 8 فیستیڤال لە ناوچەکانی چۆمان و سۆران و پێنجوێن سازکراون. ئەمە ساڵیش بە هەمان شێوەی ساڵانی پێشوتر لە لە ناوچەکانی پێنجوێن و چۆمان و چیای کۆڕەک و لە ئامێدیش بە شێوازی جیاواز و بە ئاستی جیاواز و بە چالاکی جۆراوجۆر بەڕێوەدەچن.

لە 5ی شوبات بۆ ماوەی یەک هەفتە بە دروشمی هەفتەی سپی فیستیڤالّی هەفتەی سپی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی و سەنتەری پەرەپێدانی گەنجانی پێنجوین بە سپۆنسەری دەزگای مرۆیی مام بە چەند چالاکییەک بەڕێوەدەچێت کە چالاکی سەرەکی بریتی دەبێت لە یاری سکی لەسەر بەفر.

پێنجەم فیستیڤالّی خلیسکانێی سەربەفر لە دەڤەری بالەکایەتی لە قەزای چۆمان ڕەنگە لە ناوەڕاستی مانگی شوبات بەڕێوەبچێت، هەرچەند واده و ڕۆژی سازدانی یەکلای نەبۆتەوە بەڵام ڕێوشوێنی سازدانی چالاکییەکان لە هەفتەی داهاتوو بەسەرپەرشتی قایمقامی چۆمان بە جێبەجێکردنی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری چۆمان و بەشداری سەرجەم یەکە ئیدارییەکان و تیم و لایەنە مەدەنییەکان دەست بە ئامادەکارییەکان دەکرێت.

کۆمەگای کۆڕەکی گەشتیاری لە ڕواندز ڕایگەیاند وەک هەموو ساڵانی ڕابردوو فیستیڤالی خلیسکانێی سەربەفر لە پلانی خۆمان داناوە بەڵام کات و شێوازی سازدان و بەشداری لایەنەکان یەکلای نەبۆتەوە، لە هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوە لە ئیدارەی کۆڕەکی گشتیاری لەسەر دەکرێ.

بەڕێوەبەری کاروباری هونەری گەشتیاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری دهۆکیش بە خەباتی ڕاگەیاند: ئەم ساڵ لە دەڤەری ئامێدی فیستیڤالّی سەربەفر ساز دەکەن، بەڕێ سێیەێ لە ئامێدی بۆ ئەنجامدانی فیستیڤالّەکە دەست نیشان کراوە، بەڵام بەهۆی کەمی بەفر لەو شوێنە ڕەنگە بگۆڕدرێ و شوێنی گونجاوتر دیار بکەین، ئەمە وایکردووە کە دوا بکەوین و هەندێک کێشە و ئاریشە دروست بێن.

جێگتی ئاماژەیە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان چەند تیمێکی خلیسکانێی لۆکالّی لە هەرێمی کوردستان دروست بوونە و هەندێک یاریزانی بە تواناییان لێهەڵکەوتوەو بە جوانی یاری دەکەن، بە تایبەت تیمی پێنجوێن و تیمی چۆمان و تیمی کۆڕەکی گەشتیاری. هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش کە بۆ سەرچیاو بۆ ناوفەر ڕۆژانە گەشت دەکەن، بە تامەزۆوە چاوەڕوانی ئەم جۆرە فیستیڤالّانە دەکەن.




هاوولاتیان و گەشتیاران خلیسکانێی بەکۆمەڵ دەکەن

باشترین خانمە شەترەنجزانی مەقدۆنیا و ئەورووپا لە دیمانەیەکی خەباتدا

مۆنیکا: لە ئۆلۆمپیادی رووسیا دەجەنگم بۆ ئەوەی وەک یەکەمین ئافرەتی مەقدۆنیا گراندماستەر بەدەستبهێنم



دیمانە: هاوار مورتکەیی

مۆنیکا ستۆیکۆڤیسکا Monika Stoj-kovska خانمە پاڵەوانی مەقدۆنیا و ئەورووپا و 5جا بەشداری مۆندیالەکانی شەترەنجی کردووە و یەکێکە لە شەترەنجزانە سەرکێبەکانی هەڵبژاردەی مەقدۆنیا، و کاپتنی یانەی شەترەنجی ئالکلۆیدە، ئەو خانمە شەترەنجزانە تەمەن 27ساڵە لە دیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات باس لە کاروانی وەرزشی و بەشداریی و دەسکەوتەکانی لەم بوارەدا دەکات.

لەتەمەنی 4 ساڵیدا یاریم دەکرد

مۆنیکا کە لە ساڵی 1993 لە شاری سکۆپی لە مەقدۆنیا لەدایک بووە دەڵێت: کاتێک تەمەنم 4ساڵان بوو دەستم بەیاری شەترەنج کرد، هیچ بیرۆکەیەکم لە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو یارییەوە نەبوو، بەڵام لەبیرمە کاتێک باوکم لێی پرسیم حەزت لە چ وەرزشێکە؟ منیش گوتم شەترەنج، پێم وایە لە تەمەنی 4 ساڵیدا بڕیارێکی دروستم لە ژیانمدا کاتێک شەترەنجم هەڵبژارد، من تاکە شەترەنجزانم لە خێزانەکەمان، لەوانەیە لەداهاتوودا منداڵەکانم شەترەنج بکەن (بەپێکەنینەوە)، یاری شەترەنج زۆر شتی پێبەخشیوم، زۆر جار بیردەکەمەوە دەبێ ژیانم بەبێ شەترەنج چۆن بێت، ساتەکانی خۆشی لە بردنەوە و هەروەها ساتە خەمناکەکان لەکاتی دۆڕاندا، بەڵام ساتە مەزنەکان هەرگیز قەرەبوو ناکرێنەوە.

پاڵەوانی ئەورووپا بووە

هەروەها مۆنیکا ستۆیکۆڤیسکا دەڵێت: لەرێگای شەترەنجەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ کەسانی مەزن لە جیهاندا پەیداکرد، پێم وایە کەسێکی هەژار دەبووم ئەگەر ئەو خەڵکەم نەناسیبوایە، ئێستا قوتابی بەکالیۆرسم لە ئابووری و وەک تێبینەری ژمێریاری کاردەکەم، سەرباری هەموو سەرقاڵییەکانی ژیانم، بەڵام ناتوانم هەرگیز دەستبەرداری شەترەنج بم، لەماوەی 10 ساڵی رابردوودا لە بەهێزترین یانەی مەقدۆنیا یاریم کردووە، لە 3 ساڵی رابردوودا پاڵەوانی ئەورووپا بوومە، هەموو ئەمانەش بۆ راهێنەرەکەم GM Dragoljub Jacimovic دەگەڕێتەوە کە زۆر شتی لێوە فێربووم، هەروەها وانەکانی ژیانیش فێرکردم.

شەترەنج نەبۆتە وەرزشێکی میللی

دواتر ئەو پاڵەوانەی جیهان لەبارەی شەترەنج لە وڵاتەکەی گوتی: راستییەکی تاڵ هەیە کە هێشتا شەترەنج لە مەقدۆنیا نەبۆتە وەرزشێکی میللی، دەزگاکانی راگەیاندن زۆر بایەخ بەم وەرزشە نادەن، هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەمە گۆڕانکاری بەسەر بێت، چونکە ئەوانەی رۆژانە دەیانبینم، حەزەکەن لەبارەی شەترەنجی مەقدۆنیاوە بزانن، هەروەها گوتی: کاتێک تەمەنم 6ساڵان بووم لە ئاستی تەمەنی خۆم پلەی یەکەمم لەسەر ئاستی مەقدۆنیا بەدەستهینا، ئەو چەنسەشم بەرکەوت کە لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەم بەشداری لە پاڵەوانێتییەکانی ئەورووپا و جیهان و ئۆلۆمپیاد بکەم، لەوانە 5جار لە ئۆلۆمپیاد و 3جار ئەورووپا و هیچ کات ئەوەم لەیاد ناچێت کە لە ئۆلۆمپیادی تورکیای 2012 نازناوی WFMبەدەستهێنا، دواتر لە ئۆلۆمپیادی 2016 نازناوی ماستەری ئافرەتی نێودەوڵەتیم بەدەستهێنا .WIM

خەونی گەورەی

لە کۆتاییدا مۆنیکای پاڵەوانی مەقدۆنیا گوتی: لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی باشترین یاریزانی شەترەنجی مەقدۆنیا بووم، ئەمساڵیش بەهیوام نوێنەرایەتی وڵاتەکەم بکەم لە ئۆلۆمپیادی رووسیا، دەجەنگم بۆ ئەوەی دەمەوێ ببهێنمەوە، ئەویش، وەک یەکەمین ئافرەتی مەقدۆنیا نازناوی گراند ماستەر بەدەستبهێنم.





لەرێگای شەترەنجەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ کەسانی مەزن لە جیهاندا پەیداکرد

ئەمڕۆ لەخولی یانە پلەیەکەکانی کوردستاندا چەمچەماڵ بۆ مانەوە لەپێشەنگ بەرامبەر سەیدسادق دەجەنگێ



ئا: سەرهەنگ ئەجمەدین

ئەمڕۆ چوارشەممە لەیارییەکانی گەڕی دەیەمی خولی تۆپی پێی یانەپلەیەکەکانی کوردستان کاتژمێر 2:30 خولەک چەندین یاری گرینگ ئەنجام دەدرێت، لەوانە لەیاریگای یانەی شەقلاوە،هەردوو یانەی شەقلاوە وکۆیە بەیەکدەگەن، یارییەکە بۆ هەردوولا گرینگییەکی خۆی هەیە بەتایبەتی بۆ یانەی کۆیە دوای ئەنجامدانی 8 یاری لەخولەکەدا لەئێستادا خاوەنی 15خاڵە و لەپلەی سێیەمی رێزبەندی خولەکە دەبیندرێت، بۆیە بردنەوە بۆ کۆیە زۆر گرینگ وپێویستە، کۆیە لەکاتی بەدەستهێنانی 3خاڵی یارییەکە ئەوا لەپلەکانی یەکەم و دووەم نزیک دەبێتەوە وڕکابەری لەسەر پلەکانی پێشەوە دەکات، لەبەرانبەردا یانەی شەقلاوە بۆ خۆ دەربازکردن لەپلەکانی دواوەی رێزبەندی خولەکە هەوڵی جددی دەدات بەهەر نرخێک بێت بەراوەی یارییەکە بێت، گەر یمان ئەگەر شەقلاوە لەیارییەکەی ئەمڕۆدا بباتەوە بێگومان شوێنی رێزبەندی خوی لەخولەکەدا لەپلەی هەشتەم دەگۆردرێت وچەند هەنگاوێک بەرەو پلەکانی پێشەوە دەهاوێژێت.

هەروەها لەیاری دووەم و لەیاریگای یانەی سەیدسادق، یانەی سەید سادق میوانداری لەیانەی چەمچەماڵی پێشەنگ دەکات، یارییەکە بۆ تیپی خاوەن یاریگا زەحمەت دەبێت، چونکە چەمچەماڵ لەئێستادا لەپێشەنگی یانەکاندایە و لەئاستێکی بەرزدا دەبیندرێت، بۆیە یارییەکە بۆ چەمچەماڵ ئاسان وبۆ سەید سادق زەحمەت دەبێت، سەرەڕای ئەمەیش یانەی میوان هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی پارێزگاری لەپێشەنگی یانەکان بکات و 3 خاڵی یارییەکە هەر چۆنێک بێت لەدەستی خۆی نەدات، گرینگ یارییەکە یارییەکی خۆش دەبێت و هەردوویانە چاویان لەبردنەوەیە، بەڵام ئەوەی باش یاری بکات و کۆنترۆڵی توپ بکات لەنێو یاریگا ئەو براوەی یارییەکە دەبێت.

ئەمڕۆ ئەم یاریانەش ئەنجام دەدرێت

خانەقین *خاک

ئاشتی *ئاکرێ

رزگاری *هەڵۆ

هەڵەبجەی شەهید *ئالتون کۆپری



135 هەزار کەس داوا دەکەن وێنەی براینت بخرێتە سەر دروشمی NBA

خۆشەویستانی تۆپی باسکە و هەندێ لە یاریزانانی خولی پیشەگەری تۆپی باسکەی ئەمریکی NBA داوا دەکەن دروشمی خولی ئەمریکی بگۆڕن و وەک ریزلێنانێک وینەی کۆبی براینت بخەنە سەر دروشمەکە. زیاتر لە 135 هەزار کەس ئیمزایان کۆکردۆتەوە و داوایان لە بەرپرسانی باسکەی ئەمەریکی کردووە کە هەڵوێستیان لەبەرامبەر لەدەستدانی ئەو ئەفسانەیەی تۆپی باسکەی ئەمریکی هەبێت و کەمترین وەفاش بۆ ئەو یاریزانە، ئەوەیە وینەی براینت بخرێتە سەر دروشمی خولی پیشەگەری ئەمرێکی، ئەوانە پێشنیاریکی تریشیان کردووە و کە کۆبی براینت ببێتە دروشمی تازەی باسکەی ئەمریکی.

راستییەکی تاڵ هەیە کە هێشتا شەترەنج لە مەقدۆنیا نەبۆتە وەرزشێکی میللی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed.5. Feb. 2020 No: (5926)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

گۆران نووری: هونەری کوردی لە ئێستادا لە ڕێچکەیەکی زۆر هەڵەدایە

لەساڵی 2020دا زۆرترین و باشترینی بەرهەمەکانی خۆم بڵاودەکەمەوە



دەربارەی ئەوەی کێ زیاتر پشتگیری دەکات لە ئەنجامدانی کاری هونەری ؟ گۆران نووری دووپاتیکردەوە، کە هاوڕێ نزیکەکانم زیاتر پشتگیریم دەکەن،جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کەوا تا ئێستا خاوەنی یەک ئەلبوومی گۆرانییم کە لە ساڵی 2012 بڵاومکردۆتەوە و لە دوای ئەویش چەندەها گۆرانی بە شێوەی سینگڵ تراک بڵاومکردۆتەوە،هەروەها ئەلبومێکی نوێم بەدەستەوەیە لە داهاتوودا بڵاودەبێتەوە،ناوبراوئاشکراشیی کرد کەوا پێنج بەرهەمی نوێی بەدەستەوەیە، کە کاری کلیپی سێیان تەواو بووە و هەریەکێکیان لە بەرواری جیاواز بڵاو دەکرێنەوە هەروەها دوێتێکیشم لە بەرنامەدایە کە بەم زووانە دەیکەمە سوپرایز بۆ گۆێگرانم، ئاماژەی بەوەشدا و گووتی کەوا هونەری کوردی لە ئێستادا لە ڕێچکەیەکی زۆر هەڵەدایە و هەر لەو ئاستەش دەمێنێتەوە، کە ئێستا تێدایتی.

خەبات: سولێن سلێمان

گۆران نووری هونەرمەندی دەنگخۆش زیاتر لە 20ساڵە لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە و لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات باسێکی کورتی دەربارەی ژیانی هونەری خۆی پێشکەشکردین و سەبارەت بە سەرەتای دەسپێکی ژیانی هونەری خۆیشی دەڵێت: ژیانی هونەریم لە ساڵانی 2000 بۆ 2001دەوە دەستی پێکرد، تاوەکو ئێستاش بەردەوامم، تێکەڵییەکی زۆر باشمان هەبوو لە گەڵ هونەرمەندی مەزن زیاد ئەسعەد، بەردەوام گوێم بۆ گۆرانییەکانی دەگرت، چونکە پێشتریش کە منداڵ بووم ئارەزوویەکی زۆرم بۆ گۆرانی گوتن هەبووە، کاتێک لە سەرەتایی ساڵی 2002هونەرمەند نەریمان بابان تێکستی گۆرانییەکی بۆ نووسیم و منیش کردم بە گۆرانی و یەکەم ڤیدیۆ کلیپ، کە بڵاوم کردەوە لە ساڵی 2003 بۆ 2004بوو بەناوی "بۆ کوێ ئەڕۆیی" کە تێکستەکەی لەلایەن هونەرمەند نەریمان بابان هەبوو بۆی دانرابوو، بەڵام ئەو کاتەی کە کلیپەکەم بڵاوکردەوە بەدڵم نەبوو، هەر بۆیەش لە ساڵی 2011 دووبارە کلیپم کردەووە، لە نێوان ساڵی 2003 تا 2011چەند کلیپێکی تریشم بڵاوکردەوە، تا ئێستاش خاوەنی زیاتر لە 12گۆرانیم و خاوەنی 12کلیپیشم و بەم نزیکانەش دەبێتە 16ڤیدۆکلیپ، هونەرمەندی ناوبراو گوتیشی ساڵی 2020 ئەو ساڵە دەبێت کەوا زۆرترین و باشترین بەرهەمی منی تێدا بڵاودەبێتەوە،

سەبارەت بەوەی کە هونەری وەک حەز هەڵبژاردووە یان پیشە؟ گۆران نووری لە وڵامدا دەڵێت:

– هونەرم نە وەک حەز هەڵبژاردووە و نە وەک پیشە، بەڵکو هونەر بەشێکە لە ژیانی من و لەگەڵی گەورە بووم، هونەر حەزێکی تایبەتی خۆمە، وەک پیشە بەکاری ناهێنم.

خانەقین.. پێشانگایەکی فۆتۆگرافی کرایەوە



خەبات سەربەست برزۆ

گرووپی شێوەکارانی خانەقین گرووپێکی مەدەنی ڕێگە پێدارووە، دوو ساڵە لە پێناو هونەری شێوەکاریدا کاردەکات و چەند پێشانگایەکی شێوەکارییان کردۆتەوە لە ڕابردوودا. لە هۆڵی سەنتەری لاوانی خانەقین بەهەمانگی لەگەڵ ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی و بە ئامادەبوونی هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی خانەقین پێشانگایەکی شێوەکاری هاوبەشیان بۆ هەردوو هونەرمەند عادل ئەزغەر و سوهام عەلی کردەوە، لە پێشانگاکەدا 40 تابلۆ نمایشکرابون کە بە زەیت و فەحم کێشراون.



هەورامانی تەخت.. نمایشی کاری دەستی سێ ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



تۆندوتیژی دژی ئافرەتان، کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە، لە پانێلێکی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستاندا

یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان–ناوەندی باڵای هەولێر، ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی دووی هەولێر، بەهاوکاری پەیمانگای گەشە، پانێلی (تۆندوتیژی دژی ئافرەتان، کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە) ساز دەکات.

ئەم پانێلە ئەمڕۆ چوارشەمە 5ی شوباتی 2020 کاتژمێر 10.30ی بەیانی لە ناوەندی باڵای هەولێر لە شەقامی 100مەتری بەرامبەر بەنزینخانەی هۆگر ئەنجام دەدرێت، پانێلەکە بە بەشداری بەڕێزان، ئەڤین فەتاح حاجی مام دکتۆرا لە تەندروستی ئافرەتان، هودا زەنگەنە تۆێژەری کۆمەڵایەتی، مامۆستا عومەر چنگنیانی مامۆستای ئایینی بەڕێوەدەچێت. هاتن بۆ هەمووانە.

گورینەد یان گولیند... سوودەکانی لە زانستی دەرمانسازی کۆنی کوردەواریدا یەکجار زۆرە



خەبات–مسلم دڵڵەمەری:

زۆرن ئەو بەرهەمە خۆماڵی وخۆڕسکانەی کەلە شاخەکانی کوردستان بەرچاومان دەکەون کەزۆربەیان چ وەکو خواردن یان شێوازەکانی تر لە زانستی دەرمانسازی کۆنی کوردەواری خۆماندا سوودی تەندروستی زۆریان هەبووە چ بۆ مرۆڤەکان یان گیاندارو شتی تر ئمونەش (گورینەد یان گولیند) ئەم شێوازە بەرهەمە خۆماڵی و خۆرسکەی کە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەستدەکەوێت بەتایبەتی ناوچە شاخاویەکان. بەرهەمێکە کە لەدارمازینەوە دروست دەبێت، ئەم بەرهەمە لە کۆنەوە بۆ چەند سوودێکی گرنگ بەکارهاتووە چ وەک دەرمان یان بابەتی تر.

ئەم بەرهەمە لە دەڤەری بارزان بۆ سێ مەبەستی سەرەکی گرنگ بەکارهاتووە لەکۆندا کەئەویش بریتین لە:

1- بەکارهێنانی بۆچارەسەری سووتان:

لەکۆندا کاتێک کە کەسێک تووشی سووتان دەبوو ئەم (گورینەد یان گولیند) دەهێنرا دوای ئەوەی کە بەباشی دەشووراو وشک دەکرایەوە ئینجا بەباشی دەکوترا لەرێگەی جۆنیەوە تا دەبوە هاراوەیەکی پاک و ورد وەکو نارد دواتر لەگەڵ کەمێک دۆشاوی ترێی خۆماڵی تێکەڵ دەکراو دواتر تێکەڵەکە وەکو دەرمانی خۆماڵی بۆ چارەسەری سووتان بەکاردەهێنرا.

2- بەکارهێنانی وەکودەرمان بۆچارەسەری نەخۆشی ئاژەڵان:

ئەویش بەهەمان شێوە دوای شووشتن و کردنی بەهاراوەیەکی وردی بەڵام بەتەنهاو بەبێ دۆشاو بۆ چارەسەری بریندارەبونی (چمی) ئاژەڵان و بریندی ئاژەڵان دەهاتە بەکارهێنان کە دەرمانێکی زۆرخێرابوە بۆچارەسەری بریندارەبونی (چمی) ئاژەڵان.

3- بەکارهێنان و دروستکردنی مەشک وەڤ وکەڵەک وگەڵێ شتی دیکەی لەو جۆرانە: وەکو باسمانکرد دوای هارینی وکردنی بە پۆتڕێکی وەردو وشک ئەم پۆدرە داتە بەکارهێنان بۆوشککردنەوەو ئەستورکردن وقایم کردنی پێستی مەریان بزن بۆبەکارهێنانی مەشکە بۆبەدەست هێنانی بەرهەمەکانی شیر وەهەروەها بەهەمان شێوە پێستی گیانداری پێ ئامادەدەکرا بۆ دروستکردنی دەف وکەلوپەلی تری بەرهەمی پێستی گیانداراەکان بەتایبەتی دروستکردن وئامادەکردنی پێستی گیانداربەشێوەیەکی زانستی باش بەبەکارهێنانی ئەم پۆدرە کە پێستەکە وەکو چوپی ئێستای سەیارە هەوای تێدەکراو بەکاردەهێنرابۆدروستکردنی کەلەک بۆ راوەماسی و پەرینەوە لە رووبارەکان لەجیاتی پردەکانی ئێستا. ئەمانەوچەندین سودی تری (گورینەد یان گولیند) لەژیانی کۆنی کوردەواری دا.

سڵی داهاتوو ئەپڵ دیزاینی ئایفۆن بەمشێوەیە لێدەکاتەوە



بە پێی قسەی شارەزایان لە ساڵی داهاتوو کۆمپانیای ئەپڵ دیزاینی ئایفۆن ٤ بەکاردەهێنێتەوە و پشتگیری تایبەتمەندی 5G دەکات . ئاپڵ بەمبەستی بەکارهێنانی 5Gلە مۆبایلەکانی داهاتوی و سەرکەوتوویی لەوبواره دیزاینی مۆبایلەکانی دەگۆڕێت و بەمەش کار ئاسانی لە تەکنەلۆجیاکە دەکات . لەگەڵ ئەوەی مۆبایلەکە شێوەیەکی تەواو جیاوازی دەبێت نرخەکەشی بە ڕێژەی ٪ ٥٠ زیاد دەکات و بەمەش زۆرگرانتر دەبن .

دیزاینە نوێیەکانی ئایفۆن تەنها لەو جۆرانە بەکاردێت تایبەت مەندی 5Gتێدا بەکاردەهێنرێت و چاوەڕوان دەکرێت لەژێر ناوی Iphone SE2 دروستبکرێت و ٨٠ ملیۆن دانەی لێدەخرێتە بازارەکانەوە.